**بەکر صدیق**

# تیرۆرو
# سەقامگیری سیاسیو
## چەندلێکۆلینەوەیەکی تر

٢٠٠٧

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)
سلێمانی ـ گەرەکی ئاشتی ـ ١٠٤
شەقامی ئاشتی ـ٣٢ ـ ١٠٣٢
ژ.خانوو ـ ٦٢

www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com

* **ناوی کتێب:** تیرۆرو سەقامگیری سیاسی
* **ناوی نوسەر:** بەکرصدیق
* **نەخشەسازیو بەرگ:** فەهمی جەلال
* **تایپ:** لیزان سامی، نیاز جەلال
* **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
* **ژمارەی سپاردن:** ( ٢٨) ساڵی ٢٠٠٧

لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك) ساڵی ٢٠٠٧

# پێرست


ئەم کتێبە ........................................ ٥

کاریگەری شەڕی تیرۆریزمبەسەر پەیوەندی نێودەوڵەتانەوە ............. ٧

چەمکی سەقامگیریی سیاسی ........................................ ٣١

چەمکی سەروەریی دەوڵەتان ........................................ ٦٩

هۆیەکانی دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی؟ ............................ ٨١

کاریگەریی فاکتەری نێودەوڵەتی بەسەر خەباتی گەلان ................. ١٠١

کاریگەرییە سیاسیەکانی هەڵبژاردنەکانی کوردستان ................... ١٢٥

## ئەم کتێبە:

پێك دێت لەکۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی فیکریو سیاسی جۆراوجۆر، لەوانە شەڕی تیرۆریزم، چەمکی سەقامگیری سیاسی، وچەمکی سەروەری دەوڵەتانو، هۆیەکانی دروست نەبونی دەوڵەتی کوردیو چەند بابەتێکی تر، کە پەیوەستن بە هەلومەرجی سیاسیو مێژوویی کوردستانەوە. کۆی بابەتەکانیش لەهەریەك لەگۆڤاری بیروهوشیاری (نۆڤینی ئێستا)و گۆڤاری رێبازی نوێ، بڵاوکراونەتەوە مەبەستم بوو بابەتەکان، لەکۆبەندێکدا بخەمە بەردەستی خوێنەر بەو هیوایەی کەمێك خزمەتم کردبێ.

بەکر سدیق

# کاریگەری شەڕی تیرۆریزم
# بەسەر پەیوەندی نێودەوڵەتانەوە

## پەیوەندی نێودەوڵەتان بۆچی

زۆربەی شارەزایانی بواری سیاسەتی نێودەوڵەتان لەسەر ئەوە کۆکن کە پەیماننامەی ویستڤالیا[1] سەرەتای دروست بوونی پەیوەندی نێودەوڵەتانە، کە کۆتایی بەشەڕی ئایینی ئەوروپا هێناو بووە سەرەتایەك بۆ دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوە.

دروست بوونی دەوڵەت وەك د. عەلی وەردی دەڵێ: (کۆتایی بەکوشتو بڕی خێڵەکی هێنا)[2]، خودی دەوڵەتیش بوو بەیەکەو بناغەی یاسایی، پەیوەندی نێودەوڵەتان. بەم پێیە دەوڵەتان پێکەوە لەچوارچێوەی ئاراستەکردنی پەیوەندی نێوانیاندا، بەبوارە جیاوازەکانەوە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێکدێنن، کە وابێ هەرکێشەیەك یان هەر هەڕەشەیەك کە رووبەڕوی پێکهاتەی دەوڵەت ببێتەوە،



کاریگەری بەسەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی جێدێڵێ. لەبەر ئەوەی ئامرازی پێکەوە بەستنەوەی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی، چینو توێژەکانی کۆمەڵگایە بەتەنیشت ئەوەشەوە، ئامرازێکە بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجە ئابوری، سیاسی، فەرهەنگیو ئەمنیەکانی دانیشتوان. بۆیە دەوڵەت بەردەوام دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەی جۆراوجۆرەوە، کەکاریگەرترینیان هەڕەشەی، ناکۆکبونی فەرمانڕەوایانوخەڵکەوە دەکەن. وەك باسکرا هەر شڵەژانێك لەهەناوی دەوڵەتاندا کاریگەری دەباتە ناو کۆمەڵگای نێودەوڵەتانەوە. لەوەوە تێدەگەین کە هەڕەشەکانی بەردەم پەیوەندی نێودەوڵەتان بە ئەندازەی هەڕەشەی سەردەوڵەتان بونیان هەیە.

سەقامگیری پەیوەندی نێودەوڵەتانو پەرەپێدانی، لەسەر بڕنەوەی شەڕو رسکانی ئاشتیو ئاسایش دەوەستێ. دکتۆر ئیسماعیل سەبری پێی وایە کە: (رێکخستنی پەیوەندی نێودەوڵەتان سێ ئامانجی سەرەکی هەیە، کە ئەمانەن: ئاشتی، خۆشگوزەرانی، سیستێم)[3]. ئەو سێ ئامانجە بەگشتی ئامانجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتین. کە وابێ هەر هەڕەشەیەك بۆ سەر ئەو ئامانجانە پەیوەندی نێودەوڵەتان دەشێوێنێ. هەر بۆیە بۆ ئەوەی ئەو ئامانجانە لەپەیوەندی نێودەوڵەتاندا دەستەبەر بکرێن، دەبێ ئامرازەکانی بەرجەستەکردنو دەستەربونیان بزانرێو لەوەشەوە ئەو هۆکارانە تێبگەین کە کار دەکەنە سەر پەیوەندی نێودەوڵەتان.

بێگومان ئامرازی بەدەست هێنانی ئەو ئامانجانە لەوەوە دەست پێدەکات کە سەقامیگری هەناوی کۆمەڵگای دەوڵەتان راگیر ببێ، چونکە تەنها بەسەقامگیری سیاسی دەوتوانرێ ئاشتی بپارێزرێ. ئەمەش هاندەرێکە بۆ پارێزگاریکردنو خەملاندنی سیستەمی نێودەوڵەتان. دیارە، کۆڵەکەی خەملاندنی ئەو سیستەمە لەو دەسەڵاتەوە سەرچاوە دەگرێ، کە دەوڵەتان لەناوخۆیاندا پەیڕەوی دەکەن.

چونکە ئاراستەکردنی سیاسەتی دەوڵەت بەندە بەفەلسەفەی حوکمڕانەوە. هەر بۆیە هەڕەشە بۆ سەر هەریەك لەو ئامانجانە هەر بەتەنها هەڕەشەیەك نییە لەدەوڵەت. بەڵکو لەسەرجەم سیستەمی نێودەوڵەتانە، ئالەم کاتەدا هەلومەرجی نێودەوڵەتی توشی نائارامی دەبێ‌و ئاسایشی نێودەوڵەتان دەکەوێتە مەترسییەوە.

### ئەو هۆکارانەی کار لە پەیوەندی نێودەوڵەتان دەکەن.

بێگومان چەند هۆکارێکی سەرەکی، کاریگەری ژیانییان بەسەر پەیوەندی نێودەوڵەتانەوە هەیە کە دەکرێ بەکورتی لێیان بدوێین:

**یەکەم/ هۆکاری ئایدۆلۆجی:**[٤]

لەراستیدا میکانیزمی پەیوەندی نێودەوڵەتان لەسەر سیاسەتی دەوڵەتانی ئەندام لەرێکخراوی نێودەوڵەتیدا دەوەستێ. کە لەپەیوەندی نێوانیاندا پیادەی دەکەن. ئەویش سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتانە. سیاسەتی دەرەکی هەر دەوڵەتێکیش، رەنگدانەوەی فەلسەفەی دەسەلاتی فەرمانڕەوای ئەو ولاتەیە. بیروباوەڕو ئایدۆلۆجیای حوکمڕان هەرچییەك بێ، کاردەکاتە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئەو ولاتەو هەندێ جاریش ئاراستەی دەکات. بە نمونە بیروباوەڕی کۆمۆنیستی کە لەسەردەمی جەنگی سارددا برەوی هەبوو، بەشێوەیەکی تۆتالیتاری مامەڵەی نێودەوڵەتی ئەنجامدەدا، بەو مانایەی پەیوەندییە ئابورییەکان‌و بازاڕەکانی ئەو دەوڵەتانە، لەگەڵ هاوکوفەکانی خۆیان بوو، لەرووی ئایدۆلۆژییەوەو لەگەڵ زۆربەی دەوڵەتانی تری ناکۆمەنیستی لەحاڵەی دڕدۆنگیدا بوون.

بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتی دەرەکی، بەتایبەت لەسەردەمی شەڕی سارددا، بە دوای هاوکوفی ئایدۆلۆجی خۆیدا دەگەڕاو ولاتانی سەرمایەداریش



پەیوەندیەکانیان زیاتر لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا بوو کە جۆری سیستەمی فەرمانڕەوای دەوڵەتەکە لیبرال دیموکرات یان ئەنتی کۆمەنیست بووبێ.

**دووەم/ چەکی ناوکی:**[٥]

چەکی ناوکی یەکێکە لەو هۆکارانەی کە بەردەوام پەیوەندی نێودەوڵەتانی لەرۆخی دۆخی ناجێگیردا دەهێشتەوە، چونکە بوونی چەکی ناوکی لەحاڵەتی نەبوونی پەیوەندی نێوان ولاتانی خاوەن ئەو چەکە، هەلومەرجی نێودەوڵەتی بەرەو گرژی دەبرد. لەشەڕی سارددا، هەریەك لەشورەوی‌و ئەمەریکا بەردەوام لەهەوڵی پەرەپێدان‌و پاراستنی چەکی قڕکەرو ناوکیدا بوون. بەومانایەی گرژی نێوان ئەو دوو ولاتەی گەیاند بووە تان‌و پۆی قولبونەوەی ناکۆکیەکان. بەمەش هەریەك لەقەڵەمڕەوی ئەو دوو زلهێزە خۆنەوسیتانە کەوتبوونە حاڵەتی راسان‌و گرژییەوە، بەجۆرێك کەسیاسەتی هەریەك لەئەمەریکاو شورەوی لەهەڵدابوون کە ئاقاری پەیوەندی نێودەوڵەتان بە ئاقاری بەرژەوەندی کامپەکەی خۆیاندا لاربکەنەوە.

لەئێستادا، هیندو پاکستان، کە خاوەنی تەکنەلۆجیاو چەکی ناوەکین، هەڕەشەی ناسەقامگیری ناوچەی باشوری ئاسیاو نیمچە کیشوەری هیندین. کاتێکیش کە ناوچەیەکی هەستیاری لەو چەشنە توشی بەململانێییەکی ئاوها ببێ، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە ئاقاری سلبیدا دەبا.

**سێیەم/ ناوچە گەرماکان:**

لەراستیدا چەند ناوچەیەکی هەستیار لەدنیادا هەن، کە هەریەکەیان زۆر یا کەم کاریگەرییان بەسەر هاوکێشەکانی پەیوەندی نێودەوڵەتانەوە هەیە، ناوچە گەرمەکانیش جگە لەوەی دەبنە فاکتەری ناسەقامگیری، بۆ ولاتە زلهێزەکانیش هەڕەشەی گەورە دروست دەکەن لەسەر بەرژەوەندییە ئابورییەکانیان. ناوچە گەرمەکانیش بەگوێرەی کاریگەرێتیان بەسەر پەیوەندی نێودەوڵەتانەوە فرە

جۆرن، بۆ نمونە مەسەلەی کۆسۆڤۆو یوگسلاڤیا کە ماوەیەك لەمەوبەر ئەوروپاو ئەمەریکای سەرقاڵ کردبوو، هەروەها مەسەلەی کێشەی کشمیری نێوان هندو پاکستانو هتد، بەلام کێشەی عەرەب ئیسرائیل لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەیەکێك لەناوچە گەرمەکان ئەژمار دەکرێت کە کاریگەرییەکی تەواوی هەیە بەسەر پەیوەندی نێودەوڵەتانەوە.

ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست سەرچاوەیەکی گرنگی نەوتەو ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بە تەواوی پشت بەو سەرچاوەیە دەبەستێ، ئەمە جگە لەوەی کە ئاسیاو ئەمەریکا پێکەوە دەبەستێتەوەو لەروی بازاڕیشەوە بایەخێکی گرنگی بۆکالای هەمە چەشنەی ولاتانی پیشەسازی بەگشتیو ئەمەریکا بە تایبەتی هەیە. لەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد، ئەو ناوچەیە بە حوکمی پێکهاتە ئاینییەکەی زایگای تەشەنەکردنی ئیسلامی سیاسی توندڕەو بووە، لەبەر هەموو ئەو مەسەلانەی سەرەوە رۆژهەلاتی ناوەڕاستو کێشە زیندوەکەی عەرەبو ئیسرائیل، کاریگەرییەکی زیندویان هەیە بەسەر ئاشتیو ئاسایشی جیهانییەوە، بەمانایەك کە پشت گوێ خستنی ئەم ناوچەیە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر ئاسیش نەتەوەیی ئەمریکا دروست دەکات.

### چوارەم/ تیرۆر:

باسکردنی مەسەلەی تیرۆر لەم باسەدا ئەوە ناگەیەنێ کە کاریگەرییەکەی بەپلەی کەمتر دێ لەهۆکارەکانی پێشەوە، بەپێچەوانەوە تیرۆر لەئێستادا کاریگەرترین دیاردەیە کە لەهەموو روویەکەوە دوراییی پەیوەندی نێودەوڵەتان دەخاتە بەردەم هەڕەشەی ترسناکەوە، چونکە (تیرۆر هەر بەتەنها هەڕەشە نییە بۆ سەر بەرژەوەندییە ئابوریو سیاسییەکان بەلکو هەڕەشەیەکی کوشندەیە لەبەرژەوەندی ژیانی کە ئەویش مەسەلەی ژیانی هاوولاتیانو ئاسایشی



کۆمەلایەتییە، چونکە لەئێستادا گرنگترین فاکتەری سەقامگیریو ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی ئەوەیە کە کۆمەڵگای دەوڵەتان لەناو خۆیاندا ئارامو سەقامگیر بنو کۆمەڵگای دەولی پێکهاتەیەك بێ لەپەیوەندی کۆمەڵگا سەقامگیرەکان.) چونکە هەر شلەژانو نائارامییەك توشی کۆمەڵگای دەوڵەتێك بێ کار لەبەهاوبەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانی تر دەکات} لەڕووداوەکانی ١١/٩/٢٠٠١ (تەقینەوەکانی ئەمەریکا)دا راستییەك بەدەرکەوت کە تیرۆر گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سەر ئاشتی جیهانیو بەرگرتن لەتیرۆر یان بەواتایەکی دیکە رووبەڕوبەنەوەی تیرۆر ئێستا بوەتە لێپرسراوێتییەکی ژیانی سەرجەم دەوڵەتانو هەماهەنگی هەموانی دەوێ تا جیهان لەهەڕەشەی شلەژانو ئاشوبی گەورە دەرباز بکات.

### تێڕوانینی ئەمەریکا بۆ تیرۆر پێش ٩/١١

لەڕاستیدا داڕێژەرانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا پێش ٩/١١ گرنگییەکی ئەوتۆیان بەمەترسی تیرۆری جیهانی نەداوە، "کیم. رهۆلمز" لەنوسینەکانیدا کە لەسەرەتای سالانی نەوەد نوسیویەتی، پێی وایە کەتیرۆر هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندی ژیانی پلە چواری ئەمەریکاییەکان پێکدێنێ، کە خۆشگوزەرانیو گیانی هاولاتیانی ئەمەریکایە[٦]، ئالێرەدا هەلەیەکی کوشندە روو لەستراتیجی ئەمنی قەومی ئەمەریکا دەکات، ئەویش ئەوەیە تێکدانی خۆشگوزەرانیو هەرەشە لەگیانی هاوولاتیان بەپلەچوار بناسرێت. لەکاتێکدا روداوەکانی سێپتێمبەری ٢٠٠١ بە تەواوی ئەم روانینە پوچەڵ دەکاتەوە، چونکە تەقینەوەکانو زیانە گیانیو ماددییەکانی، بە تەواوی هەڕەشەیەکی راستەوخۆیان لەئەمنی قەومی ئەمەریکا کرد.

لەم سەردەمەدا گرفتی بەرقەرابونی سیستێمو ئاسایشی نەتەوەیی هەر دەوڵەتێك بەندە بە ئاسودەیی‌و سەلامەتی هاوولاتیانیەوە، هەر تێکچونێك لەهەلومەرجی ژیانو ئاسایشی هاوولاتیان گورزی ئابوری‌و تەنگژەی گەورەی لێدەکەوێتەوە.

کیم. ڕ. هۆڵمز پاراستنی هەرێمو سنورو ئاسمانی ئەمەریکا بە بەرژەوەندی ژیانی پلەیەك دەزانێ‌و یەکەم هەڕەشەش لەوانە موشەکە دور بوردە سەر بە کلاوە ئەتۆمییەکانو دەڵێ: (تەنیا چەکی ئەتۆمی دەتوانێ ئەمریکا بەتەواوی قڕو قەلاچۆ بکات لەراستیدا ئەم چەکانە مەترسی راستەقینەی دەیانی داهاتوو بۆ سەر وجودی ئەمەریکا پێك دێنن)[٧] ئەگەر لەگەرمەی شەڕی ساردا هەڕەشەی گەورە چەکی ئەتۆمی بوو بێ، ئەوا ئەو هەڕشەیە بە تەنیا نەماوەتەوە، بەڵکو هی ترسناکتریش سەری هەڵداوە، کە مەسەلەی تیرۆرە، ئەو دەوڵەتەی کە خاوەنی چەکی ئەتۆمییەو لەتەنیشتی ئەم توانا هەڕەشە ئامێزەوە، بەرژەوەندی گەورە شك دەباتو هەمان هەڕەشەش لەسەر خۆی لەولاتی بەرامبەر دەبینێ کە خاوەنی هەمان چەکبێ، بەلام لەتیرۆردا بە تایبەت توندڕەوە ئیسلامییەکان لەتەنیشت خۆیانەوە هیچ شتێ جگە لەجەستەی خۆیان چی تر لەدەست نادەن ئەگەر بەراورد بکرێن بەدەوڵەت.

پاراستنی سنورەکان، دورخستنەوەی ئەو هەرەشانەیە کە سەروەری‌و سامانی ئەمەریکا دەبەزێنن، چونکە هەموو شتێ لەسنورەکانەوە دەست پێدەکات، بە تایبەت دوژمنە دەرەکییەکانی نەتەوە، بەلام ئەمە مانای دیکە دەدات بەدەستەوە ئەویش ئەوەیە کە مەرج نییە سنورەکان پێش هەلومەرجی ناوخۆ بشێوێن، ئەوانەی کە تەقینەوەکانیان ئەنجامدا لەسنورەکانەوە هاتبوون بەلام بەشێوەیەکی یاسایی‌و مەدەنییانە، لەناوجەرگەی کۆمەڵگای ئەمەریکیدا سەقامگیری‌و



ئاسایشی ئەو ولاتەیان خستە بەردەم گەورەترین هەڕەشەوە. ئالێرەوە پرسیارێك پەیدا دەبی کە ئایا ئەگەر هەڕەشەیەکی لەو چەشنە بۆ سەر سنورێکی ئەمەریکا کرابا بەو ئەندازەیە کاریگەریی هەمەلایەنەی لەسەر بوارە جیاجیاکانی ستراتیجو ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا بەجێ دەهێلا؟ بێگومان دەتوانین بلێین نەخێر چونکە سنورەکان بەهێزی هەمەلایەنەی مرۆیی‌و ئابوری‌و سەربازی‌و هتد، ناوەوە دەپارێزرێت. بەلام ناوەوە بەسنورەکان بونیات نانرێتەوە.

ئەمەریکییەکان لەپێشدا وەك هۆڵمز دەڵێ: سۆڤێتیان بە هەڕەشەی تیرۆر لەقەلەم دەداو لەدەیەکانی کۆتایی سەدەی بیستدا هەڕەشەی تیرۆری ئیسلامی کاریگەریی بەدەرکەوت، بەلام ئەمەریکا تا رووداوەکانی سبتێمبەر، رانەپەرموو، سەرچاوەکانو ئامانجەکانی تیرۆری ئیسلامی دەست نیشان بکات، بەڵکو چارەسەری ئیقلیمی لەسێبەری ستراتیجی هەژمونگەری خۆیدا بە دروست دەزانێ بۆ کاڵ کردنەوەی تیرۆری ئیسلامی. ئەمەش لەهەر هەڵوێستو کردەیەکی سیاسی‌و دبلوماسی ئەمەریکادا رەنگی دابۆوە.

بەنمونە، لەبەین چونی رێکخراوە توندڕەو، ئیسلامییەکانی فەلەستین‌و لوبنانی، بە چارەنووسی پرۆسەی ئاشتی عەرەب ـ ئیسرائیل دەبەستەوە. لەکاتێکدا خودی پرۆسەکە کەشێکی باشتری بۆ ئەو توندڕەوانە خولقاند بەرادەیەك کە خەریکە جێگە بەدەسەلاتی عەلمانی عەرەفات لەق بکەن.

ئەمریکا، کێشەی چاچانی بەگرفتێکی روسی دەزانی، مەسەلەی (کشمیریش)ی بۆ تایبەتمەندییەکانی هندو پاکستان جێهێشتبوو. سەرهەڵدانی تالیبان لەهەلومەرجێکی نەشازی دوای جەنگی سارد، بۆ ئەمەریکا بەپشتیوانی هاوپەیمانە تەقلیدییەکەی کە پاکستانە، نەبووە هۆی بە ئاگاهاتنی ئەمەریکا.

## ئەو هۆکارانەی لە پشتی پێهەڵچونی تیرۆریزمن:

چەند هۆکارێك هەن کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا رێگە خۆشکەر بوون تاکو تیرۆریزم پێهەڵچێ کە گرنگترنیان ئەمانەن:

١ـ هۆکاری سیاسی.

٢، هۆکاری یاسایی.

٣ـ هۆکاری کۆمەڵایەتی.

## یەکەم/ هۆکاری سیاسی:

بەسیاسیکردنی ئایینی ئیسلامو دەرخستنی لەبەرگی تیرۆریزمدا، بە تەنهابۆ ئەو هۆکارە سیاسیانە ناگەڕێتەوە، کە لەسەدەی بیستدا پەیدا بوون بەڵکو بیرۆکەی بەسیاسیکردنی ئیسلام لەو خوێندنەوە مێژووییەوە سەرچاوە دەگرێ کە پیاوانی ئایینی بۆ ئیمپراتۆریاکانی ئەمەویو عەباسیو عوسمانیەکان هەیانە، بەڵام لەئێستادا تێگەیشتن لەهۆکاری سیاسی توندڕەوە ئیسلامیە تیرۆریستەکان، لەوکاتەوە دەست پێدەکات، کە دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزرا، دروست بوونی دەوڵەتی ئیسرائیل لەیەکەم ساتیدا ململانێی مێژوویی نێوان ئیسلامو ئاینی جولەکەی هێنایەوە گۆڕێو ناکۆکی ئایینی نێوانیان، پێهەڵچوو ئەم فەزایە رێی خوشکرد، کە رێبازی ئیسلامی سیاسی بکرێتە پەناو پێناوی عەرەبەکان بۆ رووبەرووبونەوەی سیاسەتە ئاینیو نەژادییەکانی جولەکە. پێهەڵچونی شەڕی سارد کەشێکی باشتری بۆ ئیسلامییەکان خولقاند کە وەك رێبازی سیاسی بێنە مەیدانەکەوە، بەڵام ئەمجارە لەناوچەیەکی ترەوە کە ئەویش ئەفغانستان بوو، هۆی سیاسی ئەم دەرکەوتەیەش تەشەنەکردنو هوروژمی بیروباوەڕی کۆمۆنیستی بوو. کە ئەوسا پیاوانی ئایینی لەئیسلامدا بە هەڕەشەی پلە یەکیان بۆ سەر ئاینی ئیسلام لەقەڵەمدەدا، بۆیە لەزۆربەی وڵاتانی عەرەبیو ئیسلامی خەڵکی



گۆشکراو بەڕێبازی ئیسلامی، بەناوی جیهادەوە هاتنە ئەفغانستانەوەو ئەمەریکاش وەك ئامرازێك بۆ دژایەتیکردنی شوورەوی پشتیوانی لێکردن.

لەگەڵ بە کۆتاهاتنی شەڕی سارد ئیسلامییە توندڕەوەکان بەهۆی ئەوەی کە، ئەمەریکا وەك زلهێزی یەکەمی دنیا بەفەرهەنگێکی کراوەترەوە پتر لەڕابوردو هاتە ناو جیهانی ئیسلامییەوە، بەمەش ئیسلامییەکان کەوتنە دژایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا. کاتێك شەڕی کویت ـ عیراق بەرپابوو ئەوانەی کە ئێستا پێیان دەوترێ رێکخراوی (ئەلقاعیدە) لەئەفغانستانەوە نەخشەو بەرنامەی خۆیان ئاراستەکرد. بەتایبەت کە ئەفغانستان وڵاتێکی گونجاوە بۆ خۆ تەیاردانەوە، بە تایبەت کە، لەوڵاتانی عەرەبی لەبەرنفوزی ئەمەریکی، کەمتر بواری لەچەشنی ئەفغانستان هەڵدەکەوێ.

## دووەم/ هۆکاری یاسایی:

هۆیەکی تری سەرهەڵدانو گەشەکردنی توندڕەوی ئیسلامی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە، لەوڵاتانی ئیسلامیدا بە یاسا، ئاینو سیاسەت، لێك جیانەکراوەتەوە. لەزۆربەی وڵاتانی ئیسلامیدا خوێندگاو دانیشگای ئاینی دامەزراونو ساڵانە چەندان کادری ئیسلامی گوشکراو بەشەریعەتو رێبازی ئیسلامی دەردەچن، بەسودەوەرگرتن لەهەلومەرجی ناوخۆی دەوڵەتەکەو کەشە جیهانییەکە، دەتوانن بەشداری لەهەر رێکخراوێکی ئیسلامیدا بکەن. لەو دەوڵەتانەی کە دیموکراسی نین، بە تایبەت لەوڵاتە عەرەبیەکاندا خەڵکی توندڕەو، لەوڵاتی خۆی دوردەکەوێتەوەو بێ ئەوەی سەر یەشە بۆ وڵاتی دایك دروست بکات لەئەفغانستانو هاووڵاتیەکی کشمیرو زۆر شوێنی تر دەگیرسایەوە. لەروی یاساییشەوە وەك هەر هاووڵاتییەکی دیکەی ئەو وڵاتانە کار ئاسانی یاسایی بۆ

دەكرا. لەو وڵاتانەی كە بواری مومارسەی فرە حزبی دەكرێ ڕێگە بەئیسلامیەكان دراوە كە حزبی ئیسلامی سیاسی دابمەزرێنن كە ئەمەش لەروی یاساییەوە، كاركەرێكی باشی پێهەڵاچونیانە، ڕەنگە پاكستان باشترین نمونەی ئەو وڵاتانە بێ كەهەم لەروی سیستەمەوە كار ئاسانی یاسایی بۆ ئیسلامییەكان هەبێو هەم لەروی خوێندنو پەروەردەكردنەوە چەندان قوتابخانەی ئایینی لێ دامەزراوە. كە سەرچاوەی پێگەیاندنی كادری ئیسلامی ئوسولین.

لەلایەكی دیكەوە ئەو ئاسانكارییەی كە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا بۆ پەیوەندیو هاتووچۆو مانەوە هەیە، وایكردەوە خەڵكی ناو وڵاتانی ئیسلامی بە ئاسانیو بەشێوەیەكی یاسایی سود لەوهەلومەرجە وەربگرن. لەسۆنگەی ئەوەوە خەڵكێكی زۆر لەلایەنگرانو هەوادارانی ئیسلامی ئوسولی بەگشتیو ڕێكخراوی ئەلقاعیدە بەتایبەتی كە بۆیان بلوێ بگەنە پێشكەوتووترین وڵاتی جیهانی لەوانەش ئەمەریكاو ئەوروپا. لەو وڵاتانەشدا مافی مانەوەو بەشداری تەواویان دەبێ تاتێكەڵ بەبوارە جیاجیاكانی زانستو زانیاریو ئەكنەلۆجیا بنو هەم بنەمایەكی ئابوری بەشوەیەكی یاسایی بەدەست بهێننو بەكاری بهێنن لەهەر نەخشەو پلانێكی ئەنتی مەدەنیو دیموكراتیانەدا.

### سێیەم/ هۆكاری كۆمەڵایەتی:

فریدا عەزیز دەڵێ: (ناتوانرێ ئیسلامی ئوسولی لەو هۆكارە سایكۆلۆجیو كۆمەڵایەتیو سیاسیانە جیابكرێتەوە كە لەپشتییەوەن.[8]

گوتاری ئیسلامی سیاسی گوتارێكی نامۆیە بە باهۆزی مەدەنی بوونی كۆمەڵگا، لەسۆنگەی ئەوەوە هەر پێشكەوتنێك لەبوارە جیاجیاكانی كۆمەڵگادا كە لەدەرەوەی فەرهەنگی ئیسلامییەوە روبدات ئیسلامی سیاسی بەهەڕەشەی



دەزانێ، بە واتایەكی تر ئیسلامی سیاسی هەر جیهانبینییەك كە لەزەمینە كۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەكاندا بەواقیع بگەڕێ ڕەتی دەكاتەوە.

چونكی گوتاری ئیسلامی ئوسولی وەك بیروباوەڕێكی تۆلیتاری دەیەوێ هەموو بەهاكان لەقاڵب بدات بۆیە رووبەرووی گۆڕانەكان دەبێتەوە.

### شەڕی تیرۆرو گۆڕانكارییە نێودەوڵەتیەكان

هەموو ئەو جەنگانەی لەرابوردودا رویانداوە، وەرچەرخانی گرنگیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە بەڵام وەرچەرخانەكان كامڵو سەرتاپاگیر نەبوون، هەر بۆیە هەر وەرچەرخانێك لەگەڵ خۆیدا هەندێ گرێی بۆ زەمەنی دوای خۆی هێشتۆتەوە، بە نمونە شەڕی جیهانی یەكەم، بووە هۆی دامەزراندنی كۆمەڵەی نەتەوەكان. بەڵام كۆمەڵەی نەتەوەكان، نەیتوانی ئەو ئامانجەی كە لەپێناویدا دروست ببوو دەستەبەری بكات، ئەویش ئاشتیو ئاسایشی جیهانییەو لەبەر هۆكاری سیاسی، فەرەهەنگی، ئابوری بۆیە شەڕی دووەمی جیهانی هەلایسا. بەهەمان شێوە، شەڕی دووەمی جیهانی، بووە هۆی دامەزراندنی نەتەوە یەكگرتوەكان بەڵام بەهۆی ئەوەی دنیا دابەشی دوو جیهانبینی جیاوازبوو، ئەویش نەیتوانی دەستەبەری سەقامگیرییەكی هەمەلایەنەی سیاسیو ئابوری بكات. بەمانای ئەوەی، جیهانی دوای دووەم جەنگی جیهانی، هەڵگری زەمەنێكی پڕ كێشە بوو. ئەویش لەدایك بوونی شەڕی ساردی نێوان شورەویو ئەمەریكا بوو، كە شەڕی ساردیش گەیشتە كۆتایی باشتر لەڕابوردو، دنیا كەوتە لێواری وەرچەخانێكی قوڵترەوە، بەڵام ئەم وەرچەرخانە ناتوانین بڵێین گەیشتبووە خاڵێك كە زەمەنێكی دیكە خەریكی لەدایك بوون بوو. ئەو گرفتانەی كەرێكری گیرسانەوەی، وەرچەرخانی دوای جەنگی ساردبوون بەشێك بوون لەدیاردەكانی جەنگی سارد، لەوانە مەسەلەی تیرۆرو سەرهەڵدانی توندڕەوی ئیسلامی. كە وابێ دەتوانین بڵێین كە تا ئێستا جیهان

کوشتەی وەرچەرخانی ناکامڵ بووە، ئەمەش پێداچونەوەیەکی هەمەلایەنەی ئابوری، سیاسی، فەرهەنگیو نەژادی دەویو گەڕانێکیشە بەدوای ئەو کێشانەی کە بەچارەنەکراوی ماونەتەوەو بونەتە هۆی کەوتنەوەو دەرکەوتنی دیاردەی نەشازی جیهانیو هەڕەشەی ترسناکیش بۆ سەر سەقامگیری نێودەوڵەتان.

لەدوای بڕانەوەی جەنگی سارد ئەمریکا بوو بەتاکە ولهێزی خاوەن بڕیارو، وڵاتانی دیکە، بەوانەش کە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشن. بۆیە هەر هەڕەشەیەك لەئەمریکا، دەکرێ بڵێین هەڕەشەیە بۆ سەر ئەو هێزەی کە دەیەوێ دنیا بەئاقاری تێڕوانینی خۆیدا سەقامگیرو ئاراستە بکات. هەڕەشەی توندڕەوە ئیسلامییەکانو کارەساتی سێپتەمبەری ۲۰۰۱ زەنگێك بوو درا بەگوێی داڕێژەرانی ئەمنی قەومی ئەمریکا بۆیە ئەمریکا دەبێ سەرلەنوێ سیاسەتو ستراتیجی خۆی لەسێبەری ئەم کارەساتەدا دابڕێژێتەوە.

## گۆڕانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی

ئەمریکا بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی، سیاسەتی دەرەوە ئاڕاستە دەکاتو لەڕوانگەی ئەو بەرژەوەندیانەوە دەڕوانێتە دیاردەو دەرکەوتە جیهانییەکان. لەشەڕی یەکەمو دووەمی جیهانیو شەڕی ساردیشدا ئەمریکا زیرەکانە قەڵەمڕەو هەژمونی خۆی فراوانو تۆکمە کرد، هەریەکە لەو شەڕانەش ئەگەر بەلێهاتوییو لێزانی داڕێژەرانی سیاسەتمەدارانی زانی ئەمریکا نەبا، ئەستەم بوو لەو هاوکێشە هەستیارە نێودەوڵەتیانەدا گرەوی دەستەمۆکردنی جیهان بەرێتەوە، بەڵام تەقینەوەکانی سێپتەمبەری ۲۰۰۱ هەڕەشەی کەمتر نەبوون لەهەڕەشەکانی جەنگە جیهانییەکان بۆ سەر ئەمریکا، ئەگەر گەورەتر نەبووبن. تەقینەوەکان بەچەشنێ بوون، کە سەرلەبەری پێکهاتەی سیاسی، ئەمنیو توانا



جیاجیاکانی ئەو وڵاتەی خستە بەردەم لێ رامانەوە، لەبەرئەوە ئەمریکییەکان هەستیان بەگرنگی پیاچونەوە کرد بەسەر ئەو بنەمایانەی کە ئاسایشی نەتەوەییان لەسەر داڕشتووە، بەواتایەکی دیکە ئەو وڵاتە بەپێویستی دەزانێ کە ئەو بنەمایە دابڕێژێتەوە کە پارێزگاری لەئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکییەکان دەکات. ئەوەی کە هەڕەشەی گورچك بڕ بوو لەئەمریکاو کاریگەرتر بوو لەهەڕەشەی هەر زلهێزێکە تەقینەوەکانی سێپتەمبەر بوون، ئەو تەقینەوانەش توندڕەوە ئیسلامییەکان ئەنجامیاندا، کەوابێ، ئەمریکییەکان پێش هەر شتێ دەبێ تێگەیشتنی خۆیان بۆ چۆنێتی سەرهەڵدانو کاریگەریەکانی تیرۆریزم بەسەر بەرژەوەندییە ژیانییەکانی ئەمریکادا دابڕێژنەوە.

ئەگەر تیرۆریزم لەڕابودودا بەهەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندی ژیانی پلە چوار زانرابێ[9] ئەوا دەبێ لەمەودوا بەهەڕەشەی سەرەکی بۆ سەر بەرژەوەندی ژیانی پلەیەك لەقەڵەم بدەن، چونکە دەرکەوت کە تیرۆریزم لەهەر هەڕەشەیەك لەپێشترو کاریگەرترە بۆ سەر گشت بوارەکانی ستراتیجو ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکییەکان (دکتۆر ساتلۆف پێی وایە کە ئەمریکا تا ئێستا سیاسەتێکی روونی دەربارەی ئیسلامی سیاسی نییەو لەناوخۆی ئەمریکاشدا بۆچونێکی یەکگرتوو نییە)[10].

ئەگەر ئەمریکییەکان سیاسەتو تێگەیشتنێکی زانستیو یەکگرتوویان بۆ ئیسلامی سیاسی هەبا هەروەك چۆن بۆ هاوکێشەکانی تری دنیا هەیانبوو ئەوا توشی ئەو کارەساتە نەدەهاتن.

(بەپێی ساتلۆڤ ئەمریکا نابێ تەنها تەکنەلۆجیاو زانست بەگەلانی دنیا بفرۆشێ بەڵکو دەبێ بەرهەمەکانی لیبرالیزمیشیان پێ بفرۆشێ وەك هەڵبژاردنی ئازاد، حوکمی یاسا، فرە حیزبی، نەهێشتنی سانسۆر، ڕێزگرتنی کەمینەکانو هی تر)[11].

ئەوەی کە ئێستا ئەمریکا لەئەفغانستاندا پیادەی دەکات وا دەردەکەوێ کە ئەمریکا بەو ئاقارەدا کار بکات کە د. ساتلۆڤ پێشبینی دەکرد، چونکە پشتگوێ خستنی وڵاتانی دامێن‌و مانەوەیان لەفەوزاو ناسەقامگیریدا دەبێتە هۆی پاشاگەردانیەکی سیاسی، ئابوری سەربازی‌و هتد، بەمەش بەتایبەت لەوڵاتانی عەرەبی‌و ئیسلامیدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدان‌و پێهەڵاچونی رەوتی تیرۆریزم، کەوابێ چەسپاندنی دیموکراسی لەجیاتی بانگەشەی لاوەکی بۆ مەسەلە دیموکراتیەکان، دەستەبەری بەرگرتنە لەگەشەکردنی تیرۆریستان، چونکە چەسپاندن‌و قوڵبونەوەی پرۆسیسی دیموکراسی رێ دەگرێ لەو هێزو رێبازانەی نامۆن بەدیموکراسی.

بەو مانایەی کە دەبێ ئەمریکا کار بکات، بۆ چەسپاندنی دیموکراسی لەوڵاتانی دامێن‌و بیکاتە یەکێك لەپرەنسیپە گرنگەکانی ئاسایشی نەتەوەی خۆی. د. عەلی وەردی دەڵێ دەوڵەت کۆتایی بەکوشت‌و بڕی خەڵێڵەکی هێنا، دیموکراسیش کۆتایی بەکوشت‌و بڕی سیاسی دێنێ[12]. کوشت‌و بڕی سیاسیش رێگرتنە لەو بیروباوەڕەی کە ئامانجی کوشت‌و بڕی سیاسیە.

## گۆڕان لەهاوپەیمانێتی نێودەوڵەتاندا

تەقینەوەکانی ئەمریکا هەر بەتەنها ئەمریکای نەشێواند بەڵکو ترسی گەورەی نایەوە بۆ سەر سەرجەم وڵاتانی دنیا بەگشتی‌و وڵاتانی پیشەسازی بەتایبەتی، چونکە تەقینەوەکان هەڕەشە بوون بۆ سەر سەقامگیری سیاسی‌و ئاشتی‌و ئاسایشی جیهانی. ئەوانەش کە لەتەقینەوەکاندا بوونە قوربانی تەنها خەڵکی ئەمریکا نەبوون. بۆیە دەکرێ بڵێین کە ئەم تەقینەوانە هەڕەشە بوون لەهەموو جیهان. چونکە تێکدانی سەقامگیری سیاسی لەهەر وڵاتێکی پیشەسازیدا هەلومەرجی ئابوری‌و بازاڕی ئازاد دەشێوێنێ‌و نائارامی دەنێتەوە، بۆیە زۆربەی



وڵاتان کە بەرژەوەندی ستراتیجییان لەسەقامگیری‌و ئاسایشی جیهاندا دەبیننەوە دەچنە پاڵ ئەو جەنگەوە.

د. مەمدوح مەحمود مستەفا مەنسور، ئاوا پێناسی هاوپەیمانێتی دەکات، (کە رێکەوتنێکە لەنێوان دوو دەوڵەت یان زیاتر بۆ دانانی رێوشوێنێکی دیاریکراو بۆ پاراستنی ئەندامەکانی لەهێزی دیکەی دیاریکراو کە هەڕەشەیە بۆ ئاسایشی هەریەك لەو ئەندامانە)[13].

بەگشتی لەڕابوردودا هاوپەیمانێتی سیماو سیفەتێکی دیاریکراوی هەبووە. هاوپەیمانێتییەکە لەچەند دەوڵەتێك یان هەرێمێك تێی نەپەڕاندوە. جگە لەشەڕی کوێت نەبێ. کاتێ هاوپەیمانێتی دژی عیراق گرێدرا ئامانجی تەنها کشانەوەی عیراق نەبوو لەکوێت‌و بەس، هاوپەیمانێتیەکانی رابوردو بۆ رەواندنەوەی هەڕەشەی هێزێك یان دەوڵەتێك بوون کە روو لەدەوڵەتێك یان زیاتری هاوپەیمانەکان دەکات، بەڵام ئەم هاوپەیمانێتیەی ئێستا لەدژی تیرۆر دروست بووە، میکانیزمی بەشداریکردن‌و پشتیوانیکردنی لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێ، جگە لەوەش ئامانجی ئەم هاوپەیمانێتییە بنەبڕکردنی تیرۆرو هەڵتەکاندنی بنەوانی سەرهەڵدان‌و مانەوەیەکی.

بەو مانایەی کە بەشداریکردن لەو هاوپەیمانێتیە رەنگە لەشێوەی سەربازی، ئابوری لۆجستی، زانیاری‌و هتد، دابێ ئەمەش لەبەرئەوەیە کە تایبەتمەندی روبەڕووبوونەوەی تیرۆریزم پێویستی بەم شێوازەیە چونکە تیرۆریزم کە ئێستا خۆی لەئیسلامی سیاسی توندڕەودا دەبینێتەوە هەر بەتەنها لەئەفغانستاندا نییە بەڵکو لەزۆربەی وڵاتاندا بڵاوبۆتەوە، ئیسلامییە توندڕەوەکان خراونەتە ناو زۆربەی بوارەکانی تەکنەلۆجیاوەو توانیویانە بۆ مەبەستی کاری تیرۆریستانە سود لەتەکنەلۆجیای نوێ وەربگرن‌و لەزۆربەی وڵاتانی ئیسلامیدا کامپ‌و حەشارگەی

سەربازی پێکەوە بنێن، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە کۆکردنەوەی زانیاریو ئاگاداربوون لەجموجۆڵو شوێنو حەشارگەی ئیسلامییە توندڕەوەکان گرنگییەکی زۆرتری هەیە بۆ ستراتیجی بەگژداهاتنەوەی تیرۆریزم لەهێرشی سەربازیو بوارەکانی دیکەدا. شەڕی تیرۆریزم دەری خست کە ناوچەو هەڵکەوتەی شوێن لەتیرۆری جیهانیدا گرنگ نییە، چونکە تیرۆر بەتەنها هەڕەشە نییە بۆ سەر یەك ناوچەی تایبەت لەدنیادا، بەڵکو لەهەر ناوچەیەکی جوگرافیدا بن هەمان فاکتەری هەڕەشە دەبن بەتایبەت لەسایەی کەشی بە جیهانی بوندا، مادام پەیوەندی نێودەوڵەتان وەرچەرخاوە بۆ پەیوەندی هەرەتازەو سەرتاپاگیرو هەمەلایەنە.

پێهەڵاچونی زانستو زانیاریو پەیدابوونی تۆڕی ئەنتەرنێت، وایکردوە تیرۆریستێك بتوانێ لەئەشکەوتێکی هەرە دووری سەر زەمیندا پەیوەندییە جیهانییەکانی خۆی هەڵبسوڕێنێ.

لەڕابوردودا دەست وەردان لەکاروباری دەوڵەتانو هەڵوێستی دەستە جەمعی چەند دەوڵەتێکی زلهێزی دنیا بەرامبەر هەر دەوڵەتێك یان هێزێك لەوەوە سەرچاوەی دەگرت، کە ئەو دەوڵەتە یان ئەو هێزە کەوتۆتە کام ناوچەی جوگرافییەوەو هەڵکەوتەی شوێنی ئەو دەوڵەتە لەبەرژەوەندی زلهێزەکانو هاوکێشە سیاسیو ئابورییەکانی دنیادا چ بایەخێکی هەیە. بەڵام لەئێستاو داهاتوی پەیوەندی نێودەوڵەتاندا پرەنسیپەکانی هاوپەیمانێتی دەستەجەمعیو دەست وەردان لەکاروباری وڵاتاندا بەچەشنێکی دیکە خۆ دەردەخات کە سەرچاوەکەی دەربڕینی پەیوەندی ئابوریو سیاسیو فەرهەنگییەکانی سایەی بەجیهانبونو مەسەلە دیموکراتییەکانو ئازادیەکانە، لەو روانگەیەوە هاوپەیمانێتی ئێستای دژی تیرۆر پابەندبونێکی ئەخلاقی دەخاتە سەر وڵاتانو ئامانجو میکانیزمێکی هاوپەیمانێتییەکانی رابوردوی دوورو نزیك.



هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتیەکان لەشەڕی یەکەمو دووەمی جیهانیدا دژی وڵاتانی شەڕکەر بوو بۆ پاراستنی سنوورەکانی خۆیانو بۆ ئەوەی رێگە لەفراوانخوازی بگیرێو لەشەڕی ساردیشدا بۆ بەرگرتن بوو لەنفوزو هەژمونی بەرامبەر کە هەردوو هاوپەیمانی وارشۆو ناتۆ لەسەنگەردا بوون. لەشەڕی کوێت ـ عیراقدا بۆ ئەوەبوو کە عیراق لەکوێت وەدەربنرێو لەتوانای تەکنەلۆجی سەربازی داشۆرێو لەهەمان کاتیشدا هەڵکەوتەی جوگرافی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئارام بێتو هەڕەشەی دەست خستنی نەوت بۆ زلهێزەکانو ئەمریکا پەیدا نەبێ. بەڵام ئەم هاوپەیمانێتییە بۆ ئەوە نییە کە ئەفغانستان ناوچەیەکی ئابوری هێندە گرنگە یان لەبەرئەوەش نییە کە هەڕەشە لەئەمریکا کراوەو خەڵکی مەدەنی بوونەتە قوربانی بەڵکو ئەوەیە کە رووداوەکانی ئەمریکا زەنگێك بوو دنیای لەوە ئاگادار کردەوە کە هەڕەشەی تیرۆر ئاسایشو سەقامگیری جیهان دەخاتە مەترسییەوە ئەوەش ئەو فاکتەرەیە کە لەپشتی پێکەوەنانی ئەم هاوپەیمانێتییەدایە، بۆیە زۆربەی وڵاتان دەچنە ناو ئەم هاوپەیمانێتییەوە، بەپێچەوانەوە هەر هەڵوێستێکی تر کە لەخزمەتی ئامانجو میکانیزمی ئەم هاوپەیمانێتییەدا نەبێ، دەچێتە خانەی دژایەتی کردنی ئاشتیو ئاسایشی جیهانیو لەدواجاردا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی روبەڕوی دەوەستێتەوە. ئەو وڵاتانەش کە دوور لەئێلێتی حوکمڕان پێگەو حەشارگەی توندڕەوەکانن پێیان خۆش بێ یان پێیان ناخۆش بێ ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی روبەڕویان دەبنەوە جا یان یارمەتی مادیو لۆجیکی پێشکەش بەو وڵاتانە دەکەن بۆئەوەی خۆیان روبەڕویان ببنەوەو لەناوخۆیاندا سەرکوتیان بکەن یان راستەوخۆ دەکەونە بەر گورزی ئەمریکاوە. ئەمە جگە لەوەی زۆربەی وڵاتان لەکۆکردنەوەی زانیاری لەسەر تیرۆریستان بەتایبەتی لەناو وڵاتانی خۆیاندا بەشدار دەبن.

## ئەو گۆڕانکاریانەی ئەم دۆخە لەگەڵ خۆیدا دێنێ

کۆتایی هاتن بەشەڕی تیرۆریزم دەبێتە پاڵپشتێکی گەورە بۆ سەرخستنی ئەو کۆششانەی لەئایندەدا دەدرێن تاکو گرفتەکانی تری پەیوەندی نێودەوڵەتان چارە بکرێن. وەك لەپێشەوە باسکرا هەڕەشەکانی وەك چەکی ئەتۆمی، کێشەی ناوچە گەرمەکانی وەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو هتد. سەرجەم وڵاتانی زلهێز لەڕووی پرەنسیپو پراکتیکەوە تا ئاستێکی باش لەکاردان بۆ لەبەین بردنی ئەو هەڕەشانە، بەڵام پەوەیندییە نێودەوڵەتییەکان هەڕەشەی تری لەسەر دەمێنێ، بەتایبەتی گرفتە نەژادیەکانو گرفتەکانی تری وڵاتان کە پەیوەندی بەبرسێتیو هەژاریو تەندروستییەوە هەیە وەك نەخۆشی ئایدز لەئەفریقا کە هەموو ئەو کێشانە فاکتەری ناسەقامگیری دەبن. لەڕاستیدا دوورایی ستراتیجی ئابوری زلهێزەکان پێویستیان بەگەشەپێدانی شارستانیو بوژاندنەوەی وڵاتانی دامێن هەیە، بەمانایەکی دیکە وڵاتانی زلهێز بەگشتیو ئەمریکا بەتایبەتی دەبێ لەمەودوا کار بکەن تا ئاستی مەدەنیو فەرهەنگی کۆمەڵگا دامێنەکان گەشەپێبدەن. چونکە دواکەوتویی هۆیەکی کاریگەرە بۆ سەرهەڵدانی هێزی نەگونجاو بەدیموکراتیو ئەرکەکانی دیموکراسی. ئەوەش بەوە دەبێ کە دیموکراسی لەو وڵاتانەدا کە بوونی نییە بچەسپێ، بەمەش زمانی لێك حاڵی بوونو بەئاشتی پێکەوە ژیان جێگەی ناکۆکیو ململانێ دەگرێتەوە. وەك رۆسۆ پێشبینی کردووە کە (ئەگەری جەنگ لەنێوان وڵاتانی دیموکراسیدا کەم دەبێتەوە. ئەویش لەبەر بایەخدانی گەلەکانیان بەژیانی مەدەنی خۆیان)[١٤] کەوابێ دیموکراسی لەدوو لاوە ئیجابیاتی هەیە بۆ سەقامگیری سیاسی نێودەوڵەتان یەکەمیان: لەناوخۆدا هەلومەرجی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی سەقامگیر دەکات،



دووەمیشیان: دەبێتە هۆی پێکەوە هەڵکردنی دەوڵەتان تا لەپەیوەندییەکی ئارامدا، بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن.

د. فراید عەزیز پێی وایە کە ئەمریکا سێ ستراتیج پیادە دەکات کە ئەمانەن[١٥]:

یەکەم: چارەسەری گرفتەکانی نێوان دەوڵەتان دەکات ئەویش لەڕێگەی گفتوگۆوە دەبێ کە ئەمریکاو UN رۆڵی بنچینەیی تێدا ببینن.

دووەم: بۆ سیستەمی سیاسی تازەی نێودەوڵەتان، دوورایی ئابوری کار پێدەکات، ئەویش بەهاندانی ئابوری بازاڕو وەبەرهێنانی دەوڵەتانو دامەزراندنی یەکدیگیری ئابوریو باشتر دەستەبەرکردنی سەقامگیری ئابوری.

سێیەم: لەڕووی سیاسییەوە ئەو سیاسەتانە پەیڕەو دەکات لەپێناوی لاوازکردنی سەرجەم جۆرەکانی ململانێو ناکۆکییە فیکریو سیاسییەکان، پلە بەپلەو لەپێناوی پاراستنی مافەکانی مرۆڤو بەها دیموکراتیەکاندا.

لەم سێ ستراتیجەی کە فرایدا عەزیز دەیخاتە روو وەك سێ ئەرك لەبەردەم داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمریکادا، بەتایبەت دوای تەقینەوەکانی ئەمریکاو لەئێستە بەدواوە:

١. دەبێ ئەمریکا کار بکات کە کێشەی نێوان دەوڵەتان بەشێوەی یاساییو بەئاقاری سەقامگیری سیاسیدا چارە بکرێت کە خزمەتێکی گەورە دەبێ بۆ ئاشتیو ئاسایشی جیهانی.

٢. کۆششی ئەمریکا بۆ بنەبڕکردنی کێشەکانی دنیا دەبێ لەدوورایییە ئابورییەکەوە سەرچاوە بگرێ، چونکە بەجیهانیبون، ئابوری هەموو دنیا پێکەوە دەبەستێتەوە ئەویش خستنەگەڕی ئابوری دەوڵەتانو هاندانیانە بەئاقاری پرەنسیپەکانی بازاڕی ئازادو خستنەگەڕی سەرمایەگوزاری.

٣. بڕانەوەی ململانێکانو ناکۆکیە سیاسیەکان، کە لەدوای شەڕی تیرۆریزم مانای فراوانتر پەیدا دەکاتو شۆڕ دەبێتەوە بۆ ئەو جۆرە کێشانەی هەناوی دەوڵەتاندا بەچارە نەکراوی ماونەتەوەو فاکتەری ناسەقامگیری دەوڵەتانن، لەلایەكو لەلایەکی دیکەشەوە ئازادیو مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن. دەبێ ئەمریکا کار بکات لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا بۆ چارەکردنیان، ئەمەش دوور نییە گۆڕانی جیۆسیاسی لەگەڵ خۆیدا بهێنێ. بەتەنیشتی ئەوەشدا دەبێ ئەمریکا کار بکات بۆ هەرچی زیاترو زوتر پێشکەوتنی فەرهەنگی ئەو کۆمەڵگایانەی دوچاری دواکەوتنو گرفتەکانی تەندروستی هاتوونو دوورن لەزانستو تەکنەلۆجیای نوێوە جیهانگیریش میکانیزمی لەو چەشنەی پێویستە بۆ بەرقەراربوونی چونکە جیهانگیری دەربڕی ئابوری پێکەوە بەستراوی جیهانییەو پێویستیشی بەمیکانیزمی رسکانو پێهەڵابردنی دیموکراسی هەیە. سەید یاسن دەڵێ (دەرکەوتە سیاسیەکانی جیهانگیری بەڕمانی تۆتالیتاریزمو دەسەڵاتی خۆسەپێنەرو گەیشتن بەدیموکراسیو پلورالیزمی سیاسیو رێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ پاساو دەدرێتەوە)[١٦].

کارکردنیش بۆ چەسپاندنی دیموکراسی لەخۆیدا رەتکردنەوەی بیروباوەڕەکانی تۆتالیتاریزمە. چونکە دیموکراسی کۆمەڵ ئاراستە دەکات بەسەرجەم بیروباوەڕو ئاینو نەژادە جیاجیاکانیەوە لەپێناوی خۆشگوزەرانیو سەقامگیربوونی کۆمەڵگا لەسەر ئاستی دەرەوەو ناوەوەی دەوڵەتدا.

پەیوەندی نێودەوڵەتان وەك هەموو کۆمەڵگا جیاجیاکانی مرۆڤایەتی چەندان قۆناغی مێژوویی بڕیوە تا گەیوەتە ئێستای. بۆیە بڕوانەوەی شەڕی تیرۆریزم، دیموکراسی بەئاراستەیەکدا دەبا کە مرۆڤایەتی لەبەری بەئاسودەیی بحەوێتەوە، وەك د. جاك ئەتالی دەڵێ: (دیموکراسی دەبێتە بنچینەی گشتی لەخۆراو بەگشتی



دەبێتە دیاردەیەکی بێ سنورو بۆ هەر تاکێکیش مافی هەڵبژاردن دەستەبەر دەبێ لەهەر کوێیەك کە لێی بژیا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی رەگەزنامەکەی وە لەجێگەی دەمارگیری، کلتورە هەمەجۆرەکان جێگەی دەگرنەوەو هەر تاکێك دەتوانێ تێیدا بژی کە بگونجێ بۆیو قەناعەتی پێی هەبێ)[١٧].

بەم جۆرە پەیوەندی نێودەوڵەتان بریتی دەبێ لەکۆمەڵگای ئەو دەوڵەتانەی کە لەناو خۆیاندا لەڕووی ئابوریو سیاسیو فەرهەنگیدا سەقامگیرن. بەمەش پەیوەندی نێودەوڵەتان بەتەواوی رەنگدانەوەی پێکهاتەی ئابوری، سیاسی، کلتورییو کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئەو دەوڵەتانە دەبێ ئەوەش لەخۆیدا مانای سەقامگیربونی ئاشتیو ئاسایشی جیهانی دەبێ.

## پەراوێزەکان:

١. الـدكتور اسماعيـل صـبرى مقلـد ـ العلاقـات الـسياسية الدوليـة ـ دراسـة في الاصول والنظريات ص٤٥ مطبوعـات جامعـة الكويـت ـ كليـة التجـارة والاقتـصاد والعلوم السياسية.

٢. دكتـور عبـدالوهاب حميـد رشـيد ـ الثقافـة الجديـدة ـ ص٥٧ ـ الديموقراطيـة والتحول الديموقراطى ـ مناقشة مفاهيمية ـ العدد ٢٩٤.

٣. الـدكتور اسماعيـل صـبرى مقلـد ـ العلاقـات الـسياسية الدوليـة ـ دراسـة في الاصول والنظريات ص٦٧ ـ مطبوعات جامعة الكويـت ـ كليـة التجـارة والاقتـصاد والعلوم السياسية.

**٤. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشو ص٦٢ ـ ٩٢.**

**٥. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە فریدا عزیز ـ ص٥٢ ـ ٥٣** ــ النظـام العـالمى الجديـد والقرن ٢١.

**٦. روانگەی جیهان ژمـارە (٣) ص ٦٨ (دەستنیـشانکردنی ئـەمنی قـەومیو بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا ـ کیم. ر ـ هۆلز.**

**٧. هەمان سەرچاوەی پێشو ص٥٩ ـ ٦١.**

**٨. فراید عزیز ـ ص٦٣ـ** النظام العالمى الجديد والقرن ٢١.

**٩. روانگەی جیهان ص ٦٨ ژمـارە (٣) (دەستنیـشانکردنی ئـەمنی قـەومیو بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا ـ کیم. ر ـ هۆلز.**

**١٠. روانگەی جیهان ژمارە ـ ٢ ـ ص٤.**

**١١. هەمان سەرچاوە ص٥.**

١٢ـ دكتو عبدلوهاب حميد رشيدـ الثقافة الجديدةـ ص ٥٧ـ الديموقراطية والتحول الديموقراطى ـ مناقشة مفاهيمة ـ العدد ٢٩٤



١٣ـ سياسات ـ التحالف الدولي ـ دراسـة في اصـول النظريـة التحـالف الـدولي ودور الاهداف في توازن القوى واستقرار الآنساق الدولية ـ تأليف د. ممدوح محمود مـصطفى منصورـ قسم السياسية ـ كلية التجارة ـ جامعة اسكندرية مكتبة مدبولي ١٩٩٧.

١٤ــ الثقافـة الجديـدة ـ دكتـور عبـدلوهاب حميـد رشيدــ الديموقراطيـة والتحـول الديموقراطى ـ مناقشة مفاهيمية. العدد ٢٩٤ـ ص ٥٨.

١٥ـ د. فرايد عزيزـ النظام العالمى الجديد ٢١ ص ٤٨.

١٦ـ الدكتور منير الحمـش ـ العولمـة ليـست الخيـار الوحيدـ الطبعـة الآولى ١٩٩٨ـ الاهالى للنشر والتوزيع ص ١٩.

١٧ـ د. جاك أتالي ـ الحضارة الغربيـة تحمـل بداخلـها بـدور انهيارهـا اعـداد سوسـن حسين ـ مجلة السياسية الدولية ـ العددـ ١٤٤ ابريل ـ٢٠٠١ـ القاهرة مؤسسة الآهـرام ـ ص ١١١.

# چەمکی
# سەقامگیریی سیاسی

**پێشەکی:-**

کەشی سیاسی نێو دەوڵەتی لە بەرایی دروست بوونو ن شو نماکردنی ئیمبراتۆرەکانی دنیا، تا گەیوەتە قۆناغی زلهێزەکانی هاوچەرخ، پەیوەندی نێو دەوڵەتی هەمیشە لە شڵەژانو کەم کەم ئارامییو، پێك هەڵپڕژانو داگیر کاریو ململانێی خەستی هەمە لایەنەدا بوە. پێبەپێی پێهەڵاچونی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتە زەبەللاحەکانی دنیا، بنەماکانی پەیوەندییە نێو دەوڵەتیەکان پتەوتر دەبوونو پانتایی زێدە تری لە کەشی سیاسیدا دا دەگرت... وولاتە زلهێزەکانی دنیا لە پێشدا خۆیان تۆکمە دەکردو پاراستنو پەرەپێدانی ئەم تۆکمە بونەش لەرووی سیاسی، سەربازیو ئابورییەوە پێویستی بەفراوان کردنی قەڵەمڕەویی دەسەڵاتی ئەو زلهێزانە دەکرد.. لێرەوە داگیرکردنی وولاتانی دامێن دەبووە ستراتیژێکی نوێ لە هەناوی زلهێزەکانی دنیا بە گشتییو زلهێزەکانی ئەورووپا بە تایبەتی. هەر بۆیە جۆرێك لە بۆڕ بۆڕێنو ململانێی کلاسیکیو برەودان بە بواری



سەربازی تاوی دەسەند.! بەمەش دبلۆماسیەت دەبوە ئەرکێکی سیاسی نێوان هێزو ئیمپراتۆریەتە گەورەکان بە مەبەستی ڕەواندنەوەی ئەگەری هێرشو پەلاماری وولاتانی دەوروبەر. چونکە هەمیشە دەوڵەتان، هێزەکان، دەسەڵاتەکانی دنیا بەپێی دوورو نزیکییان لە یەکتری کاریگەری ئاڵوگۆر "المتبادل"یان لەسەر یەکتر هەبووە لە سەرجەم بوارە سیاسی، ئابوری، جوگرافیو سەربازیەکانەوە بۆ سنوردانانو جڵەو گیرکردنی ئەم کاریگەریانە کۆششی سیاسییو دبلۆماسی ناوەندێکی نێو دەوڵەتی دەخولقاندو بۆ ڕێگرتن لە کاریگەرییە سیاسییەکانی ئەم کاریگەریانە هەمیشە هەوڵیان داوە پەیوەندی نێوان ئیمپراتۆریەتەکان، دەوڵەتان، هێزەکان، بە ئارامی رابوەستێ. هەڵبەت، سیستەمی هاوسەنگی هێزەکان، یەکەمین هەنگاوی نێو دەوڵەتی زلهێزەکانە بۆ ئارام راگرتنی هەلومەرجی نێو دەوڵەتیو لەو ساوە تا کۆتایی هاتنی جەنگی ساردو تەعمیم بونی چەمکی جیهانگیری "عولمە" وەك چەمکێکی سیاسی نێو دەوڵەتی، پەیوەندییە نێو دەوڵەتیەکان بەپێی گۆڕانی هەلومەرجەکانو سەرجەم ئەو قۆناغانەی "چەمکی سیستەمی هێز"یان گەیاندە چەمکی "جیهانگیری" چەند قۆناغێکی کارەساتبارو پڕ تراژیدیای مرۆڤایەتیو هەر قۆناغەش جۆرێك لە پەیوەندی نێو دەوڵەتیو پێداویستییە ئابوریو سیاسییو سەربازیەکانی زلهێزەکانی لێ دەخوێندرێتەوە، لەم بابەتە دا هەوڵدراوە سیستەمی سەقامگیری پێشو پاش جەنگەکانی جیهانی لە زەمانو زەمینە جیاوازەکانی قۆناغەکانی پێگەیشتنی زلهێزەکاندا بەپێی دورنما سیاسییو ئابوریو سەربازییەکان لێکبدرێتەوەو کاریگەری سیستەمی سەقامگیری نوێی سایەی جیهانگیری بە سەر چارەنوسی کوردەوە لێکبدرێتەوە.

## هاوسەنگی هێزەکان چۆن و بۆچی؟!

کاتێك فەرەنسا بە سەرۆکایەتی ناپلیۆن پەلاماری روسیای‌دا، هاوپەیمانێتی‌یەکی پتەو لە نێوان فەرەنساو نەمسادا هەبوو بەڵام بەکشانی سوپای فەرنسی‌و بەرپاکردنی ئەم شەڕە، ئیمپراتۆریەتی نەمساوی سەرەتا بێ لایەنی‌و دواتر کەوتە میانگیری بەڵام بە چاو سورکردنەوە لە هاوپەیمانەکەیی!و دوایی تر نەك هاوپەیمانیەتەکەی هاڵوەشاندەوە بەڵکو سیاسەتی بەکژداچونی دەرحەق بە فەرەنسا پەیڕەوکرد.[١] ئامانجەکەشی کۆتایی پێ هێنانی شەڕ بوو نەك تێك شکانی‌یان لە بەرێك هەڵوەشانی هیچ کام لەم دوو ئیمپراتۆریەتە. چونکە سەرکەوتنی هەر کام لە روس، یان فەرنسا مەترسی هەژاندن‌و هەڵوەشانی ئیمپراتۆریەتی نەمسای پەیدا دەکرد چونکە:-

١- دانیشتوانی نەمسا تێکەڵ بوون لە نەژادی ئەڵمانی‌و مەجەری‌و ئیتالی‌وسلاڤی"کە بەزیندانی نەتەوەکان ناسرابوو" هەر گوشارێکی دەرەوە کاری لە هەستی ئەتنیکی"عرقی" کۆمەڵانی خەڵکی نەمسا دەکرد.[٢]

٢- نەهیچ پاڵپشتێکی جوگرافی هەبوو نە سنورێکی پتەوو نەشی دەزانی چ کاتێ دوژمنەکانی ڕەسەری دەکەن ئەمە سەرەڕای ترسی لەرزینی ناوخۆ.[٣]

لە بەر ئەوەی نەمسا درەنگ هاتە ناو شەڕەوەو کاتێك بڕیاری شەڕی دا لە زۆر رووەوە، فەرەنسا لە چاو نەمسا شپرزەی سەربازی، ئابوری‌و سیاسی ببوو. بۆیە هەر کە نەمسا چووە ناو شەڕەوە هەم ئامانجەکانی پێکا هەم زوو شەڕەکەی کۆتایی پێ هێنا...

لە لایەکی ترەوە بریتانیا کە ئەوسا لە جوغزی دورگەکەی خۆی نەهاتبوە دەرو ناپلیۆنی فەرەنسا دەیویست زیاتر قۆرغی بکات‌و بریتانیاش لە هەوڵی هاتنە دەر دابوو هەر بۆیە فەرنسا یەخەی ئەویشی گرتبوو.. هەڵبەت هەریەك لە



ئیمپراتۆریەتەکان، ئامانجیان بۆ دەرەنجامەکانی شکستی ناپلیۆن جیا بوو بەڵام هاوپەیمانی درەنگ خزاوی ناو شەڕ"نەمسا" ! زیاتر مەرجەکانی زاڵ دەکرایە سەر بڕیاری ئاشتی‌و، بریتانیاش، ئەگەر چی زیرەکانە بەرەنگاری فەرەنسای کردبوو بەڵام ئەویش وای دەبینی کە ئەگەر هاوپەیمانان یەك دەنگ‌و یەك بەرنامە نەبن ئەوا ئاکامی شکستی ناپلیۆن هیچ ئامانجێك دەستەبەر ناکا، بۆیە ئەویش بە ئاقاری یەك دەنگ بوونی هاوپەیمانان‌دا بەشداری کۆنگرەی ڤیەننای کرد"١٨١٤"[٤] بێگومان سوپای ناپلیۆن تەمای بوو سەرجەم ئەوروپا بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە کە چی هەرکە سوپاکەی تێکدەشکێ، ئیمپراتۆریەتەکان یەکسەرە بیر لە هاوسەنگی هێز دەکەنەوە بە مەبەستی پاراستن‌و تەئمین کردنی چارەنوسی ئیمپراتۆریەکان لە ئەگەری دوو خەتەر:

نەبادا شەڕی گەورەی نێوانیان ببێتە هۆی هەڵلوشینی هیچ کام لە ئیمپراتۆریەتەکان.

نەبادا شەڕی وولاتان کاربکاتە سەر هەلومەرجی ناو خۆو وەزعی کۆمەڵایەتی‌و پێکهاتەی نەتەوایەتی‌و دەسەڵاتی سیاسی بشێوێنێ.. دەرە نجامی شەڕی ناپلیۆن، دوای چەند ساڵێك لە گفتوگۆکانی کۆنگرەی ڤیەننا وای کرد لە ساڵی ١٨٢٢ لە سەر دەستی هەر دوو سیاسەتمەداری ئینگلیزی"کاستلری وەزیری دەرەوە،و نەمساوی"میترتیخ وەلی عەهد دواتر راوێژکاری ئیمپراتۆر" هاوسەنگی هێزەکان، دارێژرا.[٥]

دیارە بەهۆی نەبوونی تەفاهم لە نێوان هاوپەیمانانی دژی ناپلیۆن ! سەرنجامەکەی نەبوە هۆی هەڵوەشانی فەرنسا. بەڵام بۆ ئەوەی هێزی گەورەی وەك ناپلیۆن لە ئایندەدا پەیدا نەبێ ڕای سەرجەم هاوپەیمانان لە ژێر کاریگەری (میترنیخ)دا گۆڕانی بە سەردا هات. چونکە هاوپەیمانان جگە لە هاوپەیمانێتی بۆ

بەرگری کردن دژی دەسەڵاتی فراوانخوازی ناپلیۆن هیچ ستراتیژێکی روونیان نەبوو لە بەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:-

ئیمپراتۆریەتەکان لە رووی ئابوری‌و سیاسی‌و سەربازیدا باش پێنەگەیشتبون

دوورنما لە دارشتنی هاوپەیمێنێتی ڕەچاو نەکرا بوو

هەلومەرجی ناو ئیمپراتۆریەتەکان جیاوازو یاریدەدەر نەبوو بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتێك کە بە تۆکمەیی‌و گوتارێکی سیاسی بە هێزەوە مامەڵەی نێو دەوڵەتی بکات...

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بە دواوە زانست بوە هۆی پەرپێدانی توانای سەربازی سەرجەم ئیمپراتۆریەتەکان بە تایبەت ئەڵمانیا[٦]، کاتێك یاسای هاوسەنگی نێو دەوڵەتی لە سەر دەستی"هۆکۆ کرۆشیس" دانرا وەك بنەمایەك بۆ پیادەکردنی سیاسەتی نێو دەوڵەتی" دەوڵەتە زەبەڵلاحەکان بیانویەکیان دەستکەوت ! بۆ بە یەکسانی هەڵلوشینی وولاتانی لاواز[٧]، ئەمەش وای کرد ئیمپراتۆریەتەکان بیر لە هاوپەیمانێتی بکەنەوە بە مەبەستی:-

زیاتر فراوانکردنی قەڵەمڕەوەکانیان.

پاراستنی قەڵەمڕەوەکانیان.

دیارترین هاوپەیمانێتی‌یەکانیش ئەمانە بوون((ئەڵمانیاو نەمساو روسیا ١٨٧١، ئەڵمانیاو نەمسا ١٨٧٩"بەنهێنی دژی روسیا، ئەڵمانیاو ئیتالیا ١٨٨١، روسیا-فەرنسا ١٨٩١-١٨٩٤، بریتانیاو یابان ١٩٠٢، فەرەنساو ئیتالیا ١٩٠٢، بریتانیاو فەرەنسا ١٩٠٤))(٨) سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی کاری کردە سەر ململانێی نێوان وولاتە زەبەلاحەکان بە مەبەستی گەڕان بەدوای بازاڕو مەوادی سەرەتایی‌و کەرەستەی خاودا. ئەمەش دەوڵەتانی راپێچی ململانێ‌و رقەبەرایەتی کرد لە پێناو پەرەپێدانی، ئیمپراتۆریەتەکانیاندا:-



**بۆ نموونە:**

*ئەڵمانیا: دەیویست بەرەو رۆژئاوا بڕوا بۆ پێکەوەنانی(مەکانەیەك) لە ژێر رۆژدا بۆ ئەڵمانی نەژادەکان.

*فەرنسا وای دانابوو کە باکوری ئەفریقیا ناوچەی نفوزی خۆیەتی.

*ئیتالیا خەوی بەگێڕانەوەی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی‌یەوە دەبینی..

*روسیا دەیوست کۆمەڵگای سلاڤی پێکەوەنێ‌و بەرەو بەلکان لەوێشەوە بۆ ئاوی گەرم پەل بهاوێ..[٩]

کاتێك ئەمانە ستراتیژو پێکهاتەی وولاتانی زەبەڵلاح بوبێ هەریەکەشیان بە مەبەستی جێبەجێ کردنی نەخشەو وویستە ئەتنیکی‌یەکەی خۆیان تەقەللای سەربازی‌و سیاسیان دابێ‌و سەرجەم هاوپەیمانێتی‌یەکانیش تاکتیکی بوبن[١٠] ئەگەر چی ئەم هاوپەیمانێتییە بەمەبەستی رێگرتنی هەلایسانی شەڕی سەرتاسەری جیهانی بوون" سەرەنجام خودی ئەم هاوپەیمانێتی‌یە دوو قوڵی‌و چەند قۆڵیانەو"هاوسەنگی هێزەکان"ی نێوان وولاتە زلهێزەکان تینوی بێ دەرەتانی ستراتیژە جیاوازەکانی ئەو زلهێزانەی نەشکاندو خودی"ئەم"سیستەمی هاوسەنگی هێزەکان" کوانووی مەرامە شاراوەکانی هەڵتۆقاندو شەڕی جیهانی یەکەم بەرپاکرا...

## چەمکی ئاشتی جیهانی‌و کۆمەڵەی نەتەوەکان"عصبەالامم" بۆ چی؟!

هەرکە شەڕی جیهانی یەکەم بەرپاکرا، دەرەنجامی ئەم شەڕە جیهانی‌یە بنەمایەکی پێشکەوتوتری لە پەیوەندی نێو دەوڵەتی دارشت کە چەمکی ئاشتی جیهانی بوو"السلام العالمي" لە سەر بنەمایەکی تازە ترو چەسپاوتردا[١١]، ئاشتی جیهانیش پێویستی بە پابەند بوونی دەوڵەتە بەهێزەکانی دنیا هەبوو

تایبەت دەوڵەتانی سەرکەوتوی جەنگ.. پێشەنگی ئەم تێزەش سەرۆکی کۆنی ئەمریکا"ولسن" بوو کە وەك ئەلتەرناتیفی ئەو باوەڕەی کە دەیگوت"دەوڵەتە گەورەکان ئیدارەی دنیا بەڕێوەبەرن"[١٢] دوای مشتو مڕێکی چڕوپڕ ئەم تێزەی (ولسن) لە پێکهاتەی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی‌دا بەرجەستە ببوو کە بە کۆمەڵەی نەتەوەکان ناونرا"عصبە الامم"..

ئەگەر چی بۆ زەمەنێکی دورو درێژ تێزی هاوسەنگی هێزو یاسای هاوسەنگی نێو دەوڵەتی، گرووی بێ دەرەتانی ململانێی خۆ بەهێز کردنی دەوڵەتانی ئەوروپای ژێر کردەوە.. بەڵام کە شەڕ هەڵایساو ئاکامی شەڕەکە" لە سەر لۆمەی"تێزی هاوسەنگی هێزی نێو دەوڵەتی". تێزی ئاشتی جیهانی‌و بنەماکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان داڕێژران.. ئامانج‌و پرەنسیپەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکانیش لەم دوو خاڵە دا دەردەخرێن:-

یەکەم: پاراستنی ئاشتی‌و ئاسایشی نێو دەوڵەتی

دووەم: تۆکمە کردنی هاریکاری نێوان وولاتان‌و پەرەپێدانی[١٣] لە پێناوی گەیشتن بەو ئامانجانە، ئەو دەوڵەتانەی کە پەیمانی کۆمەڵەیان ئیمزا کردوە وایان دەبینی کە لە چوارچێوەی ئەم بنەمایانەدا کاربکرێ:-

١-پەنا نە بردنە بەر بەکارهێنانی هێز لە پێناوی چارەسەرکردنی ڕەوشە نێو دەوڵەتیەکاندا.

٢-ڕێزگرتنی بنەماکانی یاسا نێو دەوڵەتیەکان.

٣-ڕێزگرتنی ئەو پەیمان‌و ئیلتزاماتە نێو دەوڵەتیانەی کە دەقی پەیمان نامەکانی نێوانیان لە خۆی گرتون.

٤-دروست کردنی پەیوەندیەکی باش لە نێوان دەوڵەتان لە سەر بناغەی"العدل‌والشرف"[١٤]



ئەو دەقانەی کە کۆمەڵەی نەتەوەکان لە سەری ڕێك کەوتبون دەربڕی هەلومەرج‌و کەشێکی سیاسی بوو کە بەرژەوەندی‌و دڵەڕاوکێی ! وولاتانی زلهێزی ئەوسای لێ دەخوێنرایەوە. چونکە دەقەکان بە هیچ جۆرێ باسی هەلومەرجی قەڵەمڕەوی ناو خۆی ئابوری، سیاسی‌و کۆمەڵایەتی، وولاتانی سەرکەوتوی نەکردوەو پەیماننامەکان لە دەورو خولی سنورو کاریگەرییەکانی توانا‌و هێزی سەربازی سوڕی خواردووە. ئەگەر لە هەر کۆششێکی ئاشتی دوای جەنگیشدا باسی گرفتی نەتەوەیی‌و ئایینی کرابێ ئەوا هەم بۆ ڕەوشی وولاتانی تێك شکاو بوەو هەم بۆ پاراستنی هەژموون‌و قەڵەمڕەوی وولاتانی سەرکەوتوو بوەو سنوردانان بۆ هێزی سەربازی‌و توانای جەنگ‌و جەنگین گرەوو حساباتی سیاسی لە سەرکراوە. لایەنی زەقی وویستەکانی وولاتانی بڕیار بە دەستی دوای جەنگ لەوەوە بە دیار دەکەوت کە پاراستنی سنوری نێوان‌و وولاتانی نەخشکراوی دوای جەنگ‌و قەڵەمڕەوەکانیان لە دەقەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان بە هەندبگیرێ‌و هەموو ئەو بارودۆخە سیاسیەی دوای جەنگ پەیدا بوە بپارێزرێ‌و بۆ ئەوەش سیستەمی گرەنتی هەموان بۆ ئاشتی جیهانی"نظام الضمان الجماعي للسلام العالمي" دا هێنرا[١٥]، بەمەبەستی ئەوەی هەموو دەوڵەتان پابەندی ڕۆڵی ئەو پەیوەندییە نێو دەوڵەتیانە بن کە کۆمەڵەی نەتەوەکان خوڵقانویەتی‌و لەو پێناوەشدا بە دوو ئاقاردا تەقەللای نێو دەوڵەتی ئاراستە کرا:-

پابەندی دەوڵەتان بە پەنانە بردنە بەر شەڕو پشت بەستن بەڕێگای ئاشتی.

پابەندی دەوڵەتان بە دیاری کردنی هێزی سەربازی‌و هەوڵدان بۆ چەك دامالین بە شێوەیەکی گشتی.[١٦] ئەگەر چی ئاشتی جیهانی ببوە دروشمێکی باوی جوڵە دبلۆماسی‌و سیاسیەکان بەڵام ئاسەوارەکانی دوای شەڕو کاریگەرییەکانی لە سەر بنەماو پێکهاتەکانی دەوڵەتانی سەرکەوتوی ئەوسا سەرەڕای تەقەللایەکی زۆری

چەند ساڵەی ئەو دەوڵەتانە لە داڕشتنی پرەنسیپە نێو دەوڵەتیەکان چەمکی ئاشتی جیهانی فاکتەرێکی سلبی بەرپاکردو نەیهێڵا ئەو بنەمایانە بچەسپن. ئەوەی کە بانگەشەشیان بۆ دەکرد بە ناوی ئاشتی جیهانیەوە لە سەر بنەمای ئارام راگرتنی سنوری نێوان دەوڵەتان گرەوی بە دەستهێنانی دەکرا" بەڵام بە هۆی ئەو ئاستەنگە ئابوریو سیاسیەی کە دەوڵەتانی سەرکەوتوو توشی هاتبون لە ناو خۆدا" زۆری نەخایاند پەیوەندی نێو دەوڵەتی شلەژایەوە چونکە:-

ئارامی ناو خۆی دەوڵەتانی سەرکەوتووو بڕیار بە دەستی ئەوسا نە خەملاَ بوو، ماوەیەکی زۆری خایاند تا ئەو دەوڵەتانە هەلومەرجی ناو خۆیان لە رووی سیاسیو دیموکراتیو ئابوریەوە کامڵ بکەن.

دەوڵەتە سەرکەوتوەکان بۆ پێگەیشتنی باری ئابوری خۆیان پێویستیان بە قەڵەمڕەوی زیاتر هەبوو، وەهەڵپەی کۆلۆنی کردنی وولاتانی دامێنیان زیاتر دەرکرد بەمەبەستی دابین کردنی کەرەستەی خاوو پێداویستیەکانی تری شەریکاتە کلاسیکیەکانیان ئەمەش بەرێگەی شەڕو داگیرکردنو کۆلۆنی کردنەوە دەهاتەدی..

هەڵبەت پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکانو ئەو پرەنسیپو چوارچێوە سیاسیو یاساییانەی کە"کۆمەڵەی نەتەوەکان" دای رشتبون لە رووی ئاسایشو سەقامگیر بونی سیاسی نێوان قەڵەمڕەوی زلهێزەکان دابینی ویستەکانی وولاتانی سەرکەوتووی دەکرد بەڵام لە رووی ئابوریو سیاسیەوە لە ئاست پێهەڵا چوونی هەمەلایەنەی زەبەللاح بوونی ئەو دەوڵەتانەدا نەبوو بۆیە ئەو چوارچێوە یاساییەی کۆمەڵە دایهێنابوو تا شەڕی جیهانی دووەم بەرپابوو وەك مەرەکەبی سەر کاغەز مایەوە..



## کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتوەکان کەییو بۆ!؟

ئەم نەزعەی کۆلۆنی کردنو داگیر کاریەی وولاتانی باڵا دەستی دوای شەڕی جیهانی یەکەم وای کرد شەڕی جیهانی دووەم بەرپا ببێ.. سەرەنجامی دەرەنجامەکانی شەڕی دووەمی جیهانیش ئەم نەزعە کۆلۆنالیستیانەی کەم کردەوە، بە هۆی:-

سەرکەوتنی وولاتانی هاوپەیمانو لە بارکەوتنەوەی هەلومەرجی نێو دەوڵەتی کە بتوانن لە سەر مێزو بەبێ شەڕ دنیا دابەشی وولاتانی سەرکەوتوو بکرێ.. ئاکامیش چەندان ئیمبراتۆریەتی تێك شکاو بونە کەرەستەی هەژمونگەری ناو وولاتانی سەرکەوتوو بەپێی نەخشە ئابوریو سەربازیو سیاسیەکانیان.

هەڵپەی یەکێتی شورەوی ئەوسا بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئایدیۆلۆژیانەی ئەورووپاو هورووژمی بیروباوەڕی کۆمەنیستی بۆ وولاتانی جیهانی سێ.. وەك چۆن دوای شەڕی جیهانی یەکەم، بیر لە ئەلتەرناتیڤێك بۆ سیستەمی هاوسەنگی نێو دەوڵەتی لە سەر بنەمای خاڵە لاوازەکانی ئەو چەمکە" "کۆمەڵەی نەتەوەکان" دروست بوو، ئاوهاش لە سەر حسابی خاڵە لاوازەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان بیر لە ئەلتەرناتیڤێکی تر کرایەوە کە سەر لە نوێ ئاشتی جیهانی دابڕێژرێتەوەو چوارچێوەیەك بۆ یەکبونی دەوڵەتانی دنیا داڕێژێ کە هەموان لە پێناو پاراستنی سەقامگیری سیاسی نێو دەوڵەتی پێیەوە پابەند بن.

رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە گەرمەی شەڕی جیهانی دووەمدا بیری لێ کرایەوە، لە کاتی لێدوانەکەی ئەتلەنتی ١٤/٨/١٩٤١ لە لایەن"روزفلتو ستالین"ەوە دەقی برگەی هەشتەم لەو لێدوانە لە سەر پێویستی پێکهێنانی رێکخراوێکی نێو دەوڵەتی تازە لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕدا کە جێگرەوەی کۆمەڵەی نەتەوەکان بێ هەر لەو لێدوانەشدا هاتوە کە رێگە لە فراوانخوازی

ئیمپریالیستی بگیرێو نەهێڵرێ دەستکاری هیچ سنورێکی دەوڵەتان بکرێ کە لەگەڵ ئارەزووی گەلەکەیاندا یەکناگرێتەوەو مافی هەموو گەلێکیشە لە سەر جۆری ئەو حوکمەی کە ئارەزووی دەکات هەڵی بژێرێ[17]، لە ١٩٤٢/١/١دا کاتێ (تشرشل) چوە واشنتۆن بۆ کۆبونەوە لەگەڵ ئەو وولاتانەی کە دژی ئەڵمانیاو یابان دەجەنگان یەکەمین لێدوانی نەتەوەیەکگرتوەکان ئامادەکراو بڵاو کرایەوە، کە دەبێ دوای جەنگ سیستەمێك بونیاد بنرێ کە ئاشتیو ئاسایش بۆ جیهان دەستەبەربکا لە سەر بنەمای دان نان بەپرەنسیپەکانی لێدوانەکەی ئەتلەنتیو زاڵ بوون بە سەر دکتاتۆرەکاندا[18]، سەرەنجام لە ١٩٤٤/١٠/٧دا رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان پێکهات لە سەر ئەم پرەنسیپانەی خوارەوە:ـ

یەکسانی نێوان دەوڵەتان

بەنیەتی چاکەوە پەیوەندییە نێو دەوڵەتیەکان جێبەجێ بکرێن.

کوژانەوەی کێشەی نێوان دەوڵەتان بەرێگەی ئاشتی.

رێگرتن لە یارمەتی هەر دەوڵەتێك کە لە ناوخۆدا کردەوەی سەرکوت گەرانە پیادە دەکات .[19]

بنەماکانی کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتوەکان لە ناوەرۆکدا جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ کۆمەڵی نەتەوەکان، نەبوو تەنها ئەوەنەبێ کە کۆمەڵەی نەتەوەکان، زیاتر ئەوروپی بوو تا جیهانیو میکانیزمی جێبەجێ کەری بڕیارو راسپاردەکانی نەبو هۆیەکانیشی لە پێشەوەی ئەم باسەدا خرانە ڕوو.. یەکێك لە پرەنسیپەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان شۆڕبونەوەیە بۆ هەناوی دەسەلاتی دەوڵەت بەلاّم دیسان فەرامۆشو پشت گوێ خرا چونکە:

جیاوازی سیتەمی دەسەلاّتی زلهێزەکان، کاری سیاسی دبلۆماسی بە دوو ئاراستەی جیادا دەبرد



پێداویستییە لە پێشو هەنوکەییەکانی"ئەوسا" دەوڵەتانی سەرکەوتوو بە بازاڕی وولاتانی دامێن پێویستی بە دڵنەواییو لاواندنەوەی سیاسی دەسەلاّتی ئەو زلهێزانە دەکرد

زیاتر لە زلهێزێكو کامپی گەورە لە دوای شەڕ دەرکەوتنو ئەمەش بوە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ساردی نێوان شورەویو ئەمریکا..

لەم خالاّنەی سەرەوە بۆمان روون دەبێ کە سیاسەتی نێو دەوڵەتی لە نێوان دوو جەمسەری پێچەوانەدا لە رووی سیستەمی سیاسیو ئابوریو ئایدۆلۆژیو عریفەی دەسەلاّتەوە گیری خواردوو نزیکەی حەفتا ساڵ ئەم ململانێیە درێژەی کێشا..

ململانێی شەڕی ساردو فەرامۆشکردنی رۆڵی نەتەوەیەکگرتوەکان !

بە حوکمی ئەوەی لە سەرەنجامی شەڕی جیهانی دووەم دا ئەمریکا نەك لە بەرەی براوە بوو بەڵکو شەڕەکە ئەمریکا لە لایەكو شورەوی لە لایەکەوە، یەکالاّی سەرکەوتنیان کرد، بۆیە بۆ کامپی رۆژئاوا ئەمریکا پێشەنگو کامپی رۆژهەلاّت شورەوی پێشەنگی کامپە سەر بازیەکەی خۆی بوو. بە پالّپشتی ئەم دوو زلهێزە سەربازی، سیاسی، ئابورییەی دنیادا زۆربەی وولاتانی دامێن دابەشی هەر یەك لەو دوو کامپە ببوون. ململانێی شەڕی سارد کە لە سەر چارەنوسی ئەو وولاتانە بەڕێوە دەچووو ببونە کەرەستەی بۆڕبۆڕینی نێوان ئەمریکا. شورەوی هەوڵی دەدا ئەو وولاتانەی کە قەڵەمڕەوی ئەمریکان، دنەی شۆڕشگێڕیان بدات، بۆ هەڵتەکاندنی رژێمە دەستەلاّتدارەکانیان."سیستەم سەرمایەدار" ١ بە تایبەت ئەو دەوڵەتانەی کە دەسەلاّتی سەربازی بەڕێوەی دەبرد یان بیروکرات بوون. بۆ نمونە لە کوبا ساڵی ١٩٥٨,[20] و نیگاراگوا[21]، هەروەها پشتی پۆلیڤییەکانی گرت بەلاّم سەرکەوتوو نەبوو [22]، سەرەنجام شورەوی دنەی شۆڕشگێڕانی زۆرێك لە وولاتانی دا

بەڵام هەموویان سەرکەوتوو نەبوون: لەو وولاّتانەی کە شۆڕش سەرکەوتبو لە شەڕی سارددا ئەمانە بوون }ڤیتنام، کوبا، لاوسو کەمبودیا، ئۆگەندا{ لەو وولاّتانەش کە شۆڕشەکان تێك شکان ئەمانە بوون}یونان، اسپانیا، مالیزیا، بولیڤیا، ئەرجەنتین، کۆلۆمبیا، پیرۆ{[٢٣]. بێگومان ئاکامی ئەم شۆڕشو راپەڕینانە لە سەرکەوتنو ژێر کەوتنیان بە پلەی یەکەم شورەوی‌و ئەمریکا بەر پرسیارن، ئەوانەی کە سەرکەوتوون، ئەمریکا نەیتوانیوە بەرامبەر بەو بزوتنەوە کۆمەلاّیەتیە بەهێزەو پشتیوانیەی سۆڤیەت لەوە زیاتر بکا. لە بەرامبەریشدا شورەوی نەیتوانیوە لە وولاّتانەی کە شۆڕشەکەیان بێ ئاکام بووە لەوە زیاتر هەنگاوبنێ...

ئەمریکایش بە نۆبەی خۆی بۆ دابڕانو تێك شکاندنی نفوزی شوەرەوی چەندان نەخشو سیاسەتی تیۆریزە کرد وەك"مبدأ ألاحتواو" پرەنسیپی دەورەدان، ئەم سیاسەتەش خولّقاندنی واقیعێك بوو کە رێگری پێشکەوتنی شیوعیەتو بەربەستی فراوانبونی کامپی سۆشیالیستی بێ بە هەموو وەسیلە سیاسی‌و ئابوری‌و سەربازیەکان. ئەوەش بەوەوە دەبوو بەپێ‌ی"مبدأ ترومان" کە یارمەتی سەربازی بدرێتە ئەو ولاّتانەی کە خەتەری شیوعیەتیان لە سەرە وەك یارمەتی دانی تورکیاو یۆنان بە بڕی(٤٠٠) ملیۆن دۆلار لە بواری سەربازی[٢٤]. پاشان "مبدا التحریر والدفع" " Roll-Back" پرەنسیپی رزگاری کردنو پالّ پێوەنان، ئەم سیاسەتەش پشتی بە بزاوتنی ناوەندە سیاسی‌و ئابوری‌و سەربازیەکان دەبەست بە مەبەستی گێڕانەوەی سیستەمی سەرمایەداری بۆ وولاّتانی کامپی سۆشیالیستی[٢٥]...

لە سەردەمی جۆن کندی دا سیاسەتی"الکیلین" پەیڕەوکرا، ئەم سیاستە بریتی بوو لەوەی کە: دەبێ ئەمریکا هەموو هەلومەرجو توخمە جیاوازەکان بقۆزێتەوەو



هەموو وەسیلەیەك بۆ تێك دانی وەزعی ناو دەولّەتانی کامپی سۆشیالیستی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی سیستەمی سەرمایەداری یان جۆرێك لە سیستەمی سۆشیال دیموکرات پەیڕەو بکرێ لەو وولاّتانەو بۆ ئەم سیاسەتەش چارەسەری سەربازی‌یش پشگوێ نەدەخرا وەك تەداخولی ئەمریکا لە ڤیتنام[٢٦] ئنجا لە سەردەمی جۆنسۆن دا ١٩٦٤ سیاسەتی(بناو الجسور) بنیاتنانی پردەکان"هاتە گۆڕێ کە پشتی بە هەناردنی فەرهەنگو کلتوری سیاسی‌و ئابوری ئەمریکی دەبەست بۆ ناو دەولّەتانی سۆشیالیستی بە مەبەستی لاوازکردنی پەیوەندی شورەوی‌و ئەو ولاّتانە[٢٧].

ئنجا"مبدأ التوازن القوی" هاوسەنگی هێزەکان لە گۆنگرەی هلسنکی‌دا دارێژرا لە سالّی ١٩٧٥ کە ٣٥ دەولّەت بە ئەمریکاو کەنەدا وە بەشداربون بە ناوی کۆنگرەی ئاشتی‌و هاوکاری لە ئەوروپا" کە زیاتر بۆ هاوسەنگ راگرتنی توانای سەربازی‌و سیاسی‌و نفوزی قەلّەمڕەوەکان بوەو تەداخولی هەریەکەیان لە کاروباری ناوخۆیی ئەوی تریان سنوردار کرا. لە دوای گۆنگرەی هلسنکی‌یەوە کە جۆرێك لە سیاسەتی سەقامگیربونی سیاسی نێو دەولّەتی پەیڕەو دەکرا، دیسان لە سێبەری ئەم سیاسەتەدا قازانجی گەورەی بۆ دەسەلاّتە بیروکراتو دکتاتۆرەکان لێ کەوتەوەو خەباتی رزگاری نیشتمانی میللەتانیش پشت گوێ دەخرا. چونکە:

١- هەر یەك لە ئەمریکاو شورەوی لە هەولّی راگرتنی هەلومەرجی سیاسی‌و سەربازی‌و ئابوری دەسەلاّتی دەولّەتانی مەیل بە خۆیان دا بوون.

٢- بۆمانەوەی پابەند بونی وولاّتانی سەربە شورەوی چاو پۆشی لە جۆری دەسەلاّتو ئایدۆلۆژیای حوکم ڕان دەکرا

٣- بۆ مانەوەی پابەند بونی ئەو وولاّتانەی سەربە ئەمریکا بوون چاوپۆشی لە جۆری دەسەلاّتو ئایدۆلۆژیای دەسەلاّت دەکرا.

٤- شەڕی سارد توانای تەکنەلۆجی سەربازی ئەو وولاّتانەی بەرز کرد بۆوە ئەمەش پێویستی بە ساغ کردنەوە هەبوو. باشترین بازاڕی ساغ کردنەوەی تەکنەلۆژیای سەربازیش بازاڕی وولاّتانی دامێنو وا بەستەی کامپەکان بوە.

ئەوەی کەوای کرد گرەوی بردنەوەی شەڕی سارد بەر ئەمریکا بکەوێ تەنها بالاّ دەستی تەکنەلۆجیو چەکی ناوکی نەبوو، چەکی کۆمەڵ کوژو ئەتۆمیش لە سەر شورەوی تاقی نەکرایەوە بەڵکو لە پاڵ ئەمەدا مەعریفەی دەسەلاّتی ڕۆژئاوا بە سەرکردایەتی ئەمریکا لە هەشتاکان بە دواوە دەبوە بزوتنەوەیەکی کۆمەلاّیەتیو لەزوربەی وولاّتانی دامێن دەسەلاّتە تۆتالیتاریو میلیتاریەکان بۆ سیستەمی دیموکراتی وەردەچەرخان بەم جۆرەی خوارەوە:

## لە ئەوروپا:-

١- لە پورتوگاڵ لە ١٩٧٦وە ئەو وولاّتە ژیانی دیموکراتی دەگوزەرێنێ بە هۆی ئەوەی بە ئینقیلابێکی سەربازی دەسەلاّتی (کایتانو) روخاو (ماریو سواریز) شوێنی گرتەوە

٢- لە ساڵی ١٩٧٤وە لە یۆنان دەسەلاّتە کۆلۆنێلەکان کۆتایی هاتو بەهۆی هەلّبژاردنەوە"کارمانابس" هاتە سەرکار

٣- لە ئیسپانیا کاتێك"فرانسیسکۆ فرانکۆ" مرد وولاّت بەرەو دیموکراسی هەنگاوی نا[٢٨].

لە ئەمریکای لاتین

١- لە ساڵی ١٩٨٠ دوای دوانزە ساڵ حوکمی ئیستیبدادی، دیموکراتی بوە ئەلتەرناتیف لە پیرۆ.



٢- لە ساڵی ١٩٨٢ بە هۆی شەڕی فۆکلاندەوە دەسەلاّتی دیموکراتی راستەو(ئەلفونسین) بە سەرۆکی ئەرجەنتین هەلّبژێردرا.

٣- لە ساڵی ١٩٨٣-١٩٨٤ ئۆرۆ گوایی‌و بەرازیل بە دوای یەکدا دەسەلاّتی میلیتاری کۆتایی هاتو دیموکراتیو حوکمی مەدەنی شوێنی گرتەوە.

٤- لە کۆتایی هەشتاکاندا دەسەلاّتی"سترۆیسندی" دکتاتۆر لە پاراگواییو لە (شیلی)ش پینۆشێی دکتاتۆر کۆتایی یان هاتو لە سەرەتای نەوەدەکانیشدا، نیکاراگواش بەرەو دیموکراتی ملی نا[٢٩]..

## لە ڕۆژهەلاّتی ئاسیا

١- فلیپین/لە ساڵی ٨٦ مارکۆس ڕۆیشتو کوروزان ئەکینۆ جێگەی گرتەوە

٢- لە کۆریای باشور لە ساڵی ١٩٨٧ جەنەراڵ"شون" تەنازولی کردو(رووتای وو) بە هەلّبژاردن بوە سەرۆکی وولاّت.

٣- لە ئەفرقیای باشوریش ١٩٩٠ نیلسۆن ماندیللا بە بڕیارێك بەربوو لەزیندانو حوکم بوە حوکمی زۆرینە[٣٠]، ئاکامی ئەم گۆڕانکاریەش کە بەرهەمی باهۆزی دیموکراتیە ختوکەی قەلّەمڕەوی شورەوی‌داو سەرەنجام رەوتەکە روسیای دایکی شورەویشی گرتەوە ئەوەتا بۆریس یەلّتسن لە ووتارێکدا لە بەردەم کۆمەلّەی روسیای سەربەست لە ١٩٩١/٧/١دا ووتی:

"وولاّتەکەمان بێبەختە، بە سەرماندا سەپاوە ئەزموونی دیموکراتی جێبەجێ بکەین ! قەدەریش پاڵی پێوەناوین بەو ئاراستەیەدا، لە جیاتی ئەوەی ئەم ئەزموونە لە دەوڵەتێك بە نمونە لە ئەفریقیا تەواو بکرێ، کەچی لە ئێمەوە دەستیان پێ کرد، بەلاّم لە کۆتاییدا توانیمان بیسەلمێنین کە ئەو بیرو باوەڕە لای ئێمە جێگەی

نابێتەوە، ئەم گۆڕانە وای لێ کردین کە لە ڕێڕەوی دەوڵەتە شارستانیەکاندا وە دەرکەوین... هتد[٣١].

## سیستەمی سەقامگیری سیاسی لە سێبەری"جیهانگیری"دا

مامۆستا سید یاسین دەڵێ" ئەگەر بمانەوێ لە دارشتنی پێناسەیەکی تیۆرتەسەل بۆ"جیهانگیری" وەنزیك کەوین حەتمەن دەبێ گەوهەری سێ پرۆسەکە دەربخەینو ئیعتباریان بۆ دابنرێ، کە پرۆسەی یەکەم: پەیوەندی بەبڵاوبونەوەی زانیاری"معلومات"هەیە بە شێوەیەك کە لە ناو سەرجەم کۆمەڵگاکاندا بڵاودەبێتەوە. پرۆسەی دووەم: پەیوەندی بە توانەوەو کاڵ بونەوەی سنوری نێوان دەوڵەتان هەیە. پرۆسەی سێیەمیش: زیاد بوونی ڕێژەی وێکچونی نێوان کۆمەڵگاو دامەزراوەکانە... سەرجەم ئەم پرۆسانە هەندێ ئاکامی خراپو سلبیان سەبارەت بە هەندێ کۆمەڵگا لێ دەکەوێتەوەو هەندێ ئاکامی ئیجابی سەبارەت بە هەندێ کۆمەڵگای لێ دەکەوێتەوە"[٣٢]. ((کاریگەری"جیهانگیری"لە چەمكو مارەسە کردن دا سیادەی نیشتمانی پێ شێل دەکاو ڕۆڵی دەوڵەت لە سێبەری"جیهانگیری دا لە حاڵەتی مانو نەماندایە))[٣٣].

"هەروەها سید یاسین زیاتر دەیەوێ پرسیار لەوە بکات کە ئایا جیهانگیری لەڕوی ئابوریەوە چی لێ دەکەوێتەوە. وەڵامەکەی لای ئەو ئەوەیە کە شمولیەتو سوڵتەداری" دەپوکێنەوە. لەڕوی کلتوریشەوە بە پرسیار کاریگەرییەکەی دەخاتە روو دەڵێ لە کاتی بەرقەرار بونی ئەم کلتورە جیهانیەدا دوژمنایەتی لە سەر خسوسیەتە کلتوریەکان پەیدا نابێ؟ کە هەرەشەیە بۆ سەر کۆمەڵگا هاوچەرخەکان[٣٤]. دکتور عبداللە لە بلقزیر دەڵێ:"جیهانگیری کاری پیتاندنی کەلتورو دوژمنایەتی کردنی سەرجەم کلتورەکانی ترە"[٣٦] بەپێی ئەم تیێڕوانینەی



بەلقەزیر" کلتوری جیهانگیری کە کلتوری زلهێزە ئابوریو خاوەن کۆمپانیا زەبەللاحەکانە" کلتوری کلاسیکی نەتەوەی سەر دەستی بیروکراتو ناکامڵ تەنگ پێ هەڵدە چنێ، کە زەمەنێکە میللەتانی تا ئێستا ژێر دەستە بارمتەی فەرهەنگو کلتوری دواکەوتوی دەسەڵاتداری وڵاتانی دامێنن.

لەڕووی پەیوەندیکردنیشەوە"الاتصالات" سید یاسین دەڵێ:- بە هۆی بەشی تەلەفزیۆنو سەتەلایتو لەوانەش باشتر تۆڕی ئەنتەرنێتە کە لە سەرانسەری جیهاندا هەموو مرۆڤایەتی بەیەکەوە دەبەستێتەوە. زۆر پرسیار لە سەر ئەو تۆڕەی ئەنتەرنێتە دەکرێ، بەڵام بەدڵنیاییەوە بڵاوبونەوەو پێ هەڵاچونی گەورەترین شۆرشی ئەبستمولۆجی دەبێ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا[٣٥].

دکتۆر جەلال ئەمین چەمکی جیهانگیریو کاریگەرییەکانی لە چەند خاڵێکدا خستۆتە روو لەوانە:-

١.هەرەسو کاڵ بونەوەی دیواری بەرز ! کە هەندێك نەتەوە لەڕابوردوو دا پارێزگاری پێ لە خۆی دەکرد، بە هۆی باهۆزی جیهانگیری لە ناوچە گرنگەکانی دنیا کە تا دوێنێ بە جۆرێك لە جۆرەکان دابڕا بوون. گرنگترینیان ئەوروپای شەرقیو وڵاتی چینە کە ئارەزو مەندانە کۆتایی بەم داخرانە هات.

١. زیاد بونی چڕی دانیشتوان لە ناو کۆمەڵگاکانو نەتەوەکاندا کە لەگەڵ جیهانی دەرەوە کار لە یەك دەکەن.

٢. ئاڵوگۆڕی بازرگانی مایەوە بەڵام"لە سێبەری جیهانگیریدا" ئاڵوگۆڕی زانیاریشی چوە سەر

٣. زاڵبونی کۆمپانیا فرە ناسنامەکان بە سەر ئاڵوگۆڕی کاڵاو سەرمایە گوزاری وەك وەسیلەیەکی تازەی جیهانگیری.

٤. گۆڕانی ناوەندێتی دەوڵەت[٣٧].

لێرەوە تێ دەگەین پێداویستی‌یە دورنماکانی کۆمپانیا فرە ناسنامەکان کە بڕیار دەری چارەنوسی پەیوەندی نێو دەوڵەتین. بازاڕێکیان بە کەڵك دێ کە پانتایی‌یەکەی کونو قوژبنی ئەم جیهانە بگرێتەوە ئەمەش لە خۆڕا نابێ بەڵکو پێویستی بە زەمینە سازی دەوڵەتان، کۆمەڵگاکان، نەتەوەکان هەیە. خودی ئەم کۆمپانیایانەو بەرهەمەکانیان گرەنتی درێژە پێدانی تەمەنی وڵاتە زەبەللاحەکانن لە سەرویانەوە ئەمریکا..

بەرجەستەکردنی زەمینە کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو سیاسیەکانی ئەم بازاڕەش پێویستی بەخۆ گونجاندنی دەسەڵاتەکانی وڵاتانی دامێن هەیە لەگەڵ سیستەمی مەعریفەی وڵاتانی خاوەن ئەم کۆمپانیایانەو مەعریفەی دەسەڵاتیش لای ئەو دەوڵەتانە کرۆکەکەی دیموکراتی‌یە دیموکراتیش پێش ئەوەی پێویستی‌یەکی سیاسی بێ پێویستی‌یەکی ئابوری‌یە..

لە بەرئەوەیە کە هوروژمی ئەم بازارە دەسەڵات نامۆو دڕدۆنگەکان زوو یا درەنگ هەڵدەلوشێ. ئەوەش وا لە هەلومەرجی نێودەوڵەتی دەکات کە نەك سنوری نێوان دەوڵەتانو قەڵەمڕەوەکان سەقامگیر بکرێت بەڵکو هەناوی کۆمەڵگاکان، دەوڵەتان سەقامگیر دەکات چونکە لە بارودۆخە جیاجیاکانو دوای شەڕە جیهانیەکان چەمکی سەقامگیری سیاسی سنوری نێوان دەوڵەتانو دەسەڵاتی وا بەستەی زلهێزەکانی پیرۆز ڕادەگرت. بەڵام ئەم سەقامگیری‌یە سیاسیەی سایەی جیهانگیری سنورە دەستکردەکان کاڵ دەکاتەوەو رەنگە ئەم"سەقامگیری سیاسیەی" دوای کۆتایی جەنگی سارد باسی لێوە دەکرێ کە زادەی سەرهەڵدانو لە دایك بونی جیهانگیری‌یە، بەپێی جیاوازی دەوڵەتو نەتەوەکانو بە گوێرەی بەرژەوەندیەکانیان لێکبدرێتەوە. بۆ نمونە لەڕووی ئابوری‌یەوە بۆ وڵاتانی زلهێزی خاوەن کۆمپانیاکان ستراتیژەو ئاراستە کراوەو بە



هەموو وەسیلەیەك ئیشی بۆ دەکرێ لە لایەن نەتەوەی سەر دەستی وڵاتانی دامێن بە هەرەشە لێك دەدرێتەوە، تایبەت ئەگەر ئەو دەوڵەتە فرە نەژادو نەتەوەو ئایین بێ کە تا ئێستا لەڕووی سیاسیو فەرهەنگیو ئابوریو تەکنەلۆجی‌یەوە نەگەیشتونەتە پلەی کامڵ بون"درجه التكامل". سەبارەت بە میللەتانی ژێر دەستەی وڵاتانی دامێنیش لە ڕووی سیاسیو فەرهەنگی.. هتد بە پیرۆز را دەگیرێ.

دکتۆر جلال امین پێی وایە: ڕۆڵی دەوڵەت بەرەو پوکانەوە دەچێو دامەزراوەکان وەکو کۆمپانیا فرە ناسنامەکان جێی دەگرنەوە[38].

دکتۆر اسماعيل صبريش دەڵێ: چونە پاڵیەکی ئەرکە ئابوریو کۆمەڵایەتیو سیاسیو کلتوریەکان بێ گوێدانە سنوری سیاسی دەوڵەتە خاوەن سیادەکان یان ئینتیما بۆ نشتمانو دەوڵەتێکی دیاری کراو بێ ئەوەی حکومەت بتوانێ ئیجرائاتی پێویست بکات، سیمایەکی جیهانگیری‌یە[39].

دکتور محمد اگرشیش، لە پێناسەکردنی چەمکی جیهانگیری دا وا دەبینێ کە جیهان بۆ بازاڕەکان"بازاڕی کۆمپانیاکان" مل کەچ بکات ئەمەش دەبێتە هۆی پێ شێل کردنی سنورە نەتەوەیی‌یەکانو شکاندنی سنوری دەوڵەت. رەگەزی بنچینەیی لەو دەرکەوتە یەشدا کۆمپانیا فرە ناسنامەکانن[40] ئەو کاتەی بازارەکان گرنگتر دەبن لە سیادەی دەوڵەتان دوای ئەوانە بیانوی داگیر کەرانی وڵاتی نەتەوەکان" وڵاتانی دامێن" بۆ خەفەکردنی خەباتی نەتەوەییو پشگیری نێو دەوڵەتانیان دەرحەق بەو مەسەلەیە کاڵ دەبێتەوە. واتە سەقامگیری هەناوی کۆمەڵگە لەڕوی ئابوری سیاسیو فەرهەنگی‌یەوە پێویستی‌یەکی جیهانگیری‌یەو سیادەی نیشتمانیو سنور بەربەستێکی جیهانگیری‌یە. سەقامگیری سیاسی دوای جەنگی جیهانی یەکەم پاراستنی سنوری نێوان قەڵەمڕەوەکان بوو وە زیاتر

تەقەللای پاراستنی سنوری دەوڵەتان دەدرا.. نەگوشار دەخرایە سەر دەسەڵاتی ئەو دیوی سنوری دەوڵەتانو نەگوێش بە ئاڵوگۆڕی هەلومەرجی سیاسیو حوکم رانی ناو دەوڵەوتانیش دەدرا. چونکە خودی دەوڵەتانی سەرکەوتوو تەنگژەی نا ئارامی سیاسیو ئابوریو ئیدارییان هەبوو زۆریشیان تا جەنگی جیهانی دووەم هەلوومەرجی ناوخۆیان سەقامگیر نەکرا.. لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیش چەمکی سەقامگیری سیاسی لە تێڕوانینی ستراتیژی دوو زلهێزەکەی رۆژهەڵات"شورەوی"و رۆژئاوا"ئەمریکا" کە جیاواز بون لەڕووی مەعریفەی دەسەڵاتەوە کار بۆ بەر قەرار بونی ئەو سەقامگیرییە سیاسیە دەکراو هەر یەکەیان بە مەبەستی پاراستنی سنورو دەسەڵاتی، وولاتانی وا بەستەی خۆیان سەقامگیری سیاسیان دەویست. بەڵام دوای جەنگی سارد جیهان بوە جیهانی تاك جەمسەریو زاڵبونی یەك سیستەمی ئابوریو سیاسیو کلتوری. لەڕووی سۆسیۆلۆجیشەوە وولاتان سازاوی ئەم سیستەمی تازەیەی دوای جەنگی ساردن چەمکەکەش لە سەرانسەری دنیادا یەك سیستەمی سیاسیو دیموکراتیو ئابوریو.. هتد پێیە چونکە وولاتە پیشەسازییە گەورەکانی دنیا جگە لەوەی خەمی خەتەری چارەنوسی سنوری جوگرافی خۆیان لە چاو جاران نەماوە. کۆمپانیاکانیانو کارتێلە ئابورییەکانی نێوانیان حەواڵەی یەك ئاراستەی کاری ئابوریان دەکەن کە بەهۆی سندوقی دراوی نێو دەوڵەتیو رێکخراوی بازرگانی جیهانییەوە دەتوانن ئابوری هەموو دنیا لە یەك بازاڕی گەورەی دنیادا لە قاڵب بدەن... هەمیشە دەسەڵاتی حوکم ڕانی دەوڵەتان پەیوەندی نێو دەوڵەتی بەڕێوە بردەوەو لەوێوە پرەنسیپە نێو دەوڵەتیەکان داڕێژراون، بە گۆڕانی دەسەڵاتەکانیش، ئەم پرەنسیپانە گۆڕانیان بە سەردا هاتوەو لەسیماو ناوەڕۆکیشدا پەیوەندییە نێو دەوڵەتەکانیش وەرچەرخان، کەواتە کاتێك ئێستاو ئایندەی پەیوەندییە نێو



دەوڵەتیەکان لە سەر هەمان ئەو پرەنسیپە بەڕێوە دەچێ کە"دەسەڵاتەکانی ئێستاو ئایندە زمانحاڵی کۆمەڵگاو وولاتەکەی دەبێ" لە رابوردوشدا نوخبە دەسەڵاتی سەپاندوەو هەر کۆمەڵگاش جێ گۆڕکێی بە نوخبەی دەسەڵات کردوە بەمەش وەرچەرخان لە پەیوەندی نێو دەوڵەتی روویداوە، تایبەت ئەگەر گۆڕانی دەسەڵات لە وولاتانی زلهێزدا بوو بێ، کاریگەری بەرچاوو گۆڕانی دیار لە پەیوەندی نێو دەوڵەتی دەرکەوتوە، وەك گۆڕانی دەسەڵاتی روسیای تزاریی لە ساڵی(١٩١٧) و پاشان سەرکەوتنی بەلشەفیکەکانو دامەزراندنی یەکێتی شورەوی. ئەگەر دەسەڵاتیش بە ئیرادەی گەلەکەییو سیاسەتی نێو دەوڵەتی ناکۆك بێ ئەوا سیاسەتی دەرەوە کاریگەری لە سەر ئەو دەسەڵاتە دەبێ. هەمیشەش دەسەڵاتەکانی دەوڵەتانی زلهێز هەوڵدەدەن، جۆری دەسەڵاتی وولاتانی دامێن وێچووی مەعریفەی دەسەڵاتی ئەوان بێ. لە سەر دەمی دوای جەنگی ساردیش خەریکە مەعریفەی دەسەڵاتە زاڵەکانی دنیا وەك یەك دێنەوەو ئەمەش گوشارێکە توشی وولاتانی دامێن دێ ئەوانیش لە قاڵبی مەعربفەی زاڵی نێو دەوڵەتی دەدا مەعریفەی زاڵی نێو دەوڵەتیش. مەعربفەی دەسەڵاتی زلهێزەکانی خاوەن کۆمپانیا فرە رەگەزکانە کە کرۆکی ئەو مەعریفەیە دیموکراتی لیبرالییە:[٤١] بە دیموکراتی خولڤاندنی دەسەڵاتیش لە سەرجەم وولاتانی دنیادا سەقامگیری سیاسی نێو دەوڵەتی. هەناوی کۆمەڵگاکانو وولاتان سەقامگیر دەکا..

دکتور محمد اگرش:"پێی وایە ئەگەر دەوڵەتێك پەیرەوی سیاسەتێك بکاتو ئەم سیاسەتە کاریگەری سلبی بکاتە سەر قازانجەکانی هەناردەی ئەو کۆمپانیایەی لقێکی لەو وولاتەدایە ئەوا دەتوانێ لقەکە دابخاتو لەڕوی ئابورییەوە گورزێکی کاریگەر لە ئابوری ئەو وولاتە بوەشێنێ. بۆیە دەتوانرێ سنور بۆ سیادەی دەوڵەت دابنرێت لەلایەن کۆمپانیاکانەوە"[٤٢].

کۆمپانیاکان هێندە کاریگەربن لە سەر چارەنوسی ئابوری دەوڵەتان هێندەش کاریگەری لە سەر سیاسەتی دەوڵەتان جێ دێڵن بە چەشنێ کە مەعریفەی بونیادی سیاسی کۆمپانیاکان سیاسەتی دەوڵەتانی دامێن وەردەچەرخێنن... مادامەکی وێك چونی سیاسەتو بنەما ئابوریەکانی کۆمپانیاکانو وولاتانی دامێن پێداویستیەکی ئابوریو سیاسی فەرهەنگی چەمکی جیهانگیری بێ، سەقامگیری سیاسی هەموو دنیا بەرەو یەك ناوەرۆكو مانا دەڕوا کە دەربڕی پەیوەندیە نوێ چەشنەکانی ئابوریو سیاسی فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیەکانی پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان بێ. بەمەش ئەم سەقامگیر بونە سیاسیە نێو دەوڵەتیە هەم هەلومەرجی ناو کۆمەڵگا هێمن دەکاتەوەو ئاسودەیی سیاسیو فەرهەنگیو ئابوری پێیە، هەم پەیوەندییە نێو دەوڵەتیەکانیش ئارام را دەگرێ.

لە دوای شەڕی جیهانی یەکەم سەرمایەداری بەرەو کامڵ بون دەچووو لە بۆڕ بۆڕێنی خۆ کامڵ کردنی زلهێزەکاندا شەڕی جیهانی دووەم هەڵایسا (پێ دەچێ جیهان بەرگەی خۆ کامڵ کردنی هەموو ئیمبراتۆریەتەکانی نەگرتبێ چونکە پشتیان بە کۆلۆنی کردنو داگیر کردنی وولاتانی دامێن دەبەست بۆیە پێ دەچێ بە شێك لە ئیمپراتۆریەکان بوبنە پاروی سیاسی سەرکەوتنی هەندێکیان لە دوای شەڕی جیهانی دوەمیش"شەڕی سارد" زلهێزەکان خۆیان کامڵ کردو بە چەشنێکی پێشکەوتوو تر ئۆقرەیان گرت تاوای لێهات بازاڕی دەوڵەتی خاوەن بەرهەمی سەرمایەو پیشەسازی بەرگەی بەرهەمە پیشەسازیەکانی خۆیانیان نەگرت. لە قۆناغی دوای شەڕی ساردیشدا سیاسەتی پەیدا کردنی بازاڕیان پەیڕەو کردو فەلسەفەی سیستەمی مەعریفەی دەسەڵاتیشیان پاڵپشتێکی گرنگی ئەم نەخش ستراتیژەیان بوو..



## کوردو سەقامگیری سیاسی

لە قۆناغە جیاجیاکانی پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکاندا، کە باس لە سەقامگیری سیاسی کرابێ بە مەبەستی پاراستنو ئارام راگرتنی نفوزو قەڵەمڕەوی ئەو زلهێزانە بووە کە توانای داڕشتنی بنەماکانی پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکانیان هەبوو.. قەڵەمڕەوەکانیش لە پێناو راگرتنو کامڵ کردنو پەرەگرتنی پێکهاتە سیاسی، ئابوریو سەربازیەکانی زلهێزەکاندا بووە ئەم سەقامگیریە سیاسیەش زیاتر مەبەستی ئارام راگرتنی سنوری نێوان وولاتانی قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتەکانو زلهێزەکاندا بوە زۆر جاریش تایبەت لە دوای شەڕی جیهانی دوەم بە دواوە تاکۆتایی جەنگی سارد خەباتی نەتەوە ژێر دەستەکان بوەتە قوربانی بەر قەرار بونی سەقامگیری سیاسی نێو دەوڵەتی کە زیاتر تەعبیری لە سەقامگیری نێوان سنورە جوگرافیەکانی وولاتان کردوەو ئامرازی سەقامگیری ئەو هەلومەرجە سیاسیەش، پاراستنو پشگیری کردنی دەسەڵاتە جیاجیاکانی زاڵی وولاتانی دامێنی قەڵەمڕەوی ئەو زلهێزانەی ئەو سابوە. ئەمەش هۆی سەرەکی ئەوە بوو کە بەرقەراری سەقامگیری"سنوری" سیاسی ئەو دەوڵەتانە خزمەتێکی گەورەی بە بازاڕی کاڵای تەکنەلۆجی سەربازی دەکرد..

"سیاسەتی سەقامگیری کە لە سەر دەستی"لینجۆنسکی" وەك تێور هەڵاوێردرا ئەم سیاسەتە دورنمای تەقەلای هێزە گەورەکانی جیهان شیدەکاتەوە لە ململانێ کردن لە سەر دابەشاندنی دەسەڵاتو قەڵەمڕەوە سیاسیو ئابوریەکانیان بە مەبەستی پاراستنی وەزعی وەستاو"راهن"و خۆ بە دوورر گرتن لە بەیەکدا هەڵشاخانی سەربازی[٤٣]، هەڵبەت کۆمپانیاکانو ئینجا کۆمپانیا فرە ناسنامەکان ئێستا بەرهەمە زەبەللاحەکانیان لەبەرهەمی کاڵای سەربازی تێپەڕاندو کاڵای نوێ چەشنی بەرهەم هێنا. ئەمەش وای کرد کۆتایی

جەنگی سارد ببێتە زەمەنی راپێچ کردنی هێزە بڕیار بەدەستەکانی دنیا لە ژێر گوشاری کۆمپانیاکاندا بۆ دۆزینەوەی دەرەتانێکی ئابوری ئەو تۆ کە تەقەڵلای بە (بازاڕ) کردنی هەموو جیهان بدەنو لێرەوە سنوری سیاسی رابوردو لە بەردەم پێداویستی‌یە ئابوری‌یە نوێ چەشنەکاندا کاڵ بونەوەو، ئەوەی پێی دەوترا (سیادە) نیشتمانی لە سەر زاری نەتەوەی سەردەستی وولاتانی جیهانی سێ تایبەت وولاتانی دامێن، گرنگی یاسایی‌و سیاسی خۆی لە دەست بداتو مل کەچی ئیرادەی ئابوری وولاتانی خاوەن کۆمپانیا زەبەللاحەکان بێت..

بۆ ئەوەی بازاڕی جیهانی بەرجەستەی بەرهەمی نوێ چەشنی کۆمپانیا فرە ناسنامەکان بکرێ پێویست دەکات بازاڕی ناو وولاتانی دامێنیش فەراهەم بکرێو بە بازاڕی جیهانی‌یەوە بلکێنرێ. ئەم لکانەش پێویستی بە سازانو ئارام بونی هەلومەرجی ناو خۆی وولاتانی دامێن هەیە لەڕوی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئەتنیکی‌و فەرهەنگی‌و..هتد. بەمەش دەتوانرێ هەلومەرجی نێو دەوڵەتی سەقامگیری هەمە لایەنە بکرێ لێرەوە سەقامگیری سیاسی سنورەکان تێی پەڕاندو سەقامگیرکردنی هەناوی دەوڵەتەکان بوە پێداویستی‌یەکی ئابووری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و هتد... وەك گوترا بەپێی پێداویستی‌یە ئابوری‌یەکانی وولاتانی خاوەن کۆمپانیا زەبەللاحەکان لە سەرویانەوە ئەمریکا“ سیادەی دەوڵەتانو سنورە پیرۆزەکانی ! رابوردو کاڵ بونەوەو لە بچوکترین کاروباری ناو هەناوی دەوڵەتانی دامێن خۆ تێ دەکێشنو زوو یا درەنگ بە ئاراستەی ئەو پێداویستی‌یە ئابوری‌یانەی خۆیان هەلومەرجی ناو دەوڵەتان بەرەو سەقامگیری دەبەن، رەنگە ئەم خۆتێ کێشانەی زاهێزەکانیش بە تایبەت ئەمریکا بە شێوەیەکی رێژەیی"نسبی" حساب بۆ نەتەوەی ژێر دەستو سەردەست بکاتو لەو حاڵەتەشدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە. پرەنسیپەکانی ئەم سەقامگیری‌یە سیاسیەی ئێستای



پەیوەندی‌یە نێو دەوڵەتیەکان لەزەمەنی سایەی سیستەمی جیهانگیری‌یەوە کامانەن؟و کام دەرەتانی سیاسی بۆ میللەتانی ژێر دەستەی وەکو کورد لە خۆ دەگرێ؟ وە کورد دەبێ کام گوتاری سیاسی بکاتە پەناو پێناوی رەهەندی سیاسی نەتەوەیی تا پشکی دەرەتانە سیاسیەکانی پێ ببڕێ؟!

کۆتایی شەڕی جیهانی یەکەم کە بە قۆناغی سەرهەڵدانی نەتەوەکان لێك دەدرێتەوە لە مێژووی نوێدا“ زۆربەی نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتە تێك شکاوەکانی لێوە رزگار بوون بە تایبەت ئەو نەتەوانەی کە لەڕووی سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و ئاینی‌یەوە توانیان باری بابەتی لەگەڵ باری خۆیی "زاتی" بە هاوسەنگی بکەنە دیفاکتۆ بە سەر پەیوەندی‌یە نێو دەوڵەتیەکانەوە. بە پێچەوانەشەوە ئەو نەتەوانەی کە نەیان توانی باری خۆیی‌و بابەتی بە ئاراستەی قۆستنەوەی پرەنسیپەکانی ئەو پەیوەندی‌یە نێو دەوڵەتیانەدا هاوسەنگ ئاراستە بکەن، نەلوا بگەنە رزگاری نیشتمانی‌و پێکەوەنانی دەوڵەتی نەتەوەیی. نەتەوەی کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانەی کە تا ئەم هەلومەرجە نێو دەوڵەتیەی ئێستا نەیتوانیوە باری بابەتی‌و خۆیی هاوسەنگ بکاتو دەرەتانی قەرار گرتنی گوتاری نەتەوەیی بدۆزێتەوە.

ئێستا“ سەرجەم ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان پێوەلکاوە هەریەکەیان تایبەتمەندی مەعریفەی دەسەڵاتیان لەگەڵ یەکدا ناتەباو لە بەرامبەر سیاسەتی نوێی نێو دەوڵەتیشدا جۆرێك لە مامەڵەی سیاسی ئابوری پەیڕەو دەکەن. ئەمە وای لەرەوشی کورد کردوە هەر پارچەیەکی کوردستان تایبەتمەندی‌یەکی سیاسی بەباڵا بڕابێ لە باری سەرەنجی هێزی باڵا دەستی سیستەمی جیهانگیریدا کە ئەمریکایە بەرامبەر بە دەسەڵاتی ناوەندی پارچە پێوە لکاوە کە لە ئێستاو ئایندەی ئەو پارچە یە بڕوانرێ.. هەڵبەت کوردستانی عێراقو تورکیا، لەم

هەلومەرجەدا گرنگترین‌و هەڵاسیاوترین دوورەوشی کوردستانن لە ڕەهەندی هاوکێشە سیاسی‌و ئابورییەکانی ناوچەکەو دنیادا کە بە هەستیارییەکی سیاسی‌و ئابورییەوە ڕەچاوی چارەسەری سیاسی دەکرێن لە لایەن ئەمریکاوە.

بێگومان دەسەڵاتی سیاسی زاڵ بە سەر کوردستانی تورکیاو کوردستانی عێراق، جوداوازییەکی گەورە لە مەعریفەی دەسەڵات‌و تایبەتمەندییە سیاسیە دەرەکیەکانیاندا لە ئارادایە. بۆیە هەریەکە لە کوردستانی بەشی تورکیاو عێراقیش لە هاوکێشە ئیقلیمی‌و نێو دەوڵەتیەکاندا تایبەتمەندییان وەرگرتوە. لەوەوە پێویست دەکات چۆنێتی گوتاری سیاسی‌و پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی ناوەندی هەریەکە لە تورکیاو عێراق بە هێزی زاڵی بڕیار بە دەستی سیاسی‌و ئابوری‌و سەربازی  دنیا کە ئەمریکایە لێ ی بتوێژرێتەوە..

### کوردستانی باکورو سەقامگیری سیاسی نێو دەوڵەتی

هەڵبەت لە پرۆسەی سەقامگیرکردنی سیاسی دەوڵەتانی دامێندا نازی سیاسی دەسەڵاتی ناوەندی ئەو دەوڵەتانەی کە هاوپەیمان‌و دۆستی دێرینەی ئەمریکان ! زیاتر دەکێشرێ‌و ئەم نازکێشانەش سیاسەتی رادیکالانەی نەتەوەی ژێر دەستە کالتر دەکاتەوەو بە ئاقاری هاوسەنگ ڕاگرتنی داخوازییە ئەهوەنە سیاسییەکانی میللەتی ژێر دەستەو بەخشندەیی دەسەلاتی سیاسی نەتەوەی سەردەستدا تەقەللای دبلۆماسی دەخاتە ئارای سەقامگیر بونی سیاسی‌و لێرە دا ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە دەسەڵاتی دەوڵەتی هاوپەیمان لە چارەسەری کێشە نەژادی‌و نەتەوەییەکاندا کەمترین زەرەری دیموکراتی بکات‌و نەتەوەی ژێر دەستیش لە قالبی مساوەمە دیموکراتیەکان دەدات . ئەوەتا لە تورکیا دوای ئەوەی کە ئۆجەلانی سەرۆکی PKK گیراو بڕیاری لە سێدارەدرانی درا لە لایەن دادگای



دەوڵەتی تورکیاوە وای لە ئەو حزبە کرد کە هێدی هێدی ئامۆژگاری‌و چاو سورکردنەوە ژێر بە ژێرەکانی وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا بڕیاری چەك دامالێن‌و تەنانەت خۆتەسلیم کردنەوەی هێزەکانی بدات بە دەوڵەتی تورك‌و تەنها بە پێدانی مافی فەرهەنگی‌و ئازادی ڕێکخراو بوون‌و بە ئازادی قسەکردن بۆ کوردەکان ڕازی بن، سەرەڕای ئەوەی تا ئێستا بە ئاشکرا تورکیاو دەسەلاتەکەی هیچ بەڵێنێکییان بە ئۆجەلان‌و حزبەکەی نەداوە، بەڵام لە باری سەرنجی حکومەتی ئەمریکا کە لە "١٤/٨/١٩٩٩"دا ڕاگەیەنراو لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ١٩٢٦ ڕۆژی دوشەممە ١٦/٨/٩٩ بلاو بوەوە، بە ئاشکرا نازکێشانێکی قوڵی تورکیاو سەلماندنێکی مافی فەرهەنگی کوردی لەدیدی سیاسیانەی ئەمریکاوە بۆ دورنمای سیستەمی سیاسی تورکی لێ دەردەکەوێ. ڕەنگە بۆ تورکیا نەلوێ هەتا سەر درێژە بە سیاسەتی"نکوڵی" کردن بدات دەرهەق بە کوردو ئەمەش لەو پێوەدانگەوە سەرچاوە دەگرێ کە حکومەتی ئەمریکا بۆ بەرقەرار کردنی کەشێکی سەقامگیر لە ناوچەکەو دنیادا پێویست بەوە دەکات هاوپەیمانەکانیشی نەك هاندەریی سەقامگیرکردنی سیاسیانەی جیهان بن بەڵکو لە هەناوی پێکهاتە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و فەرهەنگی‌و ئەتنیکی خۆشیاندا ڕاپێچی چارەی گرفتەکانیان بکەن، چونکە ئەگەر تا دوێنێ بە هۆی پێویستییە جیوپۆلۆتیکیەکانی هاوپەیمانەکان بۆ سەقامگیر کردنی هەژموونی کلاسیکی ئەمریکا لەڕوبەڕو بونەوەی بەربەستە سیاسیەکاندا چاو پۆشی لە سیاسەتی سلبی ئەو وڵاتانە کرابێ ئەمڕۆ هەژمونگەری ئەمریکا کە لە سەر پایەی سەقامگیربونی نوێ چەشن دەڕوا پێ لە سەر، چاکتر کردنی پرۆسیسی دیموکراتی دادەگرێ‌و دیموکراتی دەبێ بە ئەندازەی سەقامگیر بونی هەناوی وڵاتان قوڵبکرێتەوەو بگاتە ئاستی ژێر کردنەوەی سیاسی ڕەوشە هەڵاسیاوەکانی

ناو ئەو ولاّتانە بە تایبەت هاوپەیمانەکان بەلاّم لە پاڵ ئەم مەرامە سیاسیەشدا گوشارێکی دبلۆماسیو سیاسیو تەنانەت مخابەراتیش دەخاتە گەڕ لەپێناو لە قالّب دانی ئەو بزوتنەوانەی کە ممارەسەی سیاسەتی تەنگ پێ هەلّچنین دەرهەق بە ناوەندی هاوپەیمان پەیڕەو دەکەن. ئەمەش لە سەر سیاسەتی ئۆجەلانو حزبەکەی کاریگەری نواندوەو لە لایەك هەم بیانوەکانی تورکیا دەرهەق بە سیاسەتی نکۆڵی کردن لە کورد پشت گوێ دەخات چونکە تا ئێستا لە چوارچێوەی نازکێشانی ئەمریکادا تورکیا وەك هێزێکی دەست ڕۆیشتوو مامەڵەی لەگەڵ کوردو(PKK) دا کردوەو هەم PKKش جگە لە بادانەوە بەلای نەخشی ئەمریکادا هیچ دەرەتانێکی تری بۆ نامێنێتەوە ئەمەش واقیعێکی چاوەڕوان کراوی سیاسیەو ئەو هاوسەنگیەیە کە هێزی بالاّ دەستی دنیا کە ئەمریکایە لە نێوان دەسەلاّتی هاوپەیمانو رەوشی دیفاکتۆی کوردیدا دەیکاتە دەرەتانێکی سیاسیو بەمەش تورکیا سەقامگیر دەکاتو چارەسەری رادیکالاّنەش بۆ رەوشی نەتەوەیی کوردی لە تورکیا کالّ دەکاتەوە وێڕاش مەسەلەی کوردو چارە نوسەکەی لە تورکیا رێڕەوی گەشەی مێژوویی خۆی دەگرێو دوور لە گرژبونو پێك هەلّپڕژان پرۆسەی نەتەوەیی چەکەرە دەکات بەلاّم قۆناغی کامڵ بونی رزگاری نیشتمانیو دەرەتانی چارەنوسساز بۆ دەستە بەرکردنو بەرجەستە بوونی مافی چارەی خۆ نوسین درێژ تر دەبێتەوە. لێرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئەمریکا، لە پێناو دورنمای ستراتیژی سەقامگیری سیاسی هەناوی دەولّەتانی هاوپەیمان بە پشویەکی سیاسی قوڵەوە تەقەللای راهێنانو دەستەمۆکردنی هاوپەیمانەکانی دەکاتو دەشبێتە کەرەستەی تەعبئەی نێو دەولّەتی تەنگ پێ هەلّچنینی دەسەلاّتی ولاّتانی نەیارو دڕدۆنگی مەعریفەی ئەمریکا، کە دەکرێ عێراق بە نمونەیەکی زەق لە ناوچەکەو دنیادا لێك بدرێتەوە.



## کوردستانی عێراقو سەقامگیری سیاسی

هەڵبەت سەقامگیر بونی سیاسی دولایەنەیە یەکەمیان سەقامگیرکردنی سنوری نێوان وولاّتان وەك ئەوەی کە عێراق لە کوێت دەرپەڕێنرا کە ئەمە بابەتی باس نیە.

ئەوی تریان سەقامگیرکردنی هەناوی دەولّەتانە. حکومەتی عێراقی دەسەلاّتەکەی بە مەعریفەو سیاسەتی ئەمریکا دڕدۆنگەو ئەوەی کە مەبەستە لەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە ئایا رەوشی عێراق بە کوردستانیشەوە لە ستراتیژی ئەمریکا دا کام گوتاری سیاسی کوردی لە چارەنوسی سیاسی عێراقدا جێ ی دەکرێتەوە؟.

لەدیدی حکومەتی ئەمریکاوە سەرەڕای لەمپەری تورکی رەوشی کوردستانی عێراق هەورازتر چوە. ئەگەر لە ئامۆژگاریو رێنماییەکانی ئەمریکاو هاندانی تورکیا بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد بەو ئەهوەنیەی کەباسکرا بۆ زیاتر پاراستنو توکمە کردنی دەولّەتی تورکیا بێتو مەبەست بێت بیانوەکانی ناوەندە سیاسیە نێو دەولّەتیەکان لە بەرامبەر تورکیا رەش کاتەوە کە سەبارەت بە مەسەلەی مافی مرۆڤ ئاراستەی دەکرێن. ئەوا مەسەلەکە لە عێراقو کوردستانەکەیدا پێچەوانە دەبێتەوە..

دەسەلاّتی ناوەندی عێراقی ئێستاو پێکهاتە نەژادیو ئایینیەکەیو کاریگەریە ئیقلیمیەکانی وای کردوە دەسەلاّتی عێراقی وەك پێویست دەستەمۆی ئەمریکا نەکرێتو گرنگی ئەو وولاّتەش لەروو بەرەوو بونەوەی ئەگەرو پێشهاتەکانی دیفاکتۆ سیاسیەکانی ناوچەکە لە بەرامبەر سیستەمی سەقامگیری سیاسی ژێر سایەی"جیهانگیری دا" پێویست بەوە بکات ئەمریکا چارەسەرێکی لیبراوانە تر دەرحەق بە دۆسیەکانی ناو عێراق پەیڕەو بکات. بەمەش رەوشی

کوردی گرنگی‌یەکی زۆرتر لە کوردستانی تورکیا بۆ ئەمریکا پەیدا دەکات ئەم گرنگیەش وا دەکات گوتاری سیاسی کوردی پتەوتر ببێ‌و لە مامەڵەی عێراقی‌و ناوچەیی‌و جیهانیشدا سەنگینتر تەماشابکرێ ئەمەش ناوەندێتی دەسەڵات پەرت دەکات. بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە بە وابەستەی ئەمریکی بمێنێتەوە. هەر لە بەر ئەوەشە کە سەنگێکی سیاسی باشتر دەدرێتە مەسەلەی کوردو لە ئەگەری برانەوەی شەڕی ناو خۆشدا، چارەنوسێکی باشتر بە کوردستانی عێراق دەبڕێ‌و حوکم رانی کوردی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا کارکەرێکی سیاسی پتەو دەبێ بۆ سەقامگیرکردنی سیاسیانەی عێراق‌و جڵەوگیرکردنی دەسەڵاتی ناوەند لە ئەگەری لاموجومی کردن‌و سەر پێچی ئایندەدا ئەو کاتە عێراق دەکرێ بکرێتە ئەو وڵاتەی کە وەك هۆکارێکی ئیقلیمی، گوشارێك بێ بۆ سەقامگیر کردنی دەسەڵاتی وڵاتانی تری ناوچەکە.

## پوختەی باس

سیستەمی هاوسەنگی هێزی میترنیخ‌و کاستلری بە مەبەستی پاراستن‌و هێشتنەوەی سنورو دەسەڵات‌و قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتەکان بوو پاشان یاسای سیستەمی هاوسەنگی نێو دەوڵەتی بەدرێژە پێدەری هەمان مەبەستی پێشوو رێگرتن لە خەتەری خۆ پڕ چەك کردن‌و شێواندنی هەلومەرجی ناو ئەوروپا بە گشتی‌و سەلامەتی ئیمپراتۆریەتەکان بە تایبەتی هاتە گۆڕێ. پاش شەڕی جیهانی یەکەمیش کە زۆر تر بە زەمەنی سەرهەڵدانی نەتەوەکان ناو دەنرێ تا ئەو جێ‌یەی خەبات‌و رزگاری نەتەوەکان لە قاڵبی بە سەر پێ کەوتنی زلهێزە سەرکەوتوەکانی دوای شەڕو گونجاندنی لەگەڵ بەرژەوەندی‌یە سیاسی‌و دینی‌و ئابوری‌و سەربازیەکانی وڵاتانی سەرکەوتوو پەسەند کراو لەودیوی بەرژەوەندی‌یە نوێ چەشنەکانی دوای سیستەمی تازەی دوای جەنگی جیهانی یەکەم‌و زۆر جاریش لە



پێناوی پاراستنی سەقامگیری سیاسی نێوان قەڵەمڕەوەکان‌و دەسەڵاتی سیاسی وڵاتان وابەستەی زلهێزەکان دژایەتی توندیش کران‌و سەقامگیری سیاسی ناوەرۆکەکەی پانتایی سیاسی، سێبەری دەسەڵاتەکانی وڵاتان بوە بەزلهێزو کەم هێزەکانەوە"بێ هێزەکان" لە سەرجەم قۆناغەکانی پێش شەڕی جیهانی یەکەم‌و دوای شەڕی جیهانی یەکەمیش کە جۆرێك لە سیستەمی سیاسی نێو دەوڵەتی هاتۆتە گۆڕێ هیچ ستراتیژێکی نێو دەوڵەتی روون نەبوە کە بۆ دورنمای ئابوری‌و سیاسی‌و هتد. دارێژرا بێ‌و سەرجەم زلهێزەکانی حەواڵەی مەرامە سیاسیە دورنماکان کردبێ.. بەڵکو هەموو سیستەمی دوای جەنگەکان لە سەر بنەمای جارێکی تر روونەدا نەوەی شەڕ دارێژراون.

لە رابوردوشدا تا کۆتایی جەنگە جیهانی‌یەکان جیاوازی سیستەمی دەسەڵات‌و پێنەگەیشتنی فەرهەنگ‌و جیاوازی توانا جیاجیاکانی ئیمپراتۆریەتەکان، دەوڵەتان، هێزەکان“ هۆی سەرەکی بەرپابوونی ململانێ‌و گەشتن بە شەڕو داگیرکاری‌و. ئارەزووی دەوڵەتانی زەبەللاح بۆ فراوانکردنی قەڵمڕەوەکانیان بوە تا ئەو جێ‌یەی بۆیان لواوە.. بەڵام کە لەگەڵ هێزێکی هاوکوفی، ئابوری‌و سیاسی‌و سەربازی خۆیان یەکانگیر بوون قازانج سەری مایەشی خواردوە ئەمەش یەکێك لە هۆیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ چاك نەزانین‌و نەخوێندنەوەی توانای سەربازی‌و سیاسی‌و ئاشنانەبون بە فەرهەنگی بەرامبەر. لە کاتێکدا بە هۆی چەمك‌و سیتەمی"جیهانگیری"یەوە دەوڵەتانی زەبەللاح لە کونج‌و کە لە بەری پێکهاتەو توانا هەمەچەشنەکانی یەکتر ئاشنا دەبن‌و لەوە شەوە پێشوەخت تێگەیشتن لە ئاکامی سەرکەوتن‌و زاڵ بون هۆی سەرەکی پشت کردنە لە ململانێ‌ی سەربازی هەمەلایەنەو لەبری ئەوە پابەندبون بە سیتەمێك کە هەموان دەتوانن پشکی دورنمای ئابوری سیاسی‌و هتد. یان پێ ببڕێ بە ئەندازەی توانای(پەیدای) دەوڵەت

له ململانێ پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان. لە زەمەنی دوای جەنگی سارديش دا: کۆمپانیاکان پێویستی ژیارییان بە قەڵەمڕەوی بازاڕ هەیە کە جاران بازاڕەکان بەپێی نفوزی سەربازی بۆ بازاڕی سەربازی دابەشدەکران، ئێستا کۆمپانیاکان بێ حساب کردنی سیادەی دەوڵەتو پیرۆزی سنور لە سەر رادەی بەرهەم هێنان و باجو نرخ، کۆك دێنەوەو هەموو بازاڕەکان دەکەنە یەك قەڵەمڕەوی سایەی بەرهەمی نوێ چەشنی خۆیانو توانای زەبەللاحی کۆمپانیاکان لە کارتێلەکانی نێوانیان بە رێژەی قازانجو ساغ کردنەوەی کاڵاکانیان دیاری دەکەن، هەر وولاتێك کۆمپانیای زۆرو زەبەللاحی پێشکەوتوی زیاتربێ قورسایی زیاتریی لە دەستە بەرکردنی بازاڕ پێ دەبڕێ بۆ نمونە کۆمپانیاکانی ئەمریکا(١٥٣و ئەوروپا ١٥٥و یابان ١٤١) کۆمپانیان.[٤٤]

کاریگەری ئەم کۆمپانیایانە کار لە سیاسەتی نێو دەوڵەتی دەکات بە ئاراستەی سازانو دەستە بەرکردنی بازاڕێك کە هەموو دنیا بکەنە قەڵمڕەوی بازاری خۆیانو ئەوەش سیاسەتی نێو دەوڵەتی بە ئاراستەیەکدا دەبات کە سەقامگیری سیاسی نێو دەوڵەتی قەرار بگرێ کە شۆڕدەبێتەوە بۆ بازاڕی ناو کۆمەڵگاکانو دەبێ کۆمەڵگاکان لەڕوی سیاسیو ئابوریو ئیداریو فەرهەنگی یەوە سەقامگیر بن. ئەم سەقامگیرییە سیاسیەی هەناوی کۆمەڵگاکانی وڵاتانی دامێن پێویستیبە دیموکراتیزە کردن هەیە. بۆیە سەقامگیری سیاسی نوێ چەشنی سایەی چەمکی جیهانگیری نوێ سەقامگیری سەرتاسەری هەناوی کۆمەڵگاکانی جیهانە...

لەم هەلومەرجە سیاسیە نوێیەشدا رەوشی کوردی رو لە هەورازە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە کلتوری نەتەوەیی کوردی سەرەڕای گوشارە سیاسیو کلتوریە ئەنتی ئەتنیکییەکان، مایەوە. چارە نەکرانی ئەم رەوشەش هەمیشە چەقی کێشەی ئەو



دەوڵەتانە دەبێ کە پارچەیەکی کوردستانیان پێوەلکاوە. پێداویستییە سیاسیو ئابوریو فەرهەنگییەکانی سیستەمی سەقامگیری نوی چەشنیش بەرگەی، ئاڵۆزیە سیاسیەکانی هەناوی دەوڵەتەکانی دامێن ناگرێو پێویستی بە ئارام کردنەوەی ئەو دەوڵەتانە هەیە بەو پێودانگە سیاسیو ئابوریە ئەمریکاو زلهێزەکان لە ئەگەری سازانی گوتاری کوردیدا باشتر پشتگیری چارە کردنی رەوشی کوردی دەکەن.

**پەراوێزەکان:**

[1] ص٢٨-٣٠ درب السلام الصعب/ هنری کسنجر- ترجمة- د. علی مقلد -الطبعة الثانية ١٩٩٤م-بیروت-لبنان- منشورات الدار العالمية للطباعة والنشر والتوزيع

[2] ص٢٩-٣٠ هەمان سەرچاوە

[3] ص٢٩-٣٠ هەمان سەرچاوە

[4] ص١٩٨ هەمان سەرچاوە

[5] ص٢٤ هەمان سەرچاوە

[6] ص٧-٨ الدول الكبری بين الحربين العالميتين ١٩١٤-١٩٤٥ تاليف/ د. محمد محمد صالح- د. ياسين عبد الكريم- د. نوری السامرائی

[7] ص٩-١٠ هەمان سەرچاوە

[8] ص١١-٢٧ هەمان سەرچاوە

[9] ص١٠-١١ هەمان سەرچاوە

[10] ص١١-٢٧ هەمان سەرچاوە

[11] ص١٢٩-١٣٠ العلاقات الدولية ما بين ١٩١٤-١٩٤٥ (تطور الاحداث ما بين ١٩١٤-١٩٤٥ ) تاليف: د. ريض الصمد

[12] ص١٢٩ هەمان سەرچاوە

[13] ص١٣٠-١٣١ هەمان سەرچاوە

[14] ص١٣٠-١٣١ هەمان سەرچاوە



[15] ص١٦٦ العلاقات الدولية مابين ١٩١٤-١٩٤٥ (تطور الاحداث ما بين ١٩١٤-١٩٤٥ ) تاليف: د. ريض الصمد

[16] ص١٦٦ هەمان سەرچاوە

[17] ص٢٩٦ الدول الكبری بين الحربين العالميتين ١٩١٤-١٩٤٥ تاليف/ د. محمد محمد صالح- د. ياسين عبد الكريم- د. نوری‌السامرائی

[18] ص٢٩٦-٢٩٧ هەمان سەرچاوە

[19] ص٢٩٦-٢٩٧ هەمان سەرچاوە

[20] ص٦٢ شۆڕشی کوردستان‌و گۆڕانکاریەکانی سەردەم/ حیکمەت محمد کەریم- مەلا بەختیار

[21] ص٧٤ هەمان سەرچاوە

[22] ص٨٧-٩٠ هەمان سەرچاوە

[23] ص٥٨ هەمان سەرچاوە

[24] ص٣٢٦-٣٢٧ الدول الكبری بين الحربين العالميتين ١٩١٤-١٩٤٥ تاليف/ د. محمد محمد صالح- د. ياسين عبد الكريم- د. نوری السامرائی

[25] ص٣٢٧ هەمان سەرچاوە

[26] ٣٢٨-٣٢٩ هەمان سەرچاوە

[27] ص٣٢٩ هەمان سەرچاوە

[28] ص نهاية التاريخ / افرانسيس فۆكوياما- ترجمة وتعليق/ د.حسين الشيغ- دار العلوم العربية- لبنان- بيروت- الطبعة الاولى ١٩٩٣

[29] ص هەمان سەرچاوە

[30] ص٣٠-٣٩ هەمان سەرچاوە

[31] ص١٠٧ هەمان سەرچاوە

[32] ص١٨ العولمة ليست الخيار الوحيد/ تاليف- منير الحمش- الطبعة الاولى ١٩٩٨

[33] ص١٩ هەمان سەرچاوە

[34] ص٢٠ هەمان سەرچاوە

[36] ص٤١ هەمان سەرچاوە

[35] ص٢٠ هەمان سەرچاوە

[37] ص٢٠-٢١ هەمان سەرچاوە

[38] ص٢١ هەمان سەرچاوە

[39] ص٢١ هەمان سەرچاوە

[40] ص٢٦ هەمان سەرچاوە

[41] ص١٦ نهاية التاريخ / افرانسيس فۆكوياما- ترجمة وتعليق – د. حسين الشيخ – دار العلوم العربية- لبنان- بيروت- الطبعة الاولى ١٩٩٣

[42] ص٢٧ العولمة ليست الخيار الوحيد/ تاليف: منير الحمش – الطبعة الاولى ١٩٩٨

[43] ص٤٤ الحرب الكردية وانشقاق ١٩٦٤ / تاليف: ديڤيد ادامسن جرجيسن فتح الله- الطبعة الثانية- اربيل ١٩٩٩

[44] العولمة ليست الخيار الوحيد/ تاليف: منير الحمش- الطبعة الاولى ١٩٩٨

# چەمکی سەروەریی دەوڵەتان

سەروەریی (السیادە) دەوڵەتان وەك بیرۆکە لە بنەچەدا لەوەوە هاتوە کە پاشاکانی سەردەمی فیودالی سەروەرییەکیان هەبووە کە بە هیچ جۆرێك نەدەچوونە ژێرباری هیچ کۆتو مەرجێکی یاساییەوە[1] لێرەوە چەمکی سەروەریی دەوڵەتان وەك بیرۆکەیەك کەوتە ناو بنەما یاساییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانەوەو سەروەری لە سیفەتێکی رەهاو بالاتر لە یاسای پاشاکانەوە کرایە روپۆشێکی پیرۆزو بە بەر دەوڵەتاندا کرا... کاتی خۆی (جان بۆدان)[2] پاشای فەرەنسی بە سەروەریی وەسف کردوەو سەروەریی بەوە لێك داوەتەوە کە دەسەلاتی رەهای پاشایە بەسەر دانیشتوانەوە بەلام لە ئێستادا سەروەری کۆتدارە بە یاسای گشتی نێودەوڵەتیەوە[3] هەڵبەت کۆتداربونی سەروەری دەوڵەتان بە



یاسای نێودەوڵەتیەوە مانای وایە بالایی ئەو سەروەرییە لە ئاست ئەو یاسایەدا، بە نزم تر سەیر دەکرێ.

کەوابێ دەکرێ بڵێین، سەروەریی دەوڵەتان بریتییە لەو تایبەتمەندییەی کە دەوڵەتان هاوشانی دروست بونیان، پەیدای دەکەن لە سێبەری یاسا نێودەوڵەتیەکاندا، کە تیایدا بەهایەکی گرنگ بە دەوڵەت دەداتو بەهۆیەوە لەناو پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا مامەڵە دەکاتو لەگەڵیشدا مامەڵە دەکرێ. هەر بەهۆی (سەروەری)یشەوە دەوڵەتان مەکسەبی سیاسی، دبلۆماسی، ئابوریو سەربازیو هتد. بەدەست دێنن.

## پێویستی سەروەریی بۆ دەوڵەت

سەروەریی بۆ دەوڵەت گرنگییەکەی لەوەدا دەردەکەوێ کە لەرووی یاساییەوە، سەربەخۆیی نەتەوە دەسەلمێنێو بەمەش کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی بۆ نەتەوە فەراهەم دەکات کە لەسەر ئاستی ناوەخۆی دەوڵەت، پێکهاتەی گەل لەگەڵ خاكو دەسەلاتەکەی شەرعیەت پێ دەداتو چوارچێوەیەك لەناو یاسای نێودەوڵەتیدا دابین دەکات، بەوەش وەك دەوڵەت چارەنوسی لەناو پەیوەندی نێودەوڵەتاندا، دێو دەچێ..

لەسەر ئاستی دەرەوەش دەوڵەتی خاوەن سەروەریی (سیادە) هەموو ئەو مافانە وەدەست دێنێ کە دەوڵەتان لەناو رێکخراوی نێودەوڵەتیدا بەدەستی دێنن" وەك سەربەخۆیی سیاسی، فەرهەنگیو ئابوریو سەربازیو هتد. ئەمەش هاندەرێکی گرنگ دەبێ لە پێشخستنی رەوتی نەتەوەییدا ئەگەر دەوڵەتەکە یەك رەگەز بوو و لەسەر ئاستی گەلدا ئەگەر دەوڵەتەکە فرە رەگەز بوو.

## سەروەریی دەوڵەتو نەتەوەی سەردەست

مەبەست لە نەتەوەی سەردەست ئەو نەتەوانەن کە قەوارەی نەتەوەیییان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەرییدا پێکەوە ناوە لەسەر حسابی نەتەوەکانی تر، زیاتر نەتەوەی سەردەست بەو دەوڵەتانەدا ناوزەد دەکرێ کە لە نەتەوەیەك زیاتری تێدا نیشتەجێ بن.

دەوڵەتانی لەو چەشنە، کە نەتەوەیەك سەردەستەیە، مانای وایە کە ئەونەتەوەیە فەرمانڕەوایی ولاتی لەدەست دایە، جا نەتەوەی سەردەست چ بە ژمارە لە نەتەوەکانی تر زۆرتر بێ وەك لە تورکیا، عێراق، جەزائیرو مەغریب... هتد و چ بە ژمارە کەمتر بێ وەك لە ئێرانو ئیسرائیل دا (تا سەرەتای نەوەدەکان لە دەوڵەتی ئەفریقیای باشور سپی پێستەکان کەمینەبوونو نەتەوەی سەردەست بوون) لەم جۆرە دەوڵەتانەدا، دیموکراسییان نیە، یان لاوازەو رەنگە دیموکراسی ئەگەر هەشبێ، تەنها نەتەوەی سەردەست بۆی هەیە مارەسەی ژیانی دیموکراسی بکاتو چێژ لە ئازادیە جۆراوجۆرەکان وەرگرێ (وەك لە تورکیادا باوە)، نەتەوەی سەردەست دەسەلاتە بالاکانو دامەزراوە گرنگەکانی بەدەستەوەیەو فەرهەنگی نەتەوەی سەردەست بە زمانو مێژوو هەموو سیماکانیەوە زاڵ دەبێ بەسەر فەرهەنگو نەریتەکانی تردا.

ئاسایشی نەتەوەیی لە ولاتانی فرە نەژاددا، بریتییە لە پێناسی ئاسایشی نەتەوەی سەردەستو هەر هەڕەشەیەك بۆ سەر نەتەوەی سەردەست لەلایەن نەتەوەی بن دەستەوە بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت لێك دەدرێتەوە.

زۆر پاساوی سیاسی، یاسایی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانو یاسای نێودەوڵەتاندا دەکرێتە بیانوی بەگژداچونەوەی هەر خرۆشانێکی نەتەوەی بن دەست، بەلام لە کۆنەوە تا ئێستا هەستیارترین پاساو، پاساوی سەروەریی



دەوڵەتە، سەروەریی دەوڵەت، کراوەتە بەهانەی لێنەگەڕانی (عدم السماح) نەتەوەی سەردەستو بەگژداهاتنەوەی هەر پشتگیرییەکی دەرەکی بۆ هاوارەکانی نەتەوەی بن دەست، پاساوی سەروەریی (السیادە) دەوڵەت، لە یەکەمین پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە سەرچاوەی گرتوە، کە لە بڕگەی یەکەمی مادەی دووەمی دەستور (میساقی)ی ئەو رێکخراوەدا هاتوە (تقوم المنظمه علی مبدأ المساوات فی السیاده بین الدول)(٤)

به یەکسانی لە قەڵەم دانی سەروەری دەوڵەتان، مانای ئەوەیە کە سەربەخۆیی دەوڵەتی نەتەوەیی گرنگییەکی ئەوتۆی دەدرێتێ بەڕادەیەك کە نەتەوە ژێردەستەکان، سەرەڕای قوربانی بێوێنە! ئاسان نەبێ بگەنە ئەو ئامانجە لە پێکەوەنانی قەوارەی سیاسی بۆ خۆیان چونکە لە دواجاردا دان نان بە سەروەریی، گەڕانەوەیە بۆ دان پیانانی لەلایەن رێکخراوی نێودەوڵەتیەوە.

ئەنجومەنی گشتی UN لە یەکەم کۆبونەوەی لە مەکسیك لە ساڵی ١٩٦٤لە پرەنسیپی (المساوات فی السیاده بین الدول) دواوەو زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵی گشتی لەسەری رازی بوونو بەم جۆرە تەفسیریان کردوە!(٥) .

١. سەرجەم دەوڵەتانی ئەندام یەکسانن لە سەروەریی بەو وەسفەی کە کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتین بۆیە دەوڵەتان لە مافو ئەرکیشدا یەکسانن.

١. یەکسانی لە سەروەرێتی ئەم توخمانە (عنصر) لە خۆ دەگرێ:

أ. سەرجەم دەوڵەتان لەبەردەم قەزادا یەکسانن.

ب. هەموو دەوڵەتان ئەو مافانە وەدەست دێنن کە سەروەریی تەواو بەدەستی دێنێ.

ج. لەسەر هەر دەوڵەتێکە رێز لە کەسایەتی دەوڵەتە گەورەکان بگرێ.

ت. رێز گرتن لە سەلامەتی هەرێمایەتیو سەربەخۆیی سیاسی دەوڵەتان.

پ. لەم تەفسیرانەی سەرەوە لە خاڵی (ت)دا ئەوە رون دەبێتەوە کە سەروەریی دەوڵەت دوو مەسەلەی گرنگ دەکاتە مەکسەب کە بریتین لە: یەکەم/ سەلامەتی هەرێمایەتیو دووەم/ سەربەخۆیی سیاسی دەوڵەتەکە.

سەلامەتی هەرێمایەتی پەیوەستە بەوەی کە لەڕووی یاسایی نێودەوڵەتییەوە دەوڵەتی خاوەن سەروەریی لەبەرامبەر هەر هەڕەشەیەکی، نێودەوڵەتی دەرهەق بە پێکهاتەی هەرێمەکەی لە خەم دەرەخسێو سەبارەت بە خاڵی دووەمیش کە سەربەخۆیی سیاسیی‌یە، دەوڵەتی خاوەن سەروەریی ئەوەی بۆ دەستەبەر دەبێ کە هەر هەڕەشەیەك بۆ سەر سەربەخۆیی‌یەکەی لەسەر ئاستی ناوخۆدا، سەرهەڵبدات یاسای نێودەوڵەتی بە پێی میساقی رێکخراوی نێودەوڵەتی (UN) رەت دەکرێتەوە، رەتکدرنەوەکەش بە جۆرێکە کە هەم سەربەخۆیی زامن کردووەو هەم هەر دەسەڵاتو گوشارێك بە ئاقاری دروست کردنی دەوڵەتێکی تر لەناو دەوڵەتی خاوەن سەروەرییدا میساقەکە دەبێتە بەربەستی سەلماندنی سەروەریی بۆ دەوڵەتی تازە.

لەبڕگەی حەوتەمی مادەی دووەمی دەستووری UN دا هاتوە کە" "شتێك نیە لەو میساقەدا کە رێبدات بە نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ دەست تێوەردان (التدخل) لەو کاروبارانەی کە تایبەتن بە دەسەڵاتی تەواوی ناوخۆی دەوڵەتێك، و لە میساقیشدا نەهاتوە کە وابکات ئەندامانی ئەو مەسەلانە بخەنەڕوو چونکە پێشێل کردنی میساقە، سەبارەت بە ئەو پرەنسیپەش پێشێل کردنو پشت گوێ خستنی پیادەکردنی تەگبیرکردنی دەربارەی سەرکوت کردن ناگەیەنێ کە لە فەصلی حەوتەم دا هاتوە"[٦].



بەپێی ئەم پرەنسیپە لە میساقی UN دا رێگە لە UN دەگرێ کە دەست وەربدات لەو مەسەلانەی کە پەیوەستن بە دەسەڵاتی ناوخۆی وڵاتان تەنها مەسەلەی سەرکوت کردن نەبێ.

هەڵبەت لەم حاڵەتەشدا دەوڵەتی خاوەن سەروەریی دەتوانێ سوود لە شەرعیەتی سەروەریی وەربگرێ کە لەناوخۆیدا مەسەلەیەکی پەیوەندار بە چارەنووسی ئەو دەوڵەتەوە، خۆی خاوەنی بڕیار بێو هیچ دەسەڵاتێك لە دەسەڵاتی ناوخۆی دەوڵەتەکە باڵاتر نابێ.

لێرەوە نەتەوەی سەردەست بە شێوەیەکی لاستیکی ئەم پرەنسیپە دەکاتە بیانوی رێگرتن لەدەست تێوەردانی دەسەڵاتی (UN).

## سەرداریێتیو نەتەوەی بن دەست

ئەگەر سیادەی دەوڵەتان بۆ نەتەوەی سەردەست خەلاتێکی چارەنوس بووبێ بە پێچەوانەوە بۆ نەتەوەی بن دەست، بوەتە هۆی نەهامەتیو دەردەسەری هەمەلایەنە..

چونکە شەڕو ململانێو ناکۆکی نێوان دوو نەتەوەی خاوەن دەوڵەتو سەروەریی وەکو یەك دەتوانن لە ناوەندە نێودەوڵەتیەکاندا لەڕووی یاسایی‌یەوە مامەڵا بکەنو هەر پاساوێك لایەکیان شکی ببات بۆ لایەکەی تر بوونی هەیە بەڵام کارەساتەکە ململانێی نەتەوەی سەردەستو نەتەوەی بن دەستە چونکە نەتەوەی سەردەست بەهۆی ئەوەی کە سیادەی دەوڵەتەکە بە قازانجی خۆی بەکاردێنێ لەڕووی یاساییو سیاسیەوە لە بوارە جیاجیاکانی تریشدا هەر پاساوی هەیە بەڵام نەتەوەی بن دەست لێی بێ بەشە. بۆ نمونە نەتەوەی سەردەست دەتوانێ چەکی وڵاتەکەی بەکاربێنێ بۆ سەرکوتی هەڵایسانی نەتەوەی بن دەست، لە هەر کوێیەکی وڵات

سوپا مۆڵ بدات ڕێی پێ دراوە، ئابوری وولآت لەو پێناوە بەکاربێنێ بەڕەوا دادەنرێو...هتد.

بەڵام نەتەوەی بن دەست راپەڕینەکەی دەچێتە قالبی نایاسایی‌و سەرکوت کردنی لەلایەن دەسەڵاتەوە حەڵاڵ کراوە داواکردنی ئازادی‌و مافە جیاجیاکان بە حەرام دادەنرێ زیاتر ئەمانە لە وولآتانی نادیموکراتی‌دا ئاواهان ئەگەر چی لە وولآتانی دیموکراتیدا ڕێڕەوی مێژوی لە بارێکی دیکەدا دەڕوا چونکە یان ئازادی‌و دیموکراسی دەبێتە هۆی پێکەوە هەڵکردنی نەتەوەکان‌و لەم حاڵەتەدا هیچ قەیدێك لەسەر ئەو مافانە نابێ کە بۆ نەتەوەی سەردەست دەست بدەن‌و نەتەوەی بن دەست داوای بکات بەڵام جاری وا هەیە یان بە سەلماندنی دیموکراتی یان بە گوشاری هەمە لایەنەی ناوخۆیی‌و دەرەکی دوو نەتەوەکە لێك جیادەبنەوە.

## جیهانگیری‌و سەروەری دەوڵەتان

گومان هەڵناگرێ چەمکی جیهانگیری (عولمە) لەگەڵ خۆیدا بە هەردوو باری پۆزەتیف‌و نێگەتیف دا  کاریگەریی بەسەر گشت دیاردەو دەرکەوتەو چەمکە سیاسی، ئابوری، فەرهەنگی‌و هتد. جێ‌دێڵێ. هەڵبەت جیهانگیری، پێش هەر شتێك دەبێ، لەو دیاردەو دەرکەوتانەدا وەخوێندرێ کە لە بازنەی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لەلایەك‌و لەناو هەناوی کۆمەڵگاکاندا لەلایەکی دیکەوە دەیخاتە روو: جیهانگیری ئەگەر بریتی بێ لە هەموو ئەو گۆڕانکاری‌و پەرەسەندنانەی کە پێشکەوتنی زانست‌و تەکنەلۆجیا هێناویەتیە دی لە بوارە جیاجیاکانی زانیاری (معلومات) ئابوری، پێشکەوتن‌و پەخشی فەرهەنگی‌و لەوەوە پێداویستی‌یەکانی کۆمپانیا فرەناسنامەکان، کەواتە لەوە تێ دەگەین جیهانگیری پێش ئەوەی بڕیاری سیاسی وولآتانی زلهێزبێ بۆ خۆی فوارەی پێهەڵاچونی ژیانە لە بواری



تەکنەلۆجیاو هەر ئەم پێهەڵاچونەی تەکنەلۆجیاش کلتوری ئەو نەتەوانە ئاوس دەدات کە پەرەپێدەری زانست‌و تەکنەلۆجیان‌و لەوەوە کوانوەکانی کلتورەکان دەتەقنەوەو لەگەڵ خۆشیدا سەرلەنوێ تەکان دەکاتەوە بەر بونیادی دیاردەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و هتد.

بە گشتی جیهانگیری کار لە هەموو چەمکەکان دەکات ئەوەی لێرە مەبەستمانە بیخەینە روو ئەو کاریگەری‌یەیە کە جیهانگیری دەیکاتە سەر چەمکی سەروەریی (مفهوم السیادە) هەڵبەت لە سەرەتای دروست بوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتان کە خاوەنی سەروەرین لەو بوارانەی پەیوەستی سەروەریی یاساغ (قەدەغە) کراوە بەپێی بڕگەی ٧ لە مادەی دووەمی میساقی UNبەڵام بەپێی بڕگەی یەکەمی مادەی یەکەمی دەستوری UN   کە ئامانجی یەکەمی ئەو ڕێکخراوەی خستۆتەڕوو باس لە پاراستنی ئاشتی‌و ئاسایشی جیهانی دەکات کە بۆ دەستەبەربوونی ئەو ئامانجە (جەمعیەی عامە) ڕێ بەخۆی دەدات تەگبیری کارا بکات بۆ ڕێگرتن‌و نەهێشتنی هەڕەشەکانی کە رووبەڕووی ئاشتی‌و ئاسایشی جیهانی دەبێتەوە هەروەها ڕێگرتن لە کاری دوژمنکارانەو ئنجا (المواقف) هەڵوێستەکان کە ئاشتی دەشێوێنن[٧].

پرسیارەکە لێرەدا کە جێی توێژەرەوانە ئەوەیە کە مەسەلەی (مواقف) هەڵوێستەکان زیاتر مەبەست پێی لە هەلومەرجی ناوخۆی وڵاتانە کە خاوەنی سیادەن‌و لەناو خۆیاندا هەر ئاژاوەو هەڵایسانێك کە کاریگەری بنێتەوە بۆ سەر وڵاتانی دەوروبەر ئەوا تەگبیری هاوبەشی دەوێ، ئالێرەدا دەست تێوەردان لە سەردارێتی دەوڵەتان پێگە یاسایی‌کەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە دەست دەدات‌و لە پێناو ئاشتی نێودەوڵەتی ئەرزشی کەم دەبێتەوە.

ئەوە جگە لەوەی کە بەپێی جاڕنامەی گەردونی مافی مرۆڤ دیسان مەسەلەی سەرداریێتی توشی هەڕەشەی یاسایی دەبێتەوە.

هەڵبەت هەر پشێوییەك کە توشی ناوخۆی وڵاتێکی خاوەن سیادە دەبێ لە زۆر روەوە کار لە وڵاتانی دەوروبەر دەکاتو ئاشتیو ئاسایش دەشێوێنێ کە تا سەردەمی جەنگی ساردیش بریتی بوو لە هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵاتی ناوەند، کە زۆر جاران دەسەڵاتی ناوەند لەگەڵ بەرژەوەندی وڵاتانی دەوروبەر نەدەگونجا یان کاری لە هەلومەرجی ناوخۆی سیاسیو وڵاتانی دراوسێی دەکرد.

بەڵام ئێستا مەسەلەی (مواقف) هەڵوێستەکان فراوانتر بوون لەپێناوی سەقامگیری سیاسیدا دەست تێوەردان لە مەسەلەکانی سەروەریی وای لێهاتوە چەمکی سەروەریی ئەو قودسیەی جارانی نەمێنێ. ئالێرەدا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ کارایی جیهانگیری، هوروژمی هەگبەی جیهانگیری کونو کەلەبەرەکانی ژیان چ لە پەیوەندی دەوڵەتانو چ لە لە هەلومەرجی ناوخۆی وڵاتان لە خۆ دەگرێ هەموو ئەو دیاردەو دەرکەوتانەی جیهانگیریش پێویستیان بە سەقامگیری سیاسی هەیە تا ئاراستەی پێویستی خۆیان وەرگرن، پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا، پێویستی ئاڵوگۆڕی زانیاری زەمینەی بازاڕی دەوڵەتان بۆ کۆمپانیاکانو هتد. پێویستیان بە سەقامگیری ناوخۆی وڵاتانو ئارام بوونی کۆمەڵگاکان هەیە. بۆیە هەر پشێوییەك لە پەیوەندی نێودەوڵەتیداو هەر تێك چونێك لە سەقامگیری کۆمەڵگای وڵاتاندا سەقامگیری تێك دەدات، ئەمەش وا دەکات کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەتایبەتی وڵاتانی بە هەژموون لە دنیادا لە سێبەری پاساوە یاساییەکانی رێکخراوی نێودەوڵەتیدا تەگبیری هاوبەش بکەن بۆ چاك کردنی هەلومەرجەکە. چونکە ئەگەر جاران بۆ ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی ئالیەتەکان بریتی بووبن لە ئارام راگرتنی سنورەکان ئێستا ئەو ئالیەتە شۆڕبۆتەوە بۆ هەناوی



وڵاتانو ئارام راگرتنی هەلومەرجی ناوخۆی وڵاتان بەشێك لە ئالیەتی ئاشتیو ئاسایشی جیهانی پێك دێنێ، لێرەوە خەتەری زیاتر بۆ سەر چەمکی سەروەریی پەیدادەبنو لەڕووی یاسایییەوە گرنگیو پیرۆزی لە دەست دەدات.

بێگومان بەپێی دەستوری (UN) پێدانی مافی سەروەری بە دەوڵەتان نەبەستراوەتەوە بە جۆری حوکمڕانی ناو وڵاتەکە، وەك ئەوەی سیستەمی حوکمڕان چ جۆرە سیستمێکە، پاشایەتی، کۆماری، دیموکراتی، ئیسلامی.. هتد.

بەڵام ئەگەر پێویستی دروست بوونی رێکخراوی UN بۆ دابین کردنی ئاشتیو ئاسایشی جیهانی بێت، ئەوا لە سێبەری جیهانگیریدا کۆڵەکەی دەستەبەرکردنی ئاشتیو ئاسایشی جیهانی، سەقامگیربوونی سیاسی نێوان وڵاتان لەلایەكو هەناوی کۆمەڵگای دەوڵەتان لەلایەکی ترەوە. باشترین دەستەبەری سەقامگیری سیاسیش ئەوەیە کە دەسەڵاتی ناوخۆی وڵاتان دیموکراسی بێ تاکو پشێوی روو نەکاتە وڵاتان، چونکە لە حاڵەتی پشێوی ناوخۆی وڵاتاندا، هەموو ئەو پەیوەندیانەی دەوڵەتەکە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا پەیدای کردوە دەکەونە بەر مەترسی پچڕان ئەمەش رەنگە لە زۆر حاڵەتدا یان لەسەر داوای دەوڵەتەکە پێشێلی سەروەری بکرێ یان UN خۆی دەست وەربداتە کاروباری ئەو وڵاتەوە کە دیسان ئەمەش پێشێل کردنی سەروەری دەوڵەتە، کەواتە هەم مەسەلەی دەستێوەردان لە کاروباری دەوڵەتان گۆڕانی بەسەردا هاتوەو هەم سەروەریی (سیادە)یش ئەو بایەخەی جارانی لەناو بەها سیاسیو یاساییە نێودەوڵەتیەکاندا نەماوە.

# پەراوێزەکان

١ د. عصام العطية- القانون الدولي العام- جامعة بغداد- الطبعة الرابعة. ص٢٨٠

٢ هەمان سەرچاوە ص٢٨٠

٣ هەمان سەرچاوە ص٢٨١

٤ خليل اسماعيل الحديثى- الوسيط في التنظيم الدولي- ص١٤٨. وزارة التعليم العالي والبحث العلمي- جامعة بغداد- كلية العلوم والسياسة ١٩٩١.

٥ هەمان سەرچاوە- ص١٥٣-١٥٤

٦ هەمان سەرچاوە ص١٧٢

٧ هەمان سەرچاوە ص١٢٤

# هۆیەکانی دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی؟

## پێش باس"

هیچ نەتەوەیەك لە جیهاندا نیە بێ ئەوەی تێکۆشابێ یان بێ ئەوەی قوربانی دابێ، قەوارەیەکی، سیاسی-نەتەوەیی پێکەوە نابێ. خۆ ئەگەر مستەلزەمات‌و مقەوماتەکانی (پێکهێنەرەکان) ئەو فاکتەرانەی کە ئەو قەوارەیە دروست دەکەن، نەخەملابن، ئەوا ئاکامی خەبات‌و تێکۆشانی نەتەوەکە لە هەلومەرجە جیاجیاکاندا دوچاری شکست هاتوە!

دروست نەبونی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆی کوردی، ئێستا پتر بوەتە جێگەی مشتومڕی فکری‌و سیاسی‌و گەڕان بەدوای ئەو هۆکارانەی کە لێ نەگەڕاون دەوڵەتێکی کوردی بەرقەرار بێ.



لە مێژووی نوێ‌و هاوچەرخدا نەتەوەی کورد لە خەبات‌و تێکۆشانی بەردەوام دا، دانەبڕاوە ئەم دانەبڕانەش وای کردوە کە شەرعیەتی نەتەوەیی‌و نەژادی خۆی یان باشتر بڵێین خسوسیەتە نەتەوەییەکانی خۆی. بپارێزێ، بەڵام سەرەنجامی شۆڕش‌و راپەڕینەکان لە رەهەندی خەباتە نەتەوەییەکەیدا. نەگەیوەتە خاڵێکی مێژوویی یەکلاکەرەوە، بۆیە دەوڵەتی کوردی نەڕسکا. نەبونی دەوڵەتیش کە زیاتر لەسەر نەکەوتنی شۆڕش‌و راپەڕینەکانەوە دەخوێنرێتەوە، چەندان هۆکاری جیاجیاو بەیەکدا چوو لەخۆ دەگرێ. لەدوو توێی ئەم ووتارەدا دەهێنێ بەپێی تێگەیشتنی مێژوویی‌و سیاسی، دروست نەبونی ئەم دەوڵەتە لێك بدرێتەوە.

بێگومان دوفاکتەری سەرەکی دەوروخولی چارەنوسی بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی‌و سیاسی‌و نەتەوەیی دەدەن کە ئەمانەن"

یەکەم" فاکتەری ناوخۆو دوەمیان فاکتەری دەرەوەیە. ئەم دوو فاکتەرە لە هەندێ هەلومەرجی سیاسیدا هەریەکە بە تەنها کاریگەری جی دێڵێ‌و لە هەندێکیشیاندا تێك دەئاڵێن بە هەردو ئاقاری سلبی یان ئیجابیدا.

### یەکەم" فاکتەری ناوەوە:

### نەبونی هێز"

بەپێی تیۆری هێز* کە باس لە پەیدابونی دەوڵەت دەکات پێی وایە هێز دەورێکی یەکلاکەرەوەی هەبووە لە دروست بوونی دەوڵەتداو لایەنگرانی ئەم رێبازە پێیان وایە کە دەوڵەت لەرێگەی هێزو توندوتیژییەوە پەیدا بوە. تیۆری

* مبادیء قانون الدسوری: تطور لنظام السیاسی في العراق. تألیف د. حمید الساعدی. وزارة التعلیم العالی-جامعة موصل- کلیة القانون ص٢٤-٢٥

پەرەسەندنی مێژوویی** ئەویش پێی وایە کە چەند فاکتەرێك لەوانە ئاین‌و هێزو مەسەلە ئابوریەکان، کاریان لە یەکتر کردوەو بونەتە کەرەستەی پەیدابونی دەوڵەت.

ئەو هێزەی کە لەو دوو تیۆرە باس دەکرێ مەبەست پێی هێزە بەسەر کۆمەڵانی خەڵکەوە لەلایەك وە بەرامبەر بەرەی دژی ئەو وڵاتەی کە دەبێتە دەوڵەت لەلایەکی ترەوە.

هەڵبەت-هێز وەك چەمکێکی سیاسی- مێژوویی- مانایەکەی لەبونی هێزی مرۆیی‌یەوە دەست پێ دەکات بەرەو کامڵ بونی هێزی ئابوری‌و فەرهەنگی‌و تەنانەت ئاینیش.

ئەگەر بمانەوێ لەو هۆیە تێ بگەین کە بۆچی کورد نەبوە خاوەنی هێزی خۆی بەمانا فراوانەکەی دەبێ بەراوردی ئەو نەتەوانە بکەین کە لە چواردەوری ئێمە ژیاون‌و هێزیان بۆ خۆیان پێکەوەناوە بە تەنیشت ئەوەشەوە بون بە نەهامەت بۆ ئێمە!

بە گوێرەی خوێندنەوەی دکتور رەفیق سابیر لە کتێبی ئیمپراتۆریای لم دا پێکهاتەی عەرەبی بەدەوی پێکهاتەیەکی خێڵەکی بوە، خێڵەکانی چونکە توانای خۆ بژێوی‌یان نەبوە لە سنوری قەڵەمڕەوی خێڵدا بۆ دابین کردنی پێویستی‌یەکانی تری خێڵ پەلاماری یەکتریان داوەو لە دواجارد خێڵە بەهێزەکان خێڵە بێ هێزەکانیان لە بۆتەی خۆیاندا تواندۆتەوە، ئەم پەلامارەی خێڵەکان بوەتە پرۆسەیەکی مێژویی‌و هێزی خێڵ‌و دەمارگیری خێڵ‌و فراوانخوازی لێ کەوتۆتەوە تاکار گەیوەتە ئەوەی ئەم هێزە بەم دەمارگیریە، پەلاماری نەتەوەکانی دەوروپشتی

---

** هەمان سەرچاوە ص٢٦–٢٧.



خۆی بدات‌و تەنانەت سورەتی ئەنفال رەنگدانەوەی ئەم دەمارگیری‌و فراوانخوازی‌یەی هێزی عەرەبی بەدو بوە! لەسۆنگەی ئەوە عەرەب بەهۆی هاتنی ئیسلامیشەوە (وەك بیرێکی نوێ بۆ عەرەب) خزمەتی بە تەشەنە سەندنی دەمارگیری‌داو شەرعیەتی بەخشیە ئەم هێزە پەیدابوە. تەنانەت تورك بەهۆی دەمارگیری خێڵەکی توانی زۆرترین زەمین بکاتە شوێنی حوکمڕانی خۆیی‌و فارسیش بەو حوکمەی کە لە ناو جەرگەی ئاریەکاندا بوو یان دەبوو بپوکێتەوە یان دەبوو فراوانخوازی بکاتە نەریت‌و لەوەوە ببێتە میراتگری ئاری نەژادەکان. عەرەب بەهۆی دەمارگیری خێڵەکی هێزیان پەیداکرد، بەهۆی ئایینی ئیسلامیشەوە دەمارگیری خێڵەکی‌یان کردە پەیامێك‌و بەهۆیەوە پەلاماری نەتەوەکانی دراوسێ‌یاندا. بەمەش ئیمپراتۆریای عەرەبی بەدەوی‌یان دامەزراند.

بەڵام کورد نەیتوانی ئەوەبکات چونکە خێڵە کوردیەکان لە سنوری قەڵەمرەوی خۆیاندا توانای خۆ بژێویان هەبوو بۆیە کەمتر خێڵەکان بە گژ یەکتردا چون. لەوەوە دەمارگیری خێڵەکیشیان پەیدا نەکرد. نەبونی ئەو دەمارگیری‌یەش پەرتەوازەیی‌یەکی لەنێوان خێڵەکاندا دروست کرد بەتەنیشت ئەم حاڵەتە خێڵەکی‌یەی کوردەوە، نەتەوەکانی دراوسێی کورد لە بەرەنگاری یەکتردا بون لەسەر خاکی کورد بۆ پچراندنی خاکی کوردو لکانی بە قەڵەمڕەوی خۆیانەوە. هەر لێرەوە گۆڕان بەسەر هەڵکەوتەی شوێنی ژیانی کورددا هات.

## ٢- هەڵکەوتەی شوێن:

هەڵکەوتەی شوێنی ژیانی کورد وەك پێشتر باسکرا بەو ئەندازەیەی ئێستا شوێنێکی کیشوەری نەبوە بەڵام بەهۆی ئەوەی نەتەوەکانی دەوروپشتمان خاوەنی هێزبون‌و هەمیشە پەلاماری کوردی بێ هێزیان داوە، ئەم پەلاماردانەی

نەتەوەكانی دەوروپشتی كورد هەم كوردی دوچاری كوێرەوەری كردوە هەم خاكەكەشی توشی داخوران كردوە، بەمەش خاكەكەی بوەتە ولاتێك كە نەتوانێ بە دەوڵەتێك بگات كە پەیوەندی‌یەكی دۆستانەو دور لە فراوانخوازی لەگەڵدا گرێ بدات. هەڵبەت تاشەڕی جیهانی یەكەم رویدا، جیۆپۆلەتیك لەسەر ئاستی پەیوەندی ئەودیو هەرێمایەتی "ئیقلیمی" گرنگی پەیدانەكردبوو، تەنها ئیمپراتۆرە كەوناراكانی دامێن دەورو خولی خاكی كوردانیان دابوو. پێكهاتەی ئیمپراتۆریاو دەوڵەتەكانیش تاشەڕی جیهانی یەكەم رویدا، شەرعیەتی نێودەوڵەتی بە هیچ دەوڵەتێك نەدرا بوو، پێكهاتەو قەڵەمڕەوی دەسەلاتی دەوڵەتان، ئیمپراتۆرەكان، بەهۆی هێزە جۆراوجۆرە مرۆیی، ئابوری‌و سیاسی‌و سەربازی‌یەكانەوە راگیرا بوو.

پێش شەڕی جیهانی یەكەم چەندان جار تەقەلای ئەوە كراوە لە ناو ئیمپراتۆریاو زلهێزەكاندا بۆئەوەی هاوسەنگی هێز رابگرن، ئەمەش بۆ ئەوە بوە كە پێكهاتەو هەڵكەوتەی ئیمپراتۆرەكان لە داخوران بپارێزن بۆ نمونە لەدەیەكانی یەكەمی سەدەی نۆزدەدا، كاتێك فەرەنسی‌یەكان هێرشیان كردە سەر روسیاو دوا سەرەنجامی ئەو شەڕە هەردوو ئیمپراتۆریای نەمساو بریتانیا بە سەنگێكی براوەوە دەركەوتن لەسەر دەستی (میترنیخ‌و كاستلری‌دا)*** لە ساڵی ١٨٢٢ میساقی (هاوسەنگی هێز)یان دارشت، ئەمەش بۆ ماوەیەك ئارامی خستە نێوانی ئیمپراتۆرەكانەوە گرنتی پابەندبون بەو میساقەش، بەهێزیی هەردوو ئیمپراتۆریای نەمساوی‌و بریتانی بوو نەك پابەندی‌یەكی یاسایی نێودەوڵەتی...

*** میترنیخ" وەلی عەهدی نەمسا بوو. كاستلری" وەزیری دەرەوەی بریتانیا بوو.



هەركە شۆڕشی پیشەسازی پێهەلاچوو كێ بركێی خۆ پڕچەك كردنی ئیمپراتۆرەكان سەری‌هەڵدا، لە پێشەوەیاندا ئەڵمانیا. بەمەش گرژی‌و بۆڕ بۆڕێن كەوتەوە ناو ئیمپراتۆریاكان هەربۆیە ناوە ناوە زلهێزەكان هێزە بچوك‌و دامێنەكانیان بە قەڵەمڕەوی خۆیانەوە دەلكاند، سەرەنجامیش شەڕی جیهانی یەكەمی لێ كەوتەوە. لەدوای شەڕی جیهانی یەكەمیش كام نەتەوە هێزی نەتەوەیی بەرجەستە كردبوو ئەوا جوگرافیا سیاسیەكەی بە گرنگ مایەوە كام نەتەوەش مقەوماتی بەهێزبونی تێدا لاواز ببوو" جوگرافیا سیاسیەكەشی دارزاو كەوتە بەر مقەستی جوگرافی‌و شەقار شەقاركرا. كوردیش یەكێك بوو لەو نەتەوانەی كە نەیتوانی ببێتە خاوەنی ئەو هێزەی كە هەڵكەوتەی ژیانی جوگرافی خۆی لەناو گۆڕەپانی سیاسیدا بە چەشنێ بپارێزێ كە ببێتە دیفاكتۆ بەسەر پەیوەندی‌یە نێو دەوڵەتیەكانەوە.

### ٣-نەبونی بیری نەتەوەیی:-

نەتەوەی كورد یەكێكە لەو نەتەوانەی كە تائێستاش خاوەن بیروباوەڕێكی نەتەوەیی خۆی نیە هۆیەكەشی لە مێژودا بۆ نەبونی دەقێكی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە.

كورد پێچەوانەی نەتەوەكانی دەوروپشتی نەیتوانیوە دەقێكی نەژادی خۆی بپارێزێ، ئەوەتا عەرەب قورئانی هەیە، لە هەموو سەردەمەكاندا قورئان فاكتەرێكی گرنگ‌و كاریگەری مانەوەو پێكهاتەی نەتەوەیی عەرەبە بەمانا فراوانەكەی: فارس دوای لەبەین چونی ئاینی زەردەشتێتی بە شیعەگەرێتی هوروژمی ئیسلامی پێچەوانە كردەوەو ئەو تەوژمەی ئیسلام خستیە سەر سیمای

نەتەوەیی فارس، بەهۆی شیعەگەریێتی ئیسلامی تەقدیس کردەوە بەڵام بە بەرگێکی تر کە لێیەوە توانی فارسو ئێرانیێتی خۆی پێ بپارێزێ.

تورك پێش ئیسلام بەهۆی دەمارگیری خێڵەکی هێزی دروست کردو زەمینێکی بەرفرەوانی پێ کردە خاکی تورك بۆ ئەوەی خاکێکی ئەوتۆی هەبێ تایبەت بە تورکیای ئێستادا.

دوای هاتنی ئیسلام عوسمانیەکان ئیسلامیان لە عەرەب دارنیو میراتی ئیسلامیان تورکاند (تتریك الّسلام). عەرەبیش دوای شەڕی جیهانی یەکەم جگە لەبونی فاکتەرەکانی تر مەجدی ئیسلامی پاڵپشتی مانەوەی عەرەب بووو هەر بەو هۆیەشەوە ئینگلیز دۆستایەتی عەرەبی قبوڵ کردو کردیە وەسیلەی تەیاردانی عەرەب دژی هەژمونی تورکەکان لەناوچەکەدا، هەر چەندە مەجدی ئیسلامی عەرەبی، بەهۆی دەسەڵاتی عوسمانیەکانەوە پوکابوەوە، بەڵام چونکە مێژوو دەقو دەمارگیرییەکەی لە زهنی عەرەبیدا مابوەوە، بیری عەرەبی هەرمابوو بۆیە لە هەلومەرجێکی چاوەڕوان کراودا، ئەو فاکتەرانە هەموویان بوژانەوە کە لەمێژووی خۆیاندا بەهۆی پێغەمبەر (د.خ)و ئیسلامو قورئانەکەیەوە، بۆیان خولّقابوو.

عەرەبو تورکو فارس وەك لە پێشەوەدا باسکرا هێزیان پەیداکرد بەو هێزەش خاکو دەسەڵاتو(دەق)یان پێ دەستەبەرکرد، بەمەش سەرچاوەی بیری نەتەوەییيان لێ دارِشت. بەڵام کورد هیچی ئەمانەی نەبوو تابیری نەتەوەیی لەسەر هەڵچنێ هەر ئەمەش بوو کە نەیتوانی مۆرکی کوردانە بداتە زەردەشتێتیو ئاوێستاکەی. ئەگەرچی هەندێ سەرچاوە هەن کەباس لەوە دەکەن، کە زەردەشتێتی بەشێك بوە لە نەتەوەی ئاریو جیابوە لە فارسو کوردو نەتەوەکانی تری ئاریایی نەژاد. جولەکە سەرباری ئەو هەموو "بڵاوە پێکردنە)ی لە مێژوودا پێی کراوە کەچی دوای ماوەیەکی دوورودرێژ توانی بەهۆی دەقی تەوراتو ئاینی جولەکە سەرلەنوێ



نەتەوەو هێزو خاك ببوژێننەوەومێژو هەڵاوگێڕبکەنەوە تەنانەت یهودی"فەلاشا" لە ئەپیوبیا بێنێتەوە کە هیچ پەیوەندییەکیان بە جولەکەکانی ئیسرائیلەوە نیە تەنها تەورات نەبێ.

لەبەر ئەوە کورد نەیتوانیوە مێژوی خۆی لە بەراییيەوە تائێستا بەیەکەوە (بەناوەرۆکە زانستیەکەی)پێکەوە وەبەستێ. لەناو کورددا ئەم نەبوونی دەمارگیری خێڵەکییە وای کردوە پێکهاتەی خێڵەکی بەهەمان پێکهاتەی جارانی وەمێنێ هەر ئەوەشە وای کردوە. لە هەر شۆڕشو راپەڕینێکدا (ولاو) بۆ رێبەر لە زۆرترین حاڵەتەکانیدا لەژێر کاریگەری سۆزی ناوچەگەرێتیو خێڵەکییەوە پەیدابێ.

## ٤- نەبونی رێبەری نەتەوەیی:

لە مێژوی نەتەوەو گەلانی دنیادا هیچ خەباتو راپەڕینو شۆڕشێك بەرچاو ناکەوێ کەبێ بونو هەڵکەوتنی رێبەرێکی نەتەوەیی شۆڕشەکە بەئاکام گەیشتبێ، رێبەری نەتەوەیی ئەوەیە کە خودی رێبەر ئەوکەسە بێ کە سەرکردایەتی خەباتو رەهەندی بزوتنەوەی نەتەوەیی بکاتو ئەو کەسە بێ دەرهاویشتەی هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی کلتوری سیاسیو ئابوریو پێشمەرگەییو هتدی گەلەکەی بێو خاوەن عەقڵو بیرێکی موحەنەك بێو کاریگەرییەکەی هێندە بێ کە سەرجەم کۆمەڵانی خەڵك لەژێر سایەی ئیرادەو عەقڵی مودەبەری ئەودا گرد بوبنو ئاراستەکرا بن بۆ گەیاندنی پەیامی نەتەوەیی بە ترۆپکی رزگاری. لەکوردستاندا سەرجەم ئەو سەرکردانەی کە پەیدابوون نەیانتوانیوە لەژێر کاریگەری ئەو فاکتەرە کۆمەڵایەتی، مێژوییو خێڵەکییە دەرباز بن کە لەمێژودا بەمیراتێکی سلبی بۆ جیل لە دوای جیل جێ ماوەو هەر بۆیە ئاستی پێگەیشتنی سیاسیان نەگەیوەتە ئەوجێیەی کە کاریگەرییەکی کاریزمی بەسەر کۆمەڵانی خەڵکەوە جێ بێڵن،

هۆی ئەمەش تەنها لە ئەستۆی سەرکردە نەبوە، چونکە وەك لە پێشەوەی ئەم نوسینەدا باسکرا پێکهاتەی خێڵەکی کوردی وەك خۆی مایەوەو خێڵەکان لەگەڵ یەکتر کاریان لەیەك نەکرد کە لێیەوە دەرهاویشتەیەکی فکری نەتەوەیی لێ هەڵتۆقێ، بونی رێبەر دەبی وا لەنەتەوە بکات کە کاریگەریو خۆشەویستییەکەی رێبەر بڕواو متمانەیەکی ئەوتۆیان لا دروست بکات کە لە هەلومەرجێکی سەختو دژواریشد باوەڕیان بە حەتمیەتی سەرکەوتن تۆکمەو مسۆگەربێو رێبەریش خەڵك بە پیرۆزیو گرنگی رەوشی نەتەوەیی جۆشبداو خەڵکی لە دروستیو حەقیقەتی مەسەلەی نەتەوەییەکەیاندا هوشیار بکاتەوە.

بێگومان رێبەرێکی لەو چەشنە ئاسان نیە لەناو کورددا هەڵبکەوێ چونکە پێکهێنەرە گرنگەکانی هەڵکەوتنی رێبەر بەندە بە روکنە گرنگەکانی خەملێنەری فاکتەری خۆیی نەتەوە. چونکە بونی هێزی نەتەوەیی، رێبەر دەخولقێنێ، بە تەنیشت رێبەریشەوە پێهەڵچونی هێزو بونی خاکێکی پڕ بەهای نێو پەیوەندی دەوڵەتانو پێگەیشتنی بیر نەتەوەیی دەوری کاریگەر دەبینن لە بەرجەستەبونی ئامانجەکانو ئامادەیی رێبەردا.

وەك لە پێشەوەدا باسکرا کاریگەری نەبونی دەمارگیری خێڵەکی بوە هۆی نەخەملانی هێز کە تەقەللای نەتەوە دراوسێکانی کورد، خێڵی ئەو نەتەوانەی لە بۆتەی هێزێکی گەورەتردا تواندەوەو پاشماوەی وەلائی جەماوەری بۆ خێڵە کۆنەکان نەهێشتەوە. هەر ئەمەشە وای کرد کە کەمال ئەتاتورك بتوانێ لەسەر خاکێکی سەبارەت بەخۆی بێگانە، نەتەوەکەی تەیار بداتو بیکاتەوە بە گژی واقیعێکیو دژوارداو سەربکەوێ.لە ئێران خومەینیو لە جولەکە هرتزلو...هتد.



**دووەم" فاکتەری دەرەوە:**

چارەنوسی هەر شۆڕشو راپەڕینێك دورنابێ لە کاریگەری فاکتەری نێودەوڵەتی (بە فاکتەری) (هەرێمایەتی) ئیقلیمشەوە ئەم فاکتەرەش لە مێژوودا رێژەیی (نسبی)بوەو لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازی هەبوە.

هەڵبەت تا ئەو کاتەی کۆمەڵی نەتەوەکان (عصبە الامم)پەیدا بوو ئیمپراتۆریاو دەوڵەتان شەرعیەتی یاسایی نێودەوڵەتیان بەو ئەندازەیە پەیدا نەکردبوو پێشتر هێزە خودییەکان (القوەالذاتیە) پارێزەری دەسەڵاتی دەوڵەتان بوو بەڵام دوای کۆمەڵەی نەتەوەکانو دواتر رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان جگە لەوەی دەوڵەتان شەرعیەتی یاساییو سەرداریتییان پیرۆز راگیرا، ئیتر لەوە بەدواوە سیاسەتی نێودەوڵەتی زاڵکرایە سەر هاوکێشەکانی ناو هەناوی وڵاتانو زلهێزەکان بە گوێرەی پەیوەندییە یاساییە نێودەوڵەتیەکان پەیوەندییەکانیان پەرەپێدەداو لەوەوە بە ئاقاری قازانجی ستراتیژی خۆیانو قەڵەمڕەوەکانیان تەداخولی هەڵایسانە ناوخۆییو دەرەکییەکانی وڵاتانی دامێنیان دەکرد.

کوردستان کە دابەشی چوارپارچە کراو پێشتر کە دابەشی دو ئیمپراتۆریا بوو (سەفەویو عوسمانی) چارەنوسەکەی بوە قوربانی قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەکانی پێش شەڕی جیهانی یەکەم (روسو بریتانیاو) دواتریش ئەو سیستەمەی کە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیەوە ئاقاری گرتو گەییە شەڕی دووەمی جیهانو تائەمڕۆ.

## (شۆڕشەکانی کوردو هەلومەرجی نێودەوڵەتی)

سەرجەم هەڵایسانەکانی کوردی کە لەپێناوی رزگاری نیشتمانیدا بەرپاکراون بە بەراوردکردنی شۆڕشو راپەڕینەکانی گەلانی رزگار بووی دنیا لەڕووی باری

خۆیی‌و بابەتی‌یەوە چیان لەو شۆڕش‌و راپەڕینانە کەم تر نەبووە تایبەت لەڕووی قوربانی دان‌و ئامادەیی مرۆڤی کوردی بۆ بەشداری‌یەکی کاری گەرانە لە شۆڕش‌و راپەڕینەکاندا. ئەوەی کە کوردو گەلانی رزگار بوو لە یەکتر جیادەکاتەوە ئەو هەل‌ومەرجە نێودەوڵەتی‌یەیە کە بۆ میللەتانی رزگار یاریدەدەری سەرکەوتن‌و بۆ کورد هۆکاری نوشستی هەڵایسانەکان بوە، کەوتنەوەی سلبییانەی هۆکاری نێودەوڵەتیش بۆ سەر چارەنوسی شۆڕش‌و راپەڕینەکان بۆ چەندان هۆی سیاسی‌و دبلۆماسی‌و جوگرافی‌و ئیقلیمی دەگەڕێتەوە.

بێگومان پەیوەندی نێودەوڵەتی پتر سیاسەتی زلهێزەکان دەگرێتەوە لە سەردەمە جیاجیاکاندا، سیاسەتیش وەك (لینین) دەڵێ دەبرینی چڕوپڕی ئابوریە****، لە مارەسەی سیاسیشدا ئەو برگانەی کە دەبنە پێکهێنەری هاوکێشەکان، کە یان خۆیان دەبنە ئەمری واقع یان زلهێزەکان پێکی دەهێنن بە ئاقاری ستراتیژی خۆیاندا، جیا لەوەش زۆرجار سیاسەتی زلهێزەکان لە کێ برکێی بەردەوم دا بوە ئەویش بەهۆی ویستی هەژمونگەرییانەی هەریەکەیان ئاکامی ئەمەش، دەرهاویشتەیەکی نێودەوڵەتی دێتە ئاراوە ئەویش ئەو فەزایەیە کە بەپێی بەرژەوەندی زلهێزەکان دێتەپێش کە هاوسەنگی هێز یان سەقامگیری سیاسیە.

لەسێبەری ئەم پەیوەندییە نێودەولتیانەی کە زلهێزەکان لەسەردەمە جیاجیاکاندا سەپاندویانە، شۆڕشەکانی کورد بەهۆی نەبوونی هاوسەنگییەك لەنێوان فاکتەری ناوەوەو دەرەوەی کاریگەر بەسەر ئەو شۆڕشانەوە سەرەنجامی هەڵایسانەکان بێ ئاکام بوە، بەم بێ ئاکام بونەش هیچ نەخش‌و گوتارێکی کوردی

**** حیکمەت محمد کریم (مەلا بەختیار) شۆڕشی کوردستان‌و گۆڕانکاریەکانی سەردەم.



سەرنەکەوتوە، بۆیەشە کە لە هیچ کام لە پارچەکانی کوردستاندا بناغەی دەوڵەتی کوردی دانەڕێژراوە.

ئێمە لێرەدا چەند شۆڕش‌و هەڵایسانێك دەخەینەڕوو کە ئەگەر ئەو هاوسەنگی‌یە لە رەهەندی شۆڕشەکاندا، بخەملایە ئەگەری سەرکەوتن ڕووەو پێکەوەنانی دەوڵەتێکی کوردی مسۆگەر دەبوو کە ئەمانەن:-

شۆڕشەکەی شێخ عوبیدوللای نەهری

سەردەمی‌ی پەیمانی سیڤەر

حکومەتی مەلیك مەحمود

کۆماری مهاباد

شۆڕشی ئەیلول.

شۆڕشەکەی شێخ عوبیدوللای نەهری

کاتێك راپەرینەکەی نەهری بەرپاکرا هەردوو ئیمپراتۆریای سەفەوی‌و عوسمانی گلاوی ململانێی چەندان کێشەی جوگرافی‌و سیاسی‌و مەزهەبی ببون، لە پشتی ئەم دو ئیمپراتۆریا دامێنانەش دوو ئیمپراتۆریای زەبەللاحی ئەو سەردەمە روسی‌و بریتانی لە هەڵپەی کێش کردنی سەفەوی‌و عوسمانیدا بون، بەلای نفوزو قەڵەمرەوی هەمە لایەنەی خۆیاندا هەردوك لە روس‌و ئینگلیزیش سیاسەتی راستگۆیانەیان دەرهەق بە سەفەوی‌و عوسمانی لەسەر حسابی کێشە ناوخۆیەکانی ئەمانەی دوایی"سەفەوی‌و عوسمانی" بەتایبەت رەوشی کوردی پەیڕەو دەکرد هەر ئەمەش بوو وای کرد شۆڕشەکە تێك بشکێ‌و هەرەس بهێنێ دەنا رێبازی شۆڕشەکە لەسەر ئاستی ئیقلیمی باشترین تاکتیکی شۆرشگێڕانەی کردە پێناوی سەرکەوتن، کاتێك شێخ عوبیدوللا لە پارچەیەکی کوردستانی ژێر سایەی عوسمانی، گەلەکەی بۆ رزگاری پارچەیەکی ژێر دەسەلاتی سەفەوی تاودا، ئەگەر

نەخشەی روس ناراستەوخۆ لەبەرامبەر یەکترو راستەوخۆ دژی کورد نەبا، ئەستەم بوو سەفەوی‌و عوسمانیەکان بۆیان بلوێ دەروازەی هەرەس پێهێنانی شۆڕشەکەی عوبیدوللا بدۆزنەوە، ئەوەتا ئامانجەکانی روسی لە ناوچەکە لە پێناو گەیشتن بە ئاوی گەرم‌و دەست بەسەراگرتنی بوغازەکانی نێوان دەریای رەش‌و دەریای سپی‌داو رێگرتن لە نفوزو هەژموونی بەریتانی‌و فەرەنسی‌و دوایی تر ئەڵمانیا پێویستی بەلاواندنەوەی عوسمانیەکان لەلایەك‌و سەفەویەکان بوو لەلایەکی ترەوە ئەم لاواندنەوەش بەپلەی یەکەم بەوە دەبوو کە هەم سەقامگیری نێوان دوو ئیمپراتۆریەتەکان بپارێزرێ‌و هەم هەموو جولانەوەیەکی دژی دەسەلاتی ناوەندی ئیمپراتۆریاکان بە سەقامگیرکردنی ناوخۆیی دەسەلاتی سەفەوی‌و عوسمانیەکان سەرکوت بکرێت. بەریتانیاش کە ئامانجی لە ئامانجەکانی روسیا کەمتر نەبوو سیاسەتەکانی کاریگەر تربون‌و ناوبژی نێوان سەفەوی‌و عوسمانیەکانی کرد تا ناکۆکیەکانیان بەرێگەی گفتوگۆ چارە بکەن. هەر ئەمەش رێکەوتنی یەکەم‌و دووەمی ئەرزە رۆمی لێکەوتەوە لەوەوە بناغەی سیاسەتی هاوبەشی سەفەوی‌و عوسمانیەکان دژی کورد دارێژرا. رەنگە ئەگەر روسیاو بریتانیا لەپێناو بەرژەوەندییە جیاجیاکانی خۆیان‌و هەریەکە بە ئاقارێکداو لە دژی یەکتر سەفەوی‌و عوسمانیەکانیان نەلاواندباو راپێچی لێك تێگەیشتنیان نەکردبان ئەستەم بوو کە کەشێکی ئیقلیمی‌و نێودەوڵتی دژی رەهەندی راپەڕینی شێخ عوبیدوللا بخەملێ‌و دیسان چارەنوسی کورد حەواڵەی مەبادا بکات!

چارەنوسی کورد لەسێبەری سیستەمی دوای جەنگی جیهانی یەکەم:-

لەجەنگی جیهانی یەکەم دا دەرفەتێك بۆ کوردهاتە پێش کە گوشاری باوی دژە کوردی نێودەوڵەتی دەرهەق بە پرسەکەی، تارادەیەکی زۆر کاڵ ببوەوە تایبەت



کاتێ پەیمانی سیڤرە لە نێوان هاوپەیمانانـدا کەشێکی سیاسی نێودەوڵەتی بۆ کورد خولقاندبوو.

هەڵبەت لەسەر دەستی بریتانیا دەوڵەتێك بەناوی عێراقەوە رەنگ رێژکراو بەشێکی کوردستانی ژێر سایەی عوسمانی پێوەلکێنرا. لێرەوە کورد دور لە ئیمپراتۆریای سەفەوی‌و لەناو دەوڵەتی عوسمانی‌دا بوە دوو مەسەلە. لەناو پەیمانی سیڤرەدا ئیمزای قەوارەگرتنی کوردستان کراو لە عێراقی نوێشدا کورد دەکرایە قوربانی بەسەر پێ‌کەوتنی دەسەلاتی عێراقی عەرەبی. لە کوردستانی بەشی تورکیادا پەیمانی سیڤرە کە ولاتانی سەرکەوتو بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانیان بەندەکانیان دارشتبوو، هیچ گوشارێکی سیاسی‌و سەربازی پێگیری حساب کردنی کوردیان نەخزاندبوە ناویەوە جگە لە هەوڵەکانی شەریف پاشا نەبێ، بەڵکو ئەوان کە بەپێی پەیمان (مودرۆس) تورکیای عوسمانی مل کەچی مەرجەکانی تێك شکان کرا لە سێبەری ئەم تێك شکانەدا بڕگەکانی پەیمانی سیڤرە دارێژرا. لە هەلومەرجێکدا کەمال ئەتاتورك بوژتنەوەی کەمالی کردە پێناوی هەستانەوەی گیان تێك شکاوی تورکی(ج.ت.ك) ٥ لەناوخۆدا پارسەنگێکی سەربازی بۆ کەم کردنەوەی گوشاری کەمالیەکان لەسەر وولاتانی سەرکەوتوو نەخولقاند کاتێکیش بەهۆی گرفتە ئابوری‌و سیاسیە ناوخۆییە خولقاوەکانی ناو وولاتانی سەرکەوتوو گوشاری کەمالیەکان بە پشتیوانی سۆڤیەت لەمپەرێکی سەربازی‌و سیاسی‌و دبلۆماسی لەبەردەم ویستەکانی بەریتانیا زەق کردەوە، کورد بوە وەسیلەی ژێر کردنەوەی کەمالیەکان. هەلایسانەکانی شێخ مەحمودیش راستەوخۆ دژی ستراتیژی ئینگلیز لە عێراقدا بە ئاقاری قەوارەگرتنی کوردستانی بەشی عێراق دەجەنگاو

٥ (ج.ت.ك) جەمعیەتی تەعالی کوردستان

راستەوخۆ شەڕ لەگەڵ ستراتیژی ئینگلیز دەکرا. لێرەوە جێی خۆیەتی هۆی ئەو واقیعە بزانرێ کە بۆچی لە کوردستانی بەشی تورکیا پەیمانی، سیڤرە" بۆ کورد هیچی لێ نەکەوتەوەو شۆڕشەکەی شێخیش بێ ئاکام دەرچوو، هەڵبەت پەیمانی سیڤرە پێویستی بە پاڵپشتێکی جەماوەریو گوشارێکی یەکگرتوی کوردی هەبوو نەك بە تەنها لەسەر ئاستی کوردستانی تورکیا بەڵکو لەسەر ئاستی هەردوو پارچەی کوردستانی عێراقیو تورکی.

ئەگەر کورد گۆشارێکی کۆمەڵایەتیو پێشمەرگەیی دروست کردبا بۆ سەر کەمال ئەتاتورکو بزوتنەوەکەی ئەستەم بوو ئەمەی دوایی بتوانێ چۆك بە هاوپەیمانی وڵاتانی سەرکەوتوو تایبەت بریتانیادابدا دەرهەق بە پەیمانی سیڤرە لەولاشەوە راپەڕینە چەکدارییەکەی شێخ محمود دژی دەسەڵات ئینگلیز دەجەنگا. بێ گومان ئەتاتورك بە پشتیوانی جەماوەرو هێزی سەربازی خۆی هەم توانی سۆڤیەت بکاتە پشتیوانی بزوتنەوەکەیی و هەم کەلێنی نێوان وڵاتانی سەرکەوتووی جەنگ بقوزێتەوەو لەوێوە زۆربەی مەرجەکانی خۆی بۆ قەوارەگرتنی تورکیای عەلمانیو وڵاتی تورکیا لە قرتاندنی زیاتر قوتارێکا بەمەش بوە دیفاکتۆیەکی سەربازیو سیاسیو دبلۆماسیو جوگرافیو هتد..

خۆ ئەگەر شێخ محمود هەمان تاکتیکی شێخ عوبیدوڵلای پیادەی سەرهەڵدان کردبا ئەوا لەتوانادا بوو رەهەندی رەوشی کوردی بە ئاقارێکی دیکە رێڕەوی مێژوویی وەرگرێ، ئەگەر شۆڕشەکەی خۆی کردبایە پشتیوانی سەربازیو لەوەوە سیاسیو دبلۆماسی لەپێناو جێبەجێ بونی سێ بەندە تایبەت بە کوردییەکەی سیڤرە هەم گوشاری ئینگلیزی لەسەر نەدەماو هەم لە هەناوی کوردستانی تورکیاش پشتیوانی بۆ شۆڕشەکەی پەیدا دەکرد. کەمالیەکانیش بۆیان نەدەلوا مەرجەکانیان بۆ لابردنی برگە کوردەیەکانی پەیمانی سیڤرە بەسەر بریتانیادا



بسەپێنن. بریتانیاش دەیتوانی ئەمە بە ئاقاری باشتر بەسەر پێکەوتنی عێراقی عەرەبیو قۆرخ کردنی کەمالیەکان بقۆزێتەوەو پشتیوانی کوردی بکاتو لەڕووی نەتەوەییو جوگرافیش زۆرترین قازانجی سیاسیو نیشتمانی بکات.

کەواتە نەبونی پشتیوانی جەماوەریو سەربازی لەناو کوردستانی تورکیاو پەیڕەو نەکردنیتاکتیکی نەهری لەلایەن مەلیك محمودەوە فاکتەری دەرەکی بۆ کوردستانی بەشی عێراق نەهامەتیو بۆ کوردستانی تورکیاش دەستخەڕۆیی لێ کەوتەوە.

**چارەنوسی کورد لە سێبەری سیستەمی دوای جەنگی دووەمی جیهاندا .**

بە هەمان شێوەی جەنگی یەکەمی جیهانی کەشێکی دژە کورد لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیشدا تاوی سەندەوە، ئەمەش راستەوخۆ لە کۆماری مهابادو شۆڕشی ئەیلول لە عێراق کاریگەرییە سلبیەکەی لە سەر چارەنوسی کورد بە دیارکەوت، لە کۆماری مهاباد دا یەکێتی شورەوی لەپێناو پارستنو سەقامگیرکردنی ئەوروپای رۆژهەڵاتو لە قاڵب دانی ئەو دەڤەرە بە مەعریفەی شورەوی پشتی کردە کۆمار تەنها ئەوەندە لەگەڵ کۆماردا موجامەلەی سیاسی کرا تا دڵنیا بوو لە سنوری نێوان خۆیو ئێران، بێگومان کاتی خۆی کە دەوڵەتان پێك دەهاتن، تەکنەلۆجیای عەسکەری سادەبووو تەنها بە بەرگری نیشتمانیو پێگەیشتنی هۆشی نەتەوەیی دەکرا هێزێکی نەتەوەیی ژێر دەستەی سیاسی هەڵتۆقێنێو خۆی بکاتە دیفاکتۆ، بەڵام کاتێ تەکنەلۆژیای سەربازی پەرەدەسێنێو پەیوەندی نێودەوڵەتی نەك تەنها توانای سەربازیو ئابوری دەوڵەتی سەردەست بەڵکو وڵاتانی هاو بەرژەوەندی هەمان دەوڵەتو پەیوەندی نێودەوڵەتیەکانیش لە سایەی سیستەمی جوت یان فرە جەمسەریدا هۆکاری سلبی دەبن بەسەر چارەنوسی نەتەوەیی بن دەست دا.

له شۆڕشی ئەیلولیشدا له هەلومەرجی شەڕی گەرمی "سارد"دا، شۆڕشەکە بەرپا دەکرێ بەڵام چونکە عەقڵی سەرکردایەتی کوردی لە شۆڕشەکە ناتوانی هاوسەنگی یەك لە نێوان نفوزی سیاسی قەڵەمڕەوەکان لە بواری دبلۆماسیو سەربازیەکاندا بدۆزێتەوە دەرەتانێکی نەتەوەیی بکاتە دیفاکتۆیەك بەسەر پەیوەندی نێودەوڵەتیەوە، شۆڕشەکە لە تەنگەبەری کێ بڕکێی دوکامپەکەی شەڕی سارددا دەپلیشێتەوە. کەواتە کۆماری مهاباد کرایە قوربانی سۆڤیەت بۆ سەرپێ کەوتنی ڕوکنەکانی سیستەمی دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە ئێرانو ناوچەکەو، شۆڕشی ئەیلولیش کرایە قوربانی سەلامەت راگرتنی ئێرانو سەقامگیر کردنی نێوانی دەوڵەتی ئێرانو عێراق بە قازانجی ئەمریکا واتە شۆڕشی ئەیلول گرەوی لەسەر پەیوەندی ئیقیلمیو نێو دەوڵەتیەکان دەکرد، کاتێك بە هەڵە مامەڵەی لەگەڵدا کرد، ملی هەرەسی گرتو گوێی بە قوڵایی راسانی خەڵك نەدا.

دوا سەرنج:

لەدوای سەپاندنی ئایینی ئیسلام بەسەر نەتەوەکانی ناوچەکە تەنها کورد پێچەوانەی نەتەوەکانی دەوروبەری نەك نەیتوانیوە قازانجێك لە فەرهەنگی ئیسلامی بکات بۆ بەسەر پێکەوتنی دەوڵەتی نەتەوەیی بەڵکو بەهۆی فەرهەنگو ئاینی ئیسلامەوە کورد هەمیشە لە قالبی ژێر دەستەیی دراوە بۆ بن دەستی نەتەوە سەر دەستەکانی تورکو فارسو عەرەبیو هەمیشە بە بەهانەی ئیسلام ژێرکراوەتەوەو رەسەنایەتی کێشەکەی لەبیر خراوەتەوە.

ئەوسەرچاوانەی کە لە نوسینی ئەم باسەدا سودیان لێ وەرگیراوە

یەکەم/سەرچاوە کوردیەکان:

- ئیمپراتۆریای لم- د. رەفیق سابیر.
- کوردوعەجەم- نوسینی صالح محمد امین
- حکومەتی کوردستان و کورد لەگەمەی سۆڤیەت- نەوشیروان مستەفا
- شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکاریەکانی سەردەم-مەلا بەختیار

دووەم/ سەرچاوە عەربیەکان:

مبادىء قانون الدستورى، تطور النظام السياسى في العراق، تأليف دكتور حميد الساعدى

الدول الكبرى بين الحربين العالميتين ١٩١٤-١٩٤٥ تأليف الدكتور محمد محمد صالح، الدكتور ياسين عبدالكريم- الدكتور نوري السامرائى

العلاقات الدولية ما بين ٩١٤-٩٤٥ تطور الحداث مابين ٩١٤-٩٤٥ تأليف رياض الصمد.

اتاتورك وخلفاءه تأليف مصطفى الذين- بيروت لبنان ١٩٨٢

الملخص لكتاب العرب واليهود في التأريخ- تلخيص وتبسيط جعفر الخليلي.

درب السلام الصعب- هنرى كيسنجر- ترجمة- على مقلد- الطبعة الثانية ١٩٩٤- بيروت لبنان- منشورات الدار العالمية للطباعة والنشر والتوزيع.

# کاریگەریی فاکتەری نێودەوڵەتی بەسەر خەباتی گەلانو شۆڕشی کوردستان دا

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بەرژەوەندییە جیاجیاکانی وڵاتان هەمە لایەنەو چڕتر بە دیارکەوتنو کرانە ئامانجی پێهەڵابردنو پتەوبوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، بەرژەوەندی ئابووریو سیاسیو جوگرافیو.. هتد، کرانە پێوانەی یەکدی گیری نێوان دەوڵەتە جۆراوجۆرە ئابووریو سیاسییەکان. بۆ ئەمەش هاوسەنگ راگرتنو پاراستنی پەیوەندی نێوان وڵاتانی پەیوەنددار بە یەکتریەوە بەندبوو بە جۆری دەسەڵاتی حوکمران لە ناوەندی دەوڵەتدا. هەر بۆیە لە کاتی سەرهەڵدانی هەر شۆڕشو ئالۆزیەکی سیاسیو مەزهەبیو نەتەوەییو.. هتد، لە وڵاتێکدا، هەر کاتێك ئەو رووداوانە بوبنە هۆی لە گرێ ژەنە چونی ناوەندی دەسەڵاتی دەوڵەتەکە ئەوا وڵاتانی دەوروبەرو پەیوەنددار بەو دەوڵەتە بە گوێرەی



بەرژەوەندییەکانیان روانیویانەتە ئەو کێشانەو، یان هاوکاری ناراستەوخۆی سەرکوت کردن یان سەرخستنیان کردوە.

بۆ ئەوەی گرنگی فاکتەری دەرەکی لە سەرخستنی خەباتی گەلان تێبگەین لەوێشەوە فاکتەری دەولی لە رابووردوەوە بۆ ئێستاو ئایندەی کێشەکەمان دەربخەین، باری سەرنجمان لە ئاوێنەی مێژووی شۆڕشی گەلانەوە دەخەینە روو، پاشان پێویستی حالیبونمان لە هۆکاری دەرەکی بە سەر کێشەی کوردەوە دەسەلمێنینو قەدەری ئالۆزی مەسەلەی رەوای میللەتەکەمان روون دەکەینەوەو ئاسۆکەشی لە تێگەیشتنمان بۆ رووداوەکانو پرەنسیپەکانی پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان دیاری دەکەین.. ئەزموونی سەرکەوتنو پێداویستییەکانی سەرخستنی شۆڕش لە جیهاندا بە دوو هۆکاری دەرەکیو ناوەکییەوە بەندە. ئەم دوو هۆکارەش لە شۆڕشێکەوە بۆ شۆڕشێکی تر، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازی هەیە.. دەربارەی فاکتەری ناوخۆ کە پایەیەکی بنەڕەتی مەرجی سەرهەڵدانو بەردەوامی شۆڕشە، تایبەتە "بەندە" بە هەلومەرجی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو.. هتد، لە وڵاتێکدا ئەم فاکتەرەش بابەتی باسمان نییە. بەڵام سەبارەت بە هۆکاری دەرەکیو کاریگەری ئەو هۆکارە بە سەر ئایندەی شۆڕشدا، هاوکاری ئەقلیمیو گوشاری شۆڕش لە سەر پەیوەندی دەولی بنەمای چۆنیەتی رەخسانی هەلومەرجی دەرەکین لەو بوارەدا. هەلومەرجی گونجاو لە باریش وەڵامی پێداویستییە عەسکەریو مادییەکانی تری شۆڕش دەداتەوە.

کاك مەلا بەختیار لە کتێبی "شۆڕشی کوردستانو گۆڕانکارییەکانی سەردەم" دا لە لاپەرە ١٦١ دا دەڵێ:

"یارمەتی دەرەکی فاکتەری سەرکەوتنە ! مەسەلە ناوەکییەکان بنەرەتین ! هۆیەکەشی ئەوەیە، سەرخستنی ئەرکە ناوەکییەکان، یان پێگەیشتنی ئەرکە

ناوەکیەکان، بۆ شۆرشی درێژ خایەن، ئاکامی گۆڕانکارییە ئابووریو کۆمەلایەتیو سیاسیو عەسکەرییەکان هێندە دژوارتر بوون، باری سیاسی نێودەوڵەتیش "پەیوەندی نێو دەوڵەتی" هێندە بەرژەوەندی ئابووری زاڵە بە سەری دا، چیدیکە ناکرێ فاکتەرە دەرەکییەکان بایەخی زیاتریان پەیدانەکردبێو هەروا بە هۆکارێکی لاوەکیو یارمەتیدەرێکی ئاسایی سەرکەوتنی شۆڕشە درێژخایەنەکان، تەماشا بکرێن، هەر وەك چۆن ئەرکە ناوەکییەکان گۆڕدراون، چۆن تەواو پێویستە ناوەکییەکانی میللەتان دەوڵەتان، رژێمەکان، پێویستی مانو نەمانیان بە یارمەتی دەرەوە هەیەو بێ تەکنەلۆژیا، بێ زانستو زانیاری، بێ یارمەتی هەمە چەشنە ناژین، ئاوەهاش یارمەتی دەرەوەی شۆرشەکانیش لە قالبی فاکتەری جاران نەماوەو چەندین قات زیادی کردوە.."... ئەگەر لە دەروازەی مێژووەوە ئەزموونی پەیوەندی دیالەکتیکانەی شۆڕشو فاکتەری دەرەکی شی بکەینەوە، پێویستمان بە شی کردنەوەی چۆنێتی خەملانی هۆکاری دەرەکی دەبێت، بە سەر چەند راپەڕینو مەسەلەی نەتەوایەتیو، هەر شۆڕشێکی کاریگەر لە خەباتی گەلاندا، لەوێشەوە بە سەر رەوتی گۆڕانە سیاسییەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەمو پاشان کاریگەری ئەزموونی خەباتی گەلان بە سەر شۆڕشی کوردستانەوە تێك دەئالقێنین..

## شۆڕشی ئۆکتۆبەرو هەلومەرجی نێودەوڵەتی

شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە مێژوودا پڕبایەخترین ئەزموونی سەرکەوتنی خەباتو تێکۆشانی گەلانە بۆ گەیشتن بە رزگاریو دەربازبوون لە چەوساندنەوەی هەمە لایەنە..

ئەگەر چی لای مێژوو نوسان سەرکەوتنی شۆڕشەکە بۆ رەخسانی هەردوو فاکتەری ناوەکیو دەرەکی دەگێردرێتەوە، بەلام لای هەلگرانی بیروباوەڕی



سۆشیالیستی، ئەوەندەی سەرکەوتنی شۆڕشەکە، بە هۆکاری ناوەکی دەبەسترێتەوە، بە رادەی ئەوە رۆڵی فاکتەری دەرەکی ناخوێندرێتەوە بگرە تارادەیەك فەرامۆش دەکرێ.. لەم باسەماندا دەمانەوێ هۆکاری نێودەوڵەتیو دەرەکی لە سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا دەربخەین، بێ ئەوەی بنەرەتی هۆکاری ناوەکی فەرامۆشو لە بیر بکەین، بگرە بایەخێکی مێژووییو چارەنوس سازی دەدەینێ.. لە هەلومەرجێکدا جەنگی جیهانی یەکەم بەرەو تەواو بوون دەچوو، روسیای تزاری دووچاری ئالۆزییەکی ئابووریو سیاسیو کۆمەلایەتی ببوو، ئەمانەش بونە هۆی بەرپا بوونی راپەڕینی جەماوەریو ئاکامیش بوە هۆی روخانی دەسەلاتی نیقولای دووەمو، سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان دەسەلاتیان گرتە دەستو"لیفوف" کە جەنەرالێکی عەسکەری ئەوسا بوو دەسەلاتی سەرەك وەزیرانی گرتەوە دەست، بەلام بەردەوامی نارەزایی خەلك لە چاك نەکردنی هەلومەرجی ئابوری، راپەرین بەردەوام بوو تا "ئەسکەندەر کرنسکی وەزیری بەرگری لە حکومەتی لیفوف" دا دەسەلاتی گرتە دەستو"لیفوف"ی لە کار لابرد ولاتێکی وەك رووسیا کە نزیکترین ولاتی ئەلمانیا بوو، هاوپەیمانی ولاتانی "هاوپەیمان"بوو لە جەنگدا، دوای ئەوەی ئەمریکا هاتە ناو بەرەی هاوپەیمانانەوە، بەلای "ئەمریکاو، بەریتانیاو، فەرەنساو، ئیتالیاوە" زۆر گرنگ بوو روسیا بە هاوپەیمانێتی بمێنێتەوەو درێژە بە شەڕی ئەلمانیا بدات. دەسەلاتی تازەی "ئەسکەندەر کرنسکی" لە رووسیادا هاو هەلوێستو هاو ویستو ئامانجی ئەوان بووو درێژەی بە سیاسەتی بەردەوامی جەنگدا دژی ئەلمانیا. خەلکی رووسیا بە هەموو چینو توێژەکانیەوە تەنانەت سوپاش لە شەڕ بێزار ببونو جەنگ شپرزەی لە ژیانی سیاسیو ئابوریو کۆمەلایەتی یان بڕیبو، هەر بۆیە درێژەدانی حکومەتی تازە بە سیاسەتی شەڕو لا نەکردنەوە لە گرفتە هەمە جۆرەکانی

کۆمەڵانی خەڵکی ئەو وڵاتە وای کرد ئاڵۆزی ناوخۆی وڵات بەردەوام بێت‌و ڕۆژ بەڕۆژ دژایەتی کردنی جەماوەر بۆ دەسەڵاتی کرینسکی درێژەی هەبێ.. زۆر گروپ‌و حزبی سیاسی، لە دوای ڕوخانی دەسەڵاتی قەیسەر نەیانتوانی بەهۆی کەمی نفوزیان لە ناو جەماوەردا دەسەڵات بگرنە دەست، یەکێك لەو ڕێکخراوە سیاسیانەش بەلشەویکەکان بوون بە سەرۆکایەتی "لینین".. بەردەوامی نارەزایی کۆمەڵانی خەڵك‌و نزیکی وڵات لە ئەڵمانیا زەمینەی دەست تێوەردانی بۆ ئەڵمانیا خۆشکردبوو، تا بتوانێ بە هەر شێوەیەك بێ رووسیا لە هاوپەیمانانی دژی خۆی دابڕێ، ئەم دەست تێوەردانەی ئەڵمانیاش بە یارمەتی‌دانی ئەو حزبە سیاسی‌و خەڵکانە، دەبووە هۆی ئەو دابڕانەی وڵاتی رووسیا لە هاوپەیمانان کە دەیانتوانی داخوازی‌یەکانی خەڵك لەگەڵ نەخشەکانی خۆیان بۆ وەرگرتنی دەسەڵات ئاوێتە بکەن.

سەرکردەکانی حزبی بەلشەفی پێش ڕوخانی ڕوسیای تزاری وەك سەرجەم سەرکردەکانی تری ئۆپۆزیسۆن ئاوارەی هەندەران بوون، ئەمانیش بەهۆی یارمەتی ئەڵمانیاوە لە سویسراوە هێنرانەوە ناو ڕوسیاو پاش سەرکەوتنی سەرکردەکانی بەلشەفیکەکان، بەلینینیشەوە جارێکی تر دورخرانەوە بەرەو فینلەندا. ئەڵمانیا، وەك پێشتر ئاماژەکرا، بەهۆی بەردەوامی تازەی رووسیا لە سەر سیاسەتی شەڕ، ناچار بوو دەعمێکی زۆری بەلشەفیکەکان بکات، تا لەرێگەیەوە بتوانێ ڕوسیا لە شەڕ تەریك بکات، بەبێ لە بەرچاو گرتنی "گوێ دانە" ئەوەی، ڕێبازی فکری‌و سیاسی ئەو حزبەی دەسەڵاتی ناوەند دەروخێنێ، چییە؟، چونکە ئەوسا ئەوەندەی دورخستنەوەی ڕوسیا لە شەڕ بۆ ئەڵمانیا گرنگ بوو، بەرادەی ئەوە جۆری سیستەمی ئایندەی ئەو وڵاتە گرنگی پێ نەدەدرا، لە کاتی جەنگیشدا هەموو هاوکێشەکان دەخرێنە خزمەتی هاوکێشە"معادلە"ی سەربازی‌یەوە. ئەم دەعم‌و



پشتیوانیەی ئەڵمانیا، بۆ بەلشەفیکەکان لە لایەك‌و، ئاوێتە بونی داخوازی‌یەکانی خەڵك لەگەڵ پلانی بەلشەفیکەکاندا لە لایەکی ترەوە بوە هۆی لاوازی دەسەڵاتی حکومەتی کرنسکی‌و لە ماوەی (٨) مانگدا بەلشەفیکەکان زۆرینەی جەماوەر بوونە پشتیوانیان‌و دەسەڵاتی وڵاتیان گرتە دەست. لێرەوە لە ڕاستی‌یەك تێ دەگەین کە فاکتەری دەولی لە سەرخستنی بەلشەفیکەکاندا دەورێکی گرنگ‌و پڕبایەخی بینی، چونکە ئەگەر ئەڵمانیا هاوکاریان نەبوواو حکومەتی"کرنسکی" سەرقاڵی شەڕی جیهانی بە تایبەت دژی ئەڵمانیا نەبایە، نە خەڵك لە حکومەت وابەزوویی بێزاردەبوو، نە بەلشەفیکەکان لەو ماوە کەمەدا نفوزیان لە ناو جەماوەردا پەیدا دەکردو نە سوپاش هەڵدەگەڕایەوە، ئەوسا دوور نەبوو هەلومەرجی سیاسی‌و ئابووری لە ڕوسیا بە ئاقارێکی مێژوویی تردا تێ پەڕێ، هیچ نەبا ئەگەر کرنسکی‌و دەسەڵاتەکەی شەڕی دژی ئەڵمانیا ڕاگرتبا، دەیتوانی یان لا لە گرفتەکانی کۆمەڵانی خەڵك بکاتەوە، کە بەشێکی گرفتەکان بێزاری سەربازەکان بوو لە جەنگ "چونکە سوپا لە سەرکەوتنی بەلشەفیکەکان دەورێکی گرنگی بینی" یان ڕاپەڕینی جەماوەری سەرکوت بکات کە بۆ ماوەیەکی تر ڕێڕەوی هەلومەرجی سیاسی لە وڵاتدا دەگۆڕی، یان دورنەبوو بە پشتگیری وڵاتانی هاوپەیمان بە تایبەتی ئەمریکا زەمینەی دیموکراتیزەکانی وڵات بخولقێنێ. چونکە هاوپەیمانان بە گشتی‌و ئەمریکا بە تایبەتی زۆر مەبەستیان بوە لەو سەردەمەدا، وڵاتی ڕوسیا هەنگاو بەرەو دیموکراتیەت هەڵێنێ، لەبەر کۆمەڵێك هۆی ئابوری‌و سیاسی‌و جوگرافی. کاتێك سەرەك "ولسن"ی ئەوسای ئەمریکا لە کاتی سەرکەوتنی کرنسکی‌و ڕوخانی دەسەڵاتی قەیسەردا لە زۆربەی ووتارەکانی‌دا پشتیوانی خۆیی‌و وڵاتەکەی بۆ شۆڕشی بۆرجوازی ڕوسیا دووپات

دەکردەوە، بەڵگەی سەلمێنەری ئەم راستی‌یەن، بۆ نموونە لە وتارێکدا لە بەردەم کۆنگریسدا سەرەك"ولسن" دەربارەی شۆڕشی دیموکراتی روسیا دەڵێ:

((بێ گومان ئەوان( واتە ئەڵمانیاو هاوپەیمانەکانی) باش دەزانن کە گەلی روسیا لە دێرزەمانەوە خەبات دەکات بۆ دیموکراسی، و روسیاش ئێستا بە هەموو توانایەوە شان بە شانی هێزە دیموکراتیەکان دەجەنگێ لە پێناوی ئاشتی‌و سەربەستی‌و دادوەری لە جیهاندا)) * کاتێکیش دیموکراتی بەرقەرار بووبا ئەگەربەلشەفیکەکان دەسەڵاتیشیان گرتبایە دەست زەحمەت بوو سیستەمی سوشیالیستی رابگەیەنن‌و دکتاتۆری پرۆلیتاریا پەناو پێناویان بێت، لە بەر ئەوە هەلومەرجی نێودەوڵەتی‌و هەموو ئەو هۆکارانەی خرانە روو هۆکاری کاریگەر بوون لە سەرخستنی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا.

* * *

## شۆڕشی چین

شۆڕشی چین وەك شۆڕشی ئۆکتۆبەر چ لە رووی چینایەتی‌و چ لە رووی نەتەوایەتی‌یەوە بە تایبەت لە ناو جولانەوە سیاسی‌یەکانی میللەتان کە رێبازەکەیان بە فەلسەفەی مارکسیزم پاراو کرابێ گرنگی مێژوویی هەیەو بایەخی تایبەتیشی پێ دراوە..

ئەم شۆڕشە جگە لە دروست کردنی بەرەی نیشتمانی لەگەڵ حزبەکەی "چان کای شیك" کە ئەمەی دوایی لە سەرەتای رزگاری نیشتمانی جیا بوونەوەی خۆی راگەیاندو حکومەتی چینی نیشتمانی پەیڕەو دیموکراتی پێك هێنا، بە مەبەستی

* (العلاقات الدولية: تطور الأحداث مابين ١٩١٤-١٩٤٥ نوسینی ریاض الصمد لاپەرە"٥٥").



توندکردنی توانای ناوخۆی جەماوەری لە دژی دەسەڵاتی داگیرکەری ئیمبراتۆریەتی یابانی ئیعتمادێکی زۆری کردە سەر یارمەتی دەرەکی.. ، یابان لە ساڵی ١٩٣١ بە دواوە دەستی بە داگیرکردنی وڵاتی چین کردو وێرای توانای لە رادەبەردەی یابان لە رووی ئابوری‌و سەربازی‌یەوە هەلومەرجی ئەوسای پێش جەنگی جیهانی دووەم لە ساڵی ١٩٣٨دا زەمینەی راپەرمونی یابانی بۆ داگیرکردنی سەرتاپای وڵاتی چین خولقاند، چونکە ئەوسا، بەهۆی سەر لە نوێ بەهێز بونەوەی وڵاتی ئەڵمانیاو هاتنە سەرکاری هتلەرەوە، رۆژئاوا بە ئەمریکاشەوە نیگەران بون‌و رێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوەکان"عصبە الأمم" یش توانای پاراستنی ئارامی‌و ئاسایشی نەبوو لە جیهاندا، بەمەش ئەوەندەی گرنگی بە ئەورووپا دەدرا لە رووی پەیوەندی‌یە نێو دەوڵەتیەکانەوە، زۆر کەمتر دەپەرژانە دەست تێوەردانی کاروباری پەیوەندی‌یە نێو دەوڵەتیەکان لە رۆژهەڵاتی ئاسیادا، بۆیە یابان جگە لە لاوازی وڵاتی چین لە رووی سەربازی‌یەوە، ئاسان بۆی لوا داگیری وڵاتی چین بکات.

هەر چەند چینی‌یەکان لە ئاستی ناوخۆدا رووبەرووی داگیرکەری یابانی بونەوەو بەرگری کۆمەڵانی خەڵکی چین درێژەی هەبوو، بەڵام تا هەلومەرجی دەوڵی گونجاوی سەرکەوتن نەبوو نەتوانرا شۆڕشەکە سەربخرێ. کاتێك شەری جیهانی دووەم بەرپاکرا یابان‌و ئەڵمانیاو ئیتاڵیا ببوونە هاوپەیمانی یەکتر دژی هاوپەیمانێتی بەریتانیاو فەرەنساو سۆڤیەت‌و پاشان ئەمریکا، لە لایەك یابان سەرگەرمی شەڕکراو لە لایەکیش شۆڕشەکە بەردەوام بوو، یەکێتی سۆڤیەت بە دوو پاڵنەری ئایدۆلۆژی‌و دژایەتی دەوڵەتی ئەڵمان یارمەتی‌یەکی زۆری شۆڕشەکەی دا کە بسازێ لەگەڵ توانای سەربازی یابان‌و لە لایەن وڵاتانی تری بەریتانیاو ئەمریکاش بە چاوپۆشین لە بیروباوەڕو رێبازی شۆڕشەکە، یارمەتی‌یەکی لە رادە بە دەری شۆڕشی چینیان دا، بە مەبەستی شکست

پێهێنانی ئیمپراتۆریەتی یابان، وێڕاش تا ئاکامی شکست هێنانی یابان لە جەنگی جیهانی دووەمدا بە دیار نەکەوتو یابان مل کەچی ئیرادەی دەولی نەکراو بگرە پاش دوو ساڵ برانەوەی جەنگەکە شۆڕش نەگەیشتە سەرکەوتنی ئیجگاری.

شۆڕشی چین بە شۆڕشی درێژخایەن ناسراوە لە مێژووی خەباتی گەلاندا هەر بۆیە هۆی سەرەکی درێژەکێشانی شۆڕشەکەش، بۆ نێودەوڵەتی دەگەڕێتەوە لە سەرکەوتنی خەباتی گەلی چین دا.

## دروست بونی دەوڵەتی ئیسرائیل

هەموو بزوتنەوەیەکی سیاسیو نەتەوایەتیو مەزهەبی، وەك لە پێشەوەی ئەم باسەدا ئاماژە کرا پشت بە دوو هۆکاری دەرەکیو ناوەکی دەبەستێ، هیچ کامێك لەو بزووتنەوانەش جگە لە مەسەلەی جولەکە، فاکتەری ناوەکی فەرامۆش نەکردووە، چونکە هەریەك لەو دوو فاکتەرانە بەشێکی ئەرکەکانی، سەرخستنی مەسەلەکانن، بەلام سەبارەت بە مەسەلەی جولەکەو چۆنیەتی قوتکردنەوەی دەولەتێکی وەك ئیسرائیل فاکتەری دەرەکی جگە لەوەی فاکتەری ناوەوەی خولقاندوە" دەورێکی کاریگەرو رەها"مگلق" ی بینیوە لەو بوارەدا..

بیرۆکەی دروست بونی دەولەتی ئیسرائیل لە دروست بوونی "بزوتنەوەی زایۆنی"یەوە پێهەلاچوو کە لە لایەن جولەکەکانی روسیاو ئەوروپای رۆژهەلاتەوە لە سەر دەستی تیودۆر هرتزل لە ساڵی ١٨١٧ دا لە دایك بوو..

هاوشانی چالاکیە سیاسیەکانی ئەم بزوتنەوەیە، خەلکانی سیاستمەدارو سەرمایەدارانی جولەکەی ناو دەسەلاتی ولاتە ئەوروپیەکان بە گشتیو بەریتانیا بە تایبەتی کاریگەریان لە سەر سیاسەتی ولاتاندا دادەناو ئەندێشەی



زیندووکردنەوەی مەسەلەی جولەکە لە نەخشە سیاسیەکانی ئەو ولاتانەو بەریتانیادا ئاوێتەی ئامانجەکانیان دەبوو.

کاتێك لای سەرانی دەولەتی بەریتانیای گەورە گرنگی خۆرهەلاتی ناوەراست دەرکەوت بۆ ئاسان کۆنترۆڵ کردنی ناوچەکە سەرەك وەزیرانی بەریتانیای ئەوسا"کامبل بزمن" لە ساڵی ١٩٠٥دا بڕیاری دا لێکۆڵینەوە لە سەر چۆنیەتی دابڕینی ئاسیا لە ئەفریقیا ئەنجام بداتو بۆ ئەم مەبەستەش، دوای هاتنە سەرکاری"چەرچل" حکومەتی بەریتانیا وێڕای پەسەندکردنی ئەو بیرۆکەیە، هەوڵی دا جولەکە بکاتە کەرەستەی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە... ، لە سەرەتای دەسپێکی شەڕی جیهانی یەکەمەوە لای رۆژئاوا بە گشتیو بەریتانیا بە تایبەتی بیرۆکەی دروست کردنی دەولەتی ئیسرائیل زیندوتر لە رابردوو لە سەر مێزی سیاسەتی دەولی بوە رەوشێکی پڕ بەهای ناو ستراتیژیەتی دەولەتی بەریتانیاو لە هەر هەنگاوێکی سیاسی ئەو ولاتەدا فەرامۆش نەدەکرا..

کاتێك، لە دوای شەڕی جیهانی یەکەمەوە، جیهان بەپێی بەرژەوەندی کۆلۆنیالیستانە دابەشێنرایە سەر ولاتانی سەرکەوتوو حکومەتی بەریتانیا پشکی گەورەی لە سیاسەتی ئینتداب بەرکەوتو لەم بەرکەوتنەشدا فەلەستین ئەو ولاتە بوو کە دابینی خواستە سیاسیەکانی بەریتانیای گەورەو نەتەوایەتی جولەکەکانی دەکرد لە ساڵی ١٩١٧ کاتێك بەریتانیەکان لەوە تێ گەیشتبون کە هەلومەرجی نێودەولەتی گونجاوی جێبەجێکردنی نەخشەکەی"کامبل بزمن"ە لەرێگەی سیاسەتی ئینتدابەوە جولەکەو، بزوتنەوەکەی هاو ئاقاری بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا خرۆشابون، بۆیە"بلفۆر"ی وەزیری دەرەوەی ئەوسای بەرتانیا لە سەردەمی "چەرچل"دا لە ٢/١٠/١٩١٧ بەڵێن نامەیەك ئاراستەی سەرۆکی

بزوتنەوەی جولەکە "لورد روچیلد" دەکات سەبارەت بە پێکەوەنانی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ناو خاکی فەلەستین دا کە بە گفتی "بلفۆر"ناسراوە.

ئەم بەڵێنەش قۆزاخەی هێلکە پیتێنراوەکەی جولەکە لە قوت کردنەوەی دەوڵەتێکدا شەقار کردو پاش چەند مانگێكو لە ٣/١٩١٨ دا هەر سێ دەوڵەتی ئەمریکاو فەرەنساو ئیتالیا پشتگیری بەڵێنەکەی "بلفۆریان" کردو ئەمەش بوە هۆی خەملاندنی زەمینەیەکی سیاسی نێودەوڵەتی ئەوتۆ تا بەهۆی ڕێکخراوی"کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە" لە ساڵی ١٩٢١دا داخوازی بەریتانیا بۆ ئینتداب کردنی فەلەستین بسەلێنێ.

کاتێك بەریتانیا دەستی کردە پەیڕەوکردنو داگیرکردنی فەلەستین نزیکەی(٥٠) هەزار جولەکە نیشتەجێی فەلەستین بوون، لە ماوەی "٢٧" ساڵ تەمەنی سیاسەتی ئینتدابی بەریتانیا بە سەر فەلەستینەوە لە ساڵی ١٩٤٨ ژمارەی دانیشتوانی جولەکە گەیشتە "٦٥٠" هەزار کەس بەهۆی هاوردنی جولەکەی وڵاتان بە گشتیو ئەوروپا بە تایبەتی بەمەش بەریتانیا لە لایەك توانی گوشاری دیموگرافی بخولقێنێ لە ناو فەلەستینو لە لایەکیش توانی هێزێکی گەریللایی جولەکە دروست بکاتو بیکاتە کرۆکی ئەو سوپایەی کە سیاسەتی ئینتدابی بە سەر فەلەستینەوە جێبەجێ دەکرد. دوابەدوای بڕانەوەی جەنگی دووەمی جیهانی هاوزەمانی ئەم هەنگاوانە بەریتانیا دیسان بەهۆی سەرکەوتویی لە جەنگدا وەك وڵاتێکی قودرەتمەندو بە پشتگیری وڵاتێکی تازە بەهێزبووی لە رادەبەدەری وەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو کاریگەری ئەو وڵاتەی دوایی بە سەر پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانەوە توانی بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان(بڕیاری ١٨١ لە ٢٩/١١/٤٨) دەربکاتو بیکاتە بەڵگەی یاسایی نێودەوڵەتی لە پێك هێنانو دروست کردنی دەوڵەتێك بۆ جولەکە لەرێگەی دابەشاندنی فەلەستین بە



سەر دوو دەوڵەتی جولەکەو عەرەبی دا، ئەم قەدەرەی جولەکەش دەرهاویشتەی پێداویستییەکانی وڵاتانی زلهێزی ئەوسا بوو کە بۆ جێبەجێکردنی نەخشەکانیان بیرۆکەی دەوڵەتی جولەکەو رەوشەکەی هەوێنی داڕشتنی ئەم نەخشانەیان بوە... رێرەوی پەیڕەوی رۆژئاوا لە سەرخستنی نەخشەکانیاندا بوە هۆی دروست بوونو راگەیاندنی خیتابێکی سیاسی بەهێزی جولەکەو پاش دەرچونی بڕیاری (١٨١)ی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە سەر دەستی (٢٩) سیاسەت مەدارو ئابوری زانی جولەکە بەیانی دروست کردنو راگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل راگەیانراو وڵاتانی بەریتانیا، ئەمریکا، فەرەنساو ئیتالیا پێشەنگی پەسەندکردنی ئەم راگەیاندنە بوون، بە خوێندنەوەی مێژووی ئەم رووداوە گرنگەی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست لەوە تێدەگەین کە مەسەلەی جولەکە دەرهاوێشتەی سیاسەتی دەولیەو پاشان لە هەناوی ئەم فاکتەرە دەولیەدا فاکتەری ناوخۆ وەك کەناڵێکی ناوەندی دەوری لە سەرخستنی مەسەلەی جولەکەدا دابینیوەو رۆڵی رەهای فاکتەری دەولی بنیاتنەری دەوڵەتی جولەکەیە.

* * *

## "مەسەلەی فەلەستین"

عەرەبی فەلەستین بەهۆی نالەباری هەلومەرجی نێودەوڵەتیو لێبڕاوی وڵاتانی زاڵی دنیا لە پشتگیری ئیسرائیل، چارەنوسیان رەش داگەڕا. رەنگە پێویست نەکات بگەڕێینەوە بۆ راستیە مێژووییەکانی ئەوەی کە" خاکی فەلەستین شەرعیەتی ئەتنیکی عەرەبی یان یەهودی هەیە !! ئەوەی کە مەبەستە لێرەدا ئەوەیە کە، چارەنوسی فەلەستین لە نێوان هەلومەرجە جیاوازەکاندا حەواڵەی کام دەرەتانی سیاسیە؟!

بێگومان، بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێز لە دوای شەڕی جیهانی یەکەمەوە پێویستی بەوە بوو ئاسیاو ئەفریقیا لێك دا ببڕێ، لەدوای شەڕی جیهانی دووەمیشەوە کاتێك نەوت وەك سەرچاوەیەکی گرنگی وزە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بە گشتیو وڵاتانی کەنداو بە تایبەتی دۆزرایەوە، گرنگی سیاسەتی پەرت کردنی عەرەبی بۆ زلهێزەکان زیاتر خەملا، جولەکەو خاکی فەلەستینیش باشترین دەستەبەری سەرخستنی ئەم مەرامە سیاسییەی ئەو زلهێزانە بوە تایبەت بەریتانیاو دوایی تر ئەمریکا.. لە گەرمەی شەڕی ساردیشدا کە ئەمریکاو شورەوی پێشوو، تەقەللای بەنفوزکردنی ناوچە جیاجیاکانیان دەدا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەرنەبوو لەویستی هیچ کام لەو دوو کامپە. سەرەڕای ئەوەی بەهۆی ئیسرائیلەوە، زۆربەی وڵاتانی عەرەبی نیگەرانی ئەمریکا بوون کەچی ئەمریکا نەك پشتی لە ئیسرائیل نەکرد، بگرە لە سەرجەم بەرە سەربازیو سیاسیو دبلوماسیو ئابورییەکانیشدا، لێبڕاوانە ئیسرائیلی لە خەم ڕەخساندبوو، تا کۆتایی جەنگی ساردیش کە سۆڤیەت لە زۆر ڕووەوە، گونجاوی پشتگیری فەلەستینییەکان بوو سەرجەم وڵاتانی عەرەبی پشتی فەلەستینییەکانیان گرتبوو، خەباتەکەشیان هەمە لایەنە ئاراستەکرابوو. لە سەرەتای بە کۆتا هاتنی جەنگی ساردیشدا لە سەرجەم بوارەکاندا تەقەللای فەلەستینییەکان قۆرغ کرابوو تەنها پشتیان بە شێوە خەباتی"ڕاپەڕینی بەردەکان" دەبەستو زۆرینەی عەرەبی فەلەستینی ناچاری ئاوارەبوونی دەرەوەی وڵات کران..

لە شەڕی کەنداوی دووەمیشدا خەباتی فەلەستین دوا ئەنرژی خۆی داداو ئیسرائیل بە سەرکەوتویی قۆناغە جیاوازەکانی پەیوەندی نێو دەوڵەتی بڕیو دوای شەڕی کەنداوی دووەمیش کە ئەمریکا لە دوا پلیکانەی شەڕی سارد وە سەرکەوت، ئا لەوکاتەدا کە ئیسرائیل لە خەمی چارەنوسی ڕەخسابوو، لەو



هەلومەرجە نێودەوڵەتیەی کە ئەمریکای تێدا زاڵ کردو دوور لە هیچ گوشارێك فەلەستینو ئیسرائیلیەکانی ڕاپێچی گفتوگۆی بڕانەوەی ململانێ کرد. ئەگەر چی ئێستا بە تەواوی کێشەکە، نەگەیوەتە ڕۆژی بڕانەوەی سەرجەم دۆسیەکان "هەڵبەت لەبەر هەستیاریو ئاڵۆزی کێشەکە"بەڵام سەرەنجام چونکە چارەسەری کێشەکە بەدیوێکی ترو جیا لە هەلومەرجە نێودەوڵەتیە جیاوازەکانی رابوردوو، هاندەرێکی گرنگی سەقامگیری سیاسی ناوچەکەو خودی ئیسرائیلە، بۆیە ئەمریکا شێلگیرانە جەخت لە سەر چارەی کێشەکە دەکات.. لێرەوە حاڵیدەبین کە ئەو کاتەی خەباتی فەلەستینیەکان هەمە لایەنە ئاراستە دەکرێ کەچی لەبەرئەوەی، هەلومەرجی نێودەوڵەتی بەربەستی گەورەی خەباتەکەیانە، خەباتەکەیان دەگاتە بن بەست. هەر کە سیاسەتی نێودەوڵەتی دەگاتە ئەو جێیەی چارەی کێشەی فەلەستینیەکان لە خزمەتی بەرژەوەندییە سیاسیو ئابوریو ئەمنیەکانی هەژموونو نفوزی زلهێزەکان لە سەرویانەوە ئەمریکا دا دەبێ.. دوژمنی گەورەو بچوکی دوێنێی سیاسی لە کەشی نێودەوڵەتی ئێستادا، خەباتی کپ بوو، ئومێدی سیاسی نوێ چەشن پەیدا دەکاتەوەو دوور لە توندوتیژیو لە سەر مێزی زلهێزی زاڵی دنیادا ڕێو شوێنی مافی چارەی خۆنوسینیان دادەڕێژرێ !.

## شۆڕشەکانی کوردو هەلومەرجی نێودەوڵەتی

سەرجەم هەڵایسانەکانی شۆڕشی کوردی کە لە پێناوی ڕزگاری نیشتمانی دا بەرپاکراون بە بەراوردی شۆڕشو ڕاپەڕینەکانی گەلانی ڕزگار بووی دنیا لەڕووی باری خۆییو بابەتییەوە چییان لەو شۆڕشو ڕاپەڕینانە کەمتر نەبوە تایبەت لەڕووی قوربانی دانو ئامادەیی مرۆڤی کوردی بۆ بەشداریەکی کاریگەرانە لە شۆڕشو ڕاپەڕینەکاندا ئەوەی کە کوردو گەلانی ڕزگار بوو لە یەکتر جیادەکاتەوە،

ئەو هەلومەرجە نێودەوڵەتییەیە کە بۆ میللەتانی رزگار یاریدەدەری سەرکەوتن بۆ کورد هۆکاری بێ ئاکام کەوتنەوەی هەڵایسانەکان بوە.. کەوتنەوەی سلبیانەی هۆکاری نێودەوڵەتیش بە سەر چارەنوسی شۆڕش‌و راپەڕینەکانی کورد بۆ چەندان هۆی سیاسی، دبلوماسی، جوگرافی‌و ئیقلیمی دەگەڕێتەوە، سەرەڕای دابەشبونی چوار پارچەیی‌یانەی وڵاتی کوردی کە ئەمەش کوردی توشی نەهامەتی‌یەکی ئقیلیمی کردەوە..

## شۆڕشەکەی شێخ عوبێدوڵڵای نهری

کاتێك راپەڕینەکەی نهری بەرپاکرا هەردوو ئیمپراتۆریەتی سەفەوی‌و عوسمانی گلاوی ململانێی چەندان کێشەی جوگرافی‌و سیاسی‌و مەزهەبی ببون لە پشتی ئەم دوو ئیمپراتۆریەتە دامێنانەش دوو ئیمپراتۆریای زەبەللاحی ئەو سەردەمە روسی‌وبەریتانیا لە هەڵپەی کێش کردنی سەفەویەکان‌و عوسمانیەکاندا بوون بەلای نفوزو قەڵەمڕەوی هەمەلایەنەی خۆیاندا. هەر دووك لە روس‌و ئینگلیزیش، سیاسەتی راستگۆیانەیان دەرهەق بەو دوو ئیمپراتۆریەتە لە سەر حسابی کێشە ناوخۆیی‌یەکانی ئەمانەی دوایی"سەفەوی‌و عوسمانی" بە تایبەت رەوشی کوردی پەیڕەو دەکرد. هەر ئەمەش بوو وای کرد شۆڕشەکە تێك بشکێ‌و هەرەس بهێنێ دەنا رێبازی شۆڕشەکە لە سەر ئاستی ئیقیلمی باشترین تاکتیکی شۆڕشگێڕانەی کردە پێناوی سەرکەوتن، کاتێك شێخ عوبێدوڵڵا لە پارچەیەکی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی گەلەکەی بۆ رزگاری پارچەیەکی ژێر دەسەڵاتی سەفەوی تاودا، ئەگەر نەخشەی ئینگلیزو روس ناراستەوخۆ لە بەرامبەر یەکترو راستەوخۆ دژی کورد نەبان ئەستەم بوو سەفەوی‌و عوسمانیەکان بۆیان بلوێ دەروازەی هەرەس پێهێنانی شۆڕشەکەی شێخ عوبیدوڵڵا بدۆزنەوە، ئەوەتا ئامانجەکانی روسی لە



ناوچەکە لە پێناو گەیشتن بە ئاوی گەرم‌و دەست بە سەراگرتنی بۆغازەکانی نێوان دەریای رەش‌و دەریای سپی‌دا رێگرتن لە نفوزو هەژموونی بەریتانی‌و فەرەنسی‌و دوایی تر ئەڵمانیا* پێویستی بە لاواندنەوەی عوسمانیەکان لە لایەك‌و سەفەوی‌یەکان بوو لە لایەکی ترەوە ئەم لاواندنەوەش بە پلەی یەکەم بەوە دەبوو کە هەم سەقامگیری نێوان دوو ئیمپراتۆریەتەکان بپارێزرێ‌و هەم هەموو جوڵانەوەیەکی دژی دەسەڵاتی ناوەندی ئیمپراتۆریەتەکان بە سەقامگیرکردنی ناوخۆیی دەسەڵاتی سەفەوی‌و عوسمانیەکان سەرکوت بکرێ.. بەریتانیاش کە ئامانجی لە ئامانجەکانی روسیا کەمتر نەبوو سیاسەتەکانی کاریگەرتر بوون ناوبژی نێوان سەفەوی‌و عوسمانیەکانی کرد تا ناکۆکیەکانیان بە رێگەی گفتوگۆ چارە بکەن هەر ئەمەش رێکەوتنی یەکەم‌و دووەمی ئەرزەرۆمی لێ کەوتەوە لەوەوە بناغەی سیاسەتی هاوبەشی سەفەوی‌و عوسمانیەکان دژی کورد داڕێژرا** رەنگە ئەگەر روسیاو بەریتانیا لە پێناو بەرژەوەندی‌یە جیاجیاکانی خۆیان‌و هەریەکە بە ئاقارێکداو لە دژی یەکتر، سەفەوی‌و عوسمانیەکانیان نە لاواندباو راپێچی لێك تێگەیشتنیان نەکردبان ئەستەم بوو کەشێکی ئیقلیمی‌و نێودەوڵەتی دژی رەهەندی راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵا بخەڵمێ‌و دیسان چارەنوسی کورد حەواڵەی مەبادا بکات.

### چارەنوسی کورد لە سێبەری سیستەمی دوای جەنگی یەکەمی جیهان

لە جەنگی جیهانی یەکەمدا دەرفەتێك بۆ کورد هاتە پێش کە گوشاری باوی دژە کوردی نێودەوڵەتی دەرهەق بە پرسەکەی تا رادەیەکی زۆر کاڵ ببوەوە،

* کوردو عەجەم- صالح محمد امین ص١٧٩

** هەمان سەرچاوە ل١٨٦

تایبەت کاتێك پەیمانی سیڤرە لە نێوان هاوپەیمانانـدا، کەشێکی سیاسی نێودەوڵەتی بۆ کورد خولقاندبوو.

هەڵبەت لە سەر دەستی بەریتانیا دەوڵەتێك بە ناوی عێراقەوە رەنگرێژ کراو بەشێك لە کوردستانی ژێر سایەی عوسمانی پێوەلکێنرا، لێرەوە کورد" دوور لە ئیمپراتۆریەتی سەفەوی لە ناو دەوڵەتی عوسمانی دا بوە دوو مەسەلە" لە ناو پەیمانی سیڤرەدا ئیمزای قەوارە گرتنی کوردستان کراو لە عێراقی نوێشدا کورد دەکرایە قوربانی بە سەر پێکەوتنی دەسەڵاتی عەرەبی ! لە کوردستانی بەشی تورکیادا، پەیمانی سیڤرە کە وڵاتانی سەرکەوتوو بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانیان بەندەکانیان دارشتبوو، هیچ گوشارێکی سیاسیو سەربازی پێگیری، حساب کردنی کوردیان نەخزاندبوە ناویەوە، جگە لە هەوڵەکانی شەریف پاشا نەبێ، بەڵکو ئەوان کە بەپێی پەیمانی"مۆدرۆس" تورکیای عوسمانی مل کەچی مەرجەکانی تێك شکان کرا، لە سێبەری ئەم تێك شکانەدا برگەکانی پەیمانی سیڤرە بۆدابەشاندنی تورکیا دارێژران. لە هەلومەرجێکدا کەمال ئەتاتورك بزوتنەوەی کەمالی کردە پێناوی هەستانەوەی گیانی تێك شکاوی تورکی، جەمعیەتی تەعالی کوردستان لە ناوخۆدا پارسەنگێکی سەربازی بۆ کەم کردنەوەی گوشاری کەمالیەکان لە سەر وڵاتانی سەرکەوتوو نەخوڵقاند، کاتێکیش بەهۆی گرفتە ئابوریو سیاسیە ناوخۆییە خوڵقاوەکانی ناو وڵاتانی سەرکەوتوو گوشاری کەمالیەکان بە پشتیوانی سۆڤیەت، لەمپەرێکی سەربازیو سیاسیو دبلۆماسی لە بەردەم ویستەکانی بەریتانیا زەق کردەوە، کورد بوە وەسیلەی ژێر کردنەوەی کەمالیەکان. هەڵایسانەکانی شێخ مەحمودیش راستەوخۆ دژی ستراتیژی ئینگلیز، لە عێراقدا بە ئاقاری قەوارەگرتنی کوردستانی بەشی عێراق دەجەنگاو راستەوخۆ شەر لەگەڵ ئینگلیز دەکرا.



لێرەوە جێی خۆیەتی هۆی ئەو واقیعە بزانرێ کە بۆچی لە کوردستانی بەشی تورکیا پەیمانی سیڤرە بۆ کورد هیچی لێ نەکەوتەوەو شۆڕشەکەی شێخ"مەحمود"یش بێ ئاکام دەرچووە؟!

هەڵبەت پەیمانی سیڤرە پێویستی بە پاڵپشتێکی جەماوەریو گوتارێکی یەکگرتووی کوردی هەبوو نەك بە تەنها لە سەر ئاستی کوردستانی تورکیا بەڵکو لە سەر ئاستی هەردوو پارچەی کوردستانی عێراقیو تورکی..

ئەگەر کورد، گوشارێکی کۆمەڵایەتیو پێشمەرگەیی دروست کردبا بۆ سەر کەمال ئەتاتورکو بزوتنەوەکەی ئەستەم بوو ئەمەی دوایی بتوانێ چۆك بە هاوپەیمانان"وڵاتانی سەرکەوتوو تایبەت بەریتانیا" دا بدا دەرهەق بە پەیمانی سیڤرە. لەولاشەوە راپەرینە چەکدارییەکەی شێخ مەحمود دژی دەسەڵاتی ئینگلیز دەجەنگا، بێگومان ئەتاتورك بە پشتیوانی جەماوەرو هێزی سەربازی خۆی هەم توانی سۆڤیەت بکاتە پشتیوانی بزوتنەوەکەیو هەم کەلێنی نێوان وڵاتانی سەرکەوتوی جەنگ بقۆزێتەوەو لەوێوە زۆربەی مەرجەکانی خۆی بۆ قەوارەگرتنی تورکیای علمانیو وڵاتی تورکیا لە قرتاندنی زیاتر قوتاربکا بە مەبەش بوە دیفاکتۆیەکی سەربازیو سیاسیو دبلۆماسیو جوگرافیو هتد. خۆ ئەگەر شێخ مەحمود هەمان تاکتیکی شێخ عوبێدوللای پیادەی سەرهەڵدان کردبا ئەوا لە توانادا بوو رەهەندی رەوشی کوردی بە ئاقارێکی دیکەدا رێرەوی مێژوویی وەرگرێ ! ئەگەر شۆڕشەکەی خۆی کردبایە پشتیوانی سەربازیو لەوەوە سیاسیو دبلۆماسی لە پێناو جێبەجێ بوونی سێ بەندە تایبەت بە کوردییەکەی پەیمانی سیڤرە هەم گوشاری ئینگلیزی لە سەر نەدەماو هەم لە هەناوی کوردستانی تورکیاش پشتیوانی بۆ شۆرشەکەی پەیدا دەکرد کەمالیەکانیش بۆیان نە دەلوا مەرجەکانیان بۆ لابردنی برگە کوردییەکانی پەیمانی سیڤرە بە سەر بەریتانیادا

بسەپێنن، بەریتانیاش دەیتوانێ ئەمە بە ئاقاری باشتر بە سەر پێ کەوتنی عێراقی عەرەبی‌و قۆرغ کردنی کەمالیەکان بقۆزێتەوەو پشتیوانی کوردی بکات‌و لە رووی نەتەوەیی‌و جوگرافیش زۆرترین قازانجی سیاسی‌و نیشتمانی بکات. کەواتە نەبوونی پشیوانی جەماوەری‌و سەربازی لە ناو کوردستانی تورکیاو پەیڕەونەکردنی تاکتیکی نهری لە لایەن مەلیك مەحمودەوە فاکتەری دەرەکی بۆ کوردستانی بەشی عێراق نەهامەتی‌و بۆ کوردستانی تورکیاش دەستخەڕۆیی لێ کەوتەوە...

## چارەنوسی کورد لە سێبەری سیستەمی دوای جەنگی دووەمی جیهاندا.

بە هەمان شێوەی جەنگی یەکەمی جیهانی کەشێکی دژە کورد لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیشدا تاوی سەندەوە، ئەمەش راستەوخۆ لە کۆماری مهابادو شۆڕشی ئەیلول لە عێراقدا کاریگەری‌یە سلبیەکەی لە سەر چارەنوسی کورد بە دیارکەوت، لە کۆماری مهاباد دا یەکێتی شورەوی لە پێناو پاراستن‌و سەقامگیرکردنی ئەوروپای رۆژهەلات‌و لە قالب دانی ئەو دەڤەرە بە مەعریفەی

شورەوی پشتی کردە کۆمار تەنها ئەوەندە لەگەڵ کۆماردا موجامەلەی سیاسی کرا. تا دڵنیا بوو لە سنوری نێوان خۆی‌و ئێران*.

بێگومان کاتی خۆی کە دەوڵەتان پێك دەهاتن، تەکنەلۆجیای عەسکەری سادە بووو تەنها بە بەرگری نیشتمانی‌و پێگەیشتنی هۆشی نەتەوەیی دەکرا هێزێکی نەتەوەیی ژێر دەستەیی‌ی سیاسی هەڵتۆقێنێ‌وخۆی بکاتە دیفاکتۆ بەلام کاتێك

* شۆڕشی کوردستان‌و گۆڕانکاریەکانی سەردەم. حکمەت محمد کریم– مەلا بەختیار. ص٢١٣–٢١٤



تەکنەلۆژیای سەربازی پەرە دەسێنێ‌و پەیوەندی نێودەوڵەتی نەك تەنها توانای سەربازی‌و ئابوری دەوڵەتی سەردەست بەڵکو ولاتانی هاو بەرژەوەندی هەمان دەوڵەت‌و پەیوەندی‌یە نێودەوڵەتیەکانیش لە سایەی سیستەمی جوت یان فرە جەمسەری دا هۆکاری سلبی دەبن بە سەر چارەنوسی نەتەوەیی بن دەست دا.

لە شۆڕشی ئەیلولیشدا لە هەلومەرجی شەڕی گەرمی (سارد) دا ! شۆڕشەکە بەرپا دەکرێ بەلام چونکە عەقلی سەرکردایەتی کوردی لە شۆڕشەکە ناتوانێ هاوسەنگی‌یەك لە نێوان نفوزی سیاسی قەڵەمڕەوەکان لە بواری دبلوماسی‌و سەربازی‌یەکاندا بدۆزرێتەوە، دەرەتانێکی نەتەوەیی بکاتە دیفاکتۆیەك بە سەر پەیوەندی نێودەوڵەتیەوە، شۆڕشەکە لە تەنگەبەری کێ بڕکێ‌ی دو کامپەکەی شەڕی سارددا دەپلێشێتەوە" کەواتە کۆماری مهاباد کرایە قوربانی سۆڤیەت بۆ سەر پێ‌کەوتنی روکنەکانی سیستەمی دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە ئێران‌و ناوچەکەو شۆڕشی ئەیلولیش کرایە قوربانی سەلامەت راگرتنی ئێران‌و سەقامگیرکردنی نێوانی دەوڵەتی ئێران‌و عێراق بە قازانجی ئەمریکا.

## شۆڕشی نوێ لە نێوان دوسیستەم دا

شۆڕشی نوێ کە بەرابەرایەتی (ی.ن.ك) هەلایسا زیندوترین نمونەی سەرکردایەتی کوردی‌یە لە مقاوەمەتی نیشتمانی بەرامبەر بە هەلومەرجە نێو دەوڵەتیە جیاوازەکان، کاتێك شۆڕشی نوێ هەلایسا پرسی عێراق‌و ئێران هەمان پرسی دوای رێکەوتنی جەزائیر بوو کە سەرکردایەتی کوردی مل کەچی هەرەس کرد، بەلام زۆر جار بەگژدا چونی واقیعی دا سەپاو لە وەرگۆڕانە ئیقلیمی‌و نێودەوڵەتیەکاندا چارەنوسی گەل حەواڵەی ئومێدی سیاسی گەورە دەکات(ی.ن.ك) خۆی راهێنا لە بەرگری، بۆ هەستانەوەی گیانی هەرەسی

کوردیو لە پێگەیشتنو هاتنە پێشی هەلومەرجێکی ئیقلیمیدا، هەلومەرجی کۆمەلایەتی بابەتیانە بۆ وەرچەرخانی نەتەوەیی مەیسەر کردبوو هەر بۆیە کە شەڕی عێراق- ئێران دروست بوو، شۆڕشەکە تاوی نیشتمانی سەند، کاتێك شەڕ کۆتایی هات سەرەڕای گورزێکی کاتی کە بەهۆی چاوپۆشینی نێودەوڵەتی لە جەریانی دوای راوەستانی شەڕ دەرهەق بە کوردستانی عێراق، بەلام دەروازەی کاڵ بونەوەی سیستەمی جوت جەمسەری لەگەڵ نەمری گیانی سەرهەڵدانی کوردی تایبەت بە هۆی رێبەرێتی مام جەلالو سەرکردە لێهاتوەکانی (ی.ن.ك)ەوە بەرنامەی راپەڕین" وەلامی ئامادەیی رێبەرانی شۆڕشی نوێ بوو بۆ هەلومەرجی تازەی نێودەوڵەتی. دوای راپەڕینیش سەرەڕای دژایەتی ئیقلیمی زاڵبونی واقیعی شەڕی ناوخۆ نەبووە هۆی لە بارچونی ئەزموونی تازەو ئێستا، روکنە بنەچەکانی پەیوەندی نێودەوڵەتی باشترین هۆی نەپوکانەوەی سەرهەڵدانی کوردییەو پێویستییەکانی گوتاری کوردی لە قوژبنی بنەماکانی پەیوەندی نوێی نێودەوڵەتی قەرار دەگرن (ی.ن.ك). بەئاگاییەوە بە دو ئاراستەدا لە هەوڵی ئاراستەکردنی خەباتی کوردیدا بوو، یەکەمیان لە ئەگەری نەسازانی سیاسەتی نێودەوڵەتی بۆ ئاسۆیەکی پرشنگدار بۆ گەلەکەی، دەبوو وابکات، هۆشی نەتەوەیی کوردی بە ئاگایی نیشتمانیو زیندویی حەماسی نەتەوەیی بهێڵێتەوە. دووەمیشیان لە بچوکترین هەلومەرجی ئیجابی نێودەوڵەتی دا سیمای هەلایسانو رەوشی کوردی راستگۆیانە تێکەڵ بە بڕگەی هاوکێشە ئیقلیمیو نێودەوڵەتیەکان بکات. هەرواشی کرد، بۆیە لەگەڵ بڕانەوەی جەنگی عێراق- ئێراندا، بەرنامەی بەرەنگاری لەرزینی ژێر زەمینی درێژە پێدراو لە گەرمەی شەڕی عێراق- کوێتو بڕانەوەی شەرەکەشدا ئامادەییەکەی کردە دیفاکتۆی کۆمەلایەتیو سیاسیو پێشمەرگەییو دواتر دبلوماسی، ئەوەتا، لە عێراقدا راپەڕین هێندەی نەما بوو



دەسەلاتی بەغدا سەرنگون بکات کە چی راپەڕین بە چاوپۆشینی هاوپەیمانان تایبەت ئەمریکا سەرکوت دەکرێ، کە چی بۆ کورد کۆڕەو دەبێتە کەرەستەی بەدیفاکتۆکردنی پرسی کوردیو سەرەنجام یەکێتیو رێبەرەکەی دەبێتە سەر قافلەی کاروانی، گوتاری سەرجەم عێراقیەکانو سەر بەرزانەش گوتاری عێراقی بە پرسی کوردی دەپێتێنێ. ئەمەش نیشانەی مامەڵەی ژیرانەی خودە لەگەڵ هەلومەرجی سیاسی ئومێد بەخشدا.

**ئەو سەرچاوانەی لە نوسینی ئەم بابەتە سودیان لێ وەرگیراوە:**

**١- شۆڕشی کوردستانو گۆڕانکارییەکانی سەردەم، حکمت محمد کریم- مەلا بەختیار**

**٢- کوردو عەجەم- صالح محمد امین.**

**٣- حکومەتی کوردستانو کورد لە گەمەی سۆڤیەت، نەوشیروان مستەفا.**

**٤- کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، کریس کۆچیرا**

٥- تركيا في الاستراتيجية الآمريكية بعد سقوط الشاه- د. جرجيس حسن

٦- الدول الكبرى بين الحربين العالميتين ١٩١٤-١٩٤٥- تاليف:- الدكتور محمد محمد صالح- الدكتور ياسين عبد الكريم- الدكتور نورى السامرائى.

٧- العلاقات الدولية مابين ١٩١٤-١٩٤٥- تطور الاحداث ما بين ٩١٤-٩٤٥ رياض الصمد.

٨- التأريخ الدبلوماسى- تأليف لويس دللو- ترجمة سموحى فوق العادة.

٩-تركيا و حلف شمال الآطلسى- د. احمد نوري النعيمى.

١٠- اتاتورك و خلفاءه. مصطفى الذين، بيروت. لبنان. دار الحكمة ١٩٨٢

١١- الملخص لكتاب العرب واليهود في التأريخ، تلخيص وتبصيط جعفر الخليلى.



**دووسەرنج:**

**١- ئەم بابەتە بەشێکی لە گۆڤاری نۆبەرەی(ئاسۆس) ژمارە(١) دا بڵاوکرایەوە کە پێش کارەساتی ٣١ ئاب، کۆمیتەی ڕێکخستنی لەشکری (ئاسۆس)ی ئەوسا دەری دەکرد، کاتێك بەهۆی گۆڕانی تەشکیلەی پێشمەرگەیی گۆڤارەکەش هیچ ژمارەی تری لێ دەرنەچوو، وا ئێستا پوختەی سەرجەم بەشەکانی بابەتەکە لەم ژمارەی ڕێبازی نوێ دا چرکراوەتەوەو بڵاوی دەکەینەوە...**

**٢- ڕەنگە لە مێژووی خەباتی گەلانی دنیادا نمونەی ئەو نەتەوەو ڕەوشە هەڵایساوانەی دنیا زۆربن کە هەلومەرجی نێودەوڵەتی کاریگەری سەرکەوتن یان تێك شکانو هەرەس هێنانی شۆڕشو ڕاپەڕینەکەیانیان، بە سەرەوە هەبوە، هەر کە هەلومەرجی نێودەوڵەتی بۆ چارەی کێشەکە لە قازانجی نەتەوەی، بن دەست نەبووبێ بۆ ماوەیەکی مێژوویی لە دۆسیەی نێودەوڵەتی پەراوێزکەوتونو لە سازانی سیاسەتی نێو دەوڵەتیشدا ژیلەمۆی چارەنوسیان گەشاوەتەوە، ڕەنگە زیندوترین نمونە، ئەوەی بۆسنەو هەرسكو کرواتەکانو کۆمارەکانی بەلتیقو کۆسۆڤۆو تەیموری خۆرهەڵات بن. بۆیە پێویستی نەکرد لە دوتوێی ئەم وتارەدا باسیان لێوەبکرێ، چونکە ڕەنگە لای خوێنەر ڕۆشن بێت.**

# کاریگەرییە سیاسیەکانی
# هەڵبژاردنەکانی کوردستان

"هەلبژاردنەکانی ۹۲- ۲۰۰٤ بەراوردێك
لەهەلومەرج و دەستکەوتەکاندا"

**پێش باس:**

لەمێژووی خەباتی خۆیدا نەتەوەی کورد، ئەگەرچی هەلومەرجێکی گونجاوی بۆ نەرەخسا تا دەوڵەتێك دابمەزرێنێ، بەڵام بەپێچەوانەی ئەو نەتەوانەی کە بێ دەوڵەت مانەوە زۆربەیان زمان و کلتورەکەشیان لەژێرهەژموونی ئایدیاو مەزهەبی جۆرراو جۆردا نوزەیان لێ براو تەنانەت زۆریان هیچ ئاسارێکیان نەما. بە نموونە



ئەمازیقیەکان کە لەمێژوودا یەکێك بوون لەنەتەوە گەورەکانی رۆژئاوای عەرەبی، کەچی لەسایەی ئیسلامدا، بە (عەرب بوون،) سەرپاکی ئەمازیقیەکانی داگرت.

عەبدولعزیز بوتەفلیقە، سەرۆکی جەزائیری ئێستا لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەدا بە ئاشکرا گوتی ئێمە لەنەتەوەی ئەمازیقیەکانین بەڵام ئیسلام کردینی بە عەرەب. لەچانسی کورد و بەهۆی کۆمەڵێك فاکتەرەوە کە گرنگترینیان بەردەوامی خەبات و سەرهەڵدان بووە، زۆرێك لەخسوسیاتە نەتەوەییەکانمان پاراست. ئەمەش وای کرد هەم شۆڕشەکانمان بەردەوام بن و هەم فەرهەنگی نەتەوەیی و زمانی نەتەوایەتیمان تا رادەیەکی باش بپارێزرێ.

دیارترین قۆناغیش لەقۆناغەکانی خەباتماندا کە شۆڕشەکانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و کۆماری مهاباد و شۆڕشی ئەیلولن، رۆڵی گرنگ و پڕ بایەخیان هەبووە. بەیانی ۱۱ی ئازاری (۱۹۷۰) ئەویش جۆرێك لەوەرچەرخانی سیاسی و کلتوری و روناکبیری لەخسوسیاتە نەتەوەییەکانی کوردا بەرپا کرد. گرنگتریش لەوانە شۆڕشی نوێی دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول رۆڵێکی زیدە گرنگی گێڕا لە بەگشتی کردنی فەرهەنگی خەبات، بە ئەدەبیات و رێبازێکی نوێوە تاوی دایە کوردایەتی، کە لەخۆیدا ئەو هەرەشانەی پەك خستن کە مەرگی گشتییان بۆ خاك و خۆڵ و فەرهەنگی گەلی کورد هەڵگرتبوو. نەك هەر ئەوە، شۆڕشی نوێ هەلومەرجی کوردستانی بە چەشنی ئاوس کردبوو، کە لەهەر هەلومەرجێك و پێشهاتێکدا، رابسێ، وەك لەشەری کەنداوی یەکەمدا، زەمەنی قۆزتەوە بۆ لەدایك بوونی سەردەمێکی نوێ لە (فەرهەنگ، دەسەڵات) پێکەوە لەناوجەماوەرەکەی خۆیدا لەکوردستاندا ئەویش راپەڕینی ۱۹۹۱ بوو بە هاوکاری لایەنەکانی تری گۆڕپانی خەباتی گەلی کوردستان. بەمانای ئەوەی وەرچەرخانی گەورە ئەو راپەرینە خولقاندی کە لە ۱۹۹۱ لەکوردستاندا سەری هەڵداو ئەمەش

کۆمەڵێك دەرەنجامی سیاسی لەگەڵ خۆی هێناو بووە دیفاکتۆ بەسەر هاوکێشە هەرێمایەتیو ناوچەییەکانەوە. بۆ ئەوەی هەلومەرجی دوای راپەڕین کۆنترۆڵ بکاتەوە، دەسەڵاتی بەعس بە شاڵاوێکی سەربازی فراوان زۆربەی ناوچە ئازاد کراوەکانی گرتەوە. ئەمەش بووە هۆی بەرپابوونی کۆڕەوێکی ملیونی گەورە لەکوردستاندا. خودی کۆڕەو، کێشەی کوردو دەسەڵاتی ناوەندی بەغدای لەقاڵبو وێنەیەکی دیکەدا پێشاندا.

### * سەودای کۆڕەو:

کۆڕەوی ملیونی ساڵی ١٩٩١، کۆدەنگییەك بوو لەرەتکردنەوە، بەمانای بەشداری هەمووان لەرەتکردنەوەی دەسەڵاتێك لەوێنەی بەجێ هێشتنو وازهێناندا تا ئەو دەسەڵاتە مەحکوم بکات یان رەتکردنەوەی ئەو دەسەڵاتەی لەپێشدا چەند هەزار پێشمەرگەیەك لەشاخدا لەدژی دەجەنگا. ئەمە سەودایەك بوو لەدەرەنجامی ترس لەکوشتنو سەرکوتکردن، نەتەوەیەك پێی هەستا. سەرنجام سەودایەکبوو شورایەکی پێ رووخا کە نەیدەهێشت مەسەلەی گەلێك بەڕوایی دنیا بیناسێ.. لەراستیدا خەباتی پێشمەرگە لەشاخو تەنانەت راپەڕینیش لەشارەکاندا بەرادەی کۆڕەو وەك رەتکردنەوەیەکی دەستە جەمعی جەماوەری، بواری سەلماندنی رەوایی کێشەی کوردستانی نەخەملاند ـ بوو، هۆیەکەیشی ئەوە بوو کە هەلومەرجی نێودەوڵەتانو دنیای ئیقلیمو بەرژەوەندییە کلاسیکییەکانی زلهێزەکان چاویان نوقابوو. کۆڕەوی ملیۆنی بووە فریشتەیەكو چووە ناو خەوی بەرژەوەندیەکانەوە. بەبێ کاری دبلوماسیو بێ سەرکەوتنی سەربازی بەبێ خەملانی بازاڕی سەرمایە گوزاری لەکوردستاندا، ناخی کۆمەڵگا جیاوازەکانی دنیای هەژاندو راپەڕینی سەرکوت کراوی بوژاندەوە، ئەمەش بووە هۆی لەدایك بوونی بڕیاری



٦٨٨و پرۆسەی پرۆڤایدکۆمفۆردو، دەسەڵاتی بەعس، سەربازو دامو دەزگا ئیدارییەکانی کشاندەوە.. کوردیش لەم پێشهاتە تازانە بیری لەچارەسەری کێشە ئیدارییەکان کردەوەو پرۆسەی هەڵبژاردنی لەکوردستاندا بۆ ئاراستە کردنی کۆمەڵانی خەڵك بە ئاقارە جیاوازەکاندا خستە روو. جۆشو خرۆشی خەڵکی بۆ رەتکردنەوەی بەعسیەکان جارێکی تر نوێ کردەوە.

### هەڵبژاردن:

لەراستیدا حکومەتی تۆتالیتار هەمیشە بە چەواشەیی وێنەی کۆمەڵگا پیشانی دەرەوەی خۆی دەدات، بەڵام کاتێ دەرفەتێك بۆ بەشداری کردن دەرەخسێ، تا خەڵك دواقسەی خۆی بکات، لەدووتوێی بەشداری کردنێکدا بەشێوەیەکی فراوان، ئەوسا رێ لەچەواشەکاری دەگیرێ یان لانی کەم بواری بەردەم چەواشەکاری تەسك دەبێتەوە..

لێرەوە هەڵبژاردن دوای پرۆسەی رەتکردنەوە دەبێتە ئامرازی سەودا سیاسەکانو بە چەشنێکی تر خەڵك لەرێگەی حەوالە کردنی ئیرادەی خۆیەوە بۆ دروست کردنی دەسەڵاتێك کە خۆی دەیەوێ دەبێتە کاراکتەرێکی بەشدار بوو وە بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە کاریگەری خۆی لەگۆڕەپانەکەدا بەدەردەخات ئەوکاتە هەڵبژاردن جگە لەوەی مافی هاووڵاتی بوون بۆتاکەکان دەگێڕێتەوە، بۆ خۆی دەبێتە دەستکەوتێکی نیشتمانیو پێناسەیەکی شەرعی تر بۆ مەسەلەی نەتەوەیەك دادەڕێژێتەوە.

لەراستیدا قسەکردنی لەمافەکانی مرۆڤ لەو کوشتارەوە سەرچاوە ناگرێ کە لەبەرەکانی جەنگدا روودەدات، بەقەد ئەوەی هاووڵاتیان، لەجەنگەکاندا لەناو دەچن. بەمانای ئەوەی، ئەو کاتە مەسەلەیەکی سیاسی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پێدەگات کە خەڵك تێکەڵی هاوکێشەکان دەبێ.. رەنگە بایەخدار ترین

وەرچەرخان بۆ سەلماندنی ئەوەی کە مەسەلەی کورد رەوابوونێکی سیاسی پەیداکردوە، ئەو کاتە بێ کە خەڵك متمانە دەداتە هێزە سیاسیەکانی. بەمانای ئەوەی، شەرعیەت دەبەخشێتە ئەوانەی تا دوێنێ، شۆڕشی چەکداریان بەرپا دەکرد. باشترین متمانەش ئەوەیە کە بەپرۆسەی هەڵبژاردن‌و لەناو شارەکاندا، هێزە سیاسیەکان‌و خەڵك لەپرۆسەی (بەشداریکردن+ رەزامەندی) کە بۆ خۆی مانای دیموکراسی دەگەیەنێ، پێك دەگەن.

جۆرج تەرابیشی پێی وایە شۆڕش‌و دیموکراسی پێك ناگەن چونکە لەشۆڕشدا توندو تیژی هەیە، رەتکردنەوە هەیە، بەڵام دیموکراسی هەردووکیان رەت دەکاتەوە بۆ ئەوەی شۆڕش پێناسەیەکی دیکە بۆ ئەو ئامانجانە دابڕێژێتەوە کە لەپێناویدا بەرپابووە، دەبوو دیموکراسی قبوڵ بکات لەبەر چەند خاڵێکی گرنگ. لەوانە

١- دیموکراسی کە کۆبەندی پرۆسەی هەڵبژاردنە، دەبوو بە گوشارێکی کاریگەر چ لەسەر ئاستی ناوخۆ وچ لەسەر ئاستی دەرەوە بۆ سەر دەسەڵاتی ناوەند کە دەسەڵاتێکی سەنتریالی‌و تۆتالیتاربوو. وە ئەم جۆرە سیستەمانە دەمێکە لەگۆڕەپانی سیاسی‌و سیستەمی نێودەوڵەتیدا رەتدەکرێنەوەو مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێ بەدیوێکی تردا هەرهێزێك پرنسیپەکانی دیموکراسی قبوڵ بکات شەرعیەت بەدەست دێنێ بۆ ئەو ئامانجانەی خەباتیان بۆ دەکات.

٢- لەکوردستاندا بە ئەمری واقیع فرە حزب‌و رێکخراو لەسەر دەمی شاخەوە تا دوای راپەڕین سەریان هەڵدا بوو وەك ئامرازێك بۆ پێکەوە هەڵکردن‌و ئاراستە بوون، بەرەی کوردستانیان پێك هێنا بوو. تائێرە دەوری بەرە بەرەو کاڵ بوونەوە دەچوو. دەبوو سیستەمێك قبوڵ بکەن کە لەقاڵبێکی نوێ ئەو جیاوازیانە پێکەوە ئاراستە بکات بەو مەرجەی ئاستی ئەو قورساییە جەماوەرییە دەست نیشان



بکرێت کە حزب‌و رێکخراوەکانی ناو بەرە هەیان بوو باشترین ئامرازیش بۆ ئەوە ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەبێ.

٣- دیموکراسی کە هەڵبژاردن گەوهەری ئامرازەکانی پێك دێنێ لەساڵی ١٩٩٢ سەودایەك بوو لەگەڵ سیاسەتی (متارکە)ی بەعسدا.

بە مانەیەکی تر هەڵبژاردن ئەو زەرورەتە خولقاندی کە حکومەتی بەعس دام‌و دەزگاکانی لەکوردستان کشاندەوە تا لەرێگەی سیاسەتی (موتارەکەدا) کۆمەڵگای کوردی توشی قەیرانی ئیداری - ئابوری - کۆمەڵایەتی بکات بەو نیازەی ئەوە وا لەخەڵك بکات هێزە سیاسیەکان بەقێزەون سەیر بکەن‌و نەپرژێنە سەر دژایەتی کردنی دەسەڵاتی بەعس.

لەراستیدا ئەم هۆکارانەی پێشەوە ئەو هۆکارە سیاسە ئاشکرایانە بوون کە زەمینەی هەڵبژاردنیان رەخساند. بەڵام راستییەك لەهەناوی پرۆسەکەدا هەیە کە فاکتەری بنچینەیی بوو وای لەخەڵك دەکرد هەڵبژاردن بەئەرکێکی گەورەو گران بەها، نەك لەرووی سیاسییەوە بەڵکو لەرووی یاساییەوە لەقەڵەم بدەن.

## هۆکاری راستەقینەی هەڵبژاردن:

ئەگەر هەڵبژاردن ئامرازێکی دیموکراسیانەبێ بۆ گەیشتن بەدەسەڵات* ئەوا، هەڵبژاردن لێرەدا نابێتە ئامانجێکی راستەقینە بەتایبەت لەهەلومەرجی ئەوسای خەڵکی کوردستان‌و هێزە سیاسیەکانی ناو بەرەی کوردستانی، بەڵکو ئامانج دەسەڵاتە! چۆن؟ هەڵبەت، بۆئەوەی نەتەوەیەك بتوانێ لەناو هاوکێشە سیاسیەکاندا گەمە بکات‌و حسابیشی بۆ بکرێ، دەبێ هەموو ئەوانەی لەسایەی

* انتخابات أقليم كوردستان العراق بين النظرية و التطبيق - دراسه مقارنه سرهنگ حميد البرزنجي - اربيل

سیادەی دەوڵەتێکدا پەیدا دەبن بۆ خۆی دەستە بەربکات. مادام خەباتی چەکدا ئەمانەی پێ نەکرێو دەرەتانی لەدایك بوونی دەوڵەتیش لەگۆڕێ دا نەبێ.

کەوابێ باشترین ئامرازێك کەوا دەکات لەناو دەوڵەتێکدا هاووڵاتیان پشکیان لەسیادەی دەوڵەت بەرکەوێ یان بەشێك لەسیادەی دەوڵەت کە لەلایەن نەتەوەیەکەوە قۆرغ کراوە بپچڕن، لێ سەندنەوەی بەشێکی دەسەڵاتە ئەمەش یان بەوە دەبێ کە لەدوای روخانی دەسەڵاتی بەعس رویداو هەڵبژاردن کرا کە دواتر لێی دەدوێنن. یان بەو جۆرە دەبێ کە دیفاکتۆیەکی جوگرافی دروست دەبێو دادەبڕێ لەدەسەڵاتی ناوەندو بۆ خۆی هەوڵدەدات شەرعەتێك پەیدا بکاتو ئەو پێناسەیە بۆ خۆی دابڕێژێ کە دەسەڵاتی ناوەند سەرەڕای ئەوەی خاوەنی سیادەی دەوڵەتە نەیتوانیوە پەیدای بکات ئەویش خولقاندنی ئەو دەسەڵاتەیە کە خەڵك لەرێگەی حەواڵە کردنی ئیرادەی خۆیەوە بۆ هەرەمی دەسەڵاتو لەرێگەی هەڵبژاردنەوە دروست دەبێ. وەك ئەوەی کە لەدوای کۆڕەو لەکوردستان پەیدا بوو.

لەراستیدا بە پێودانگە تەقلیدیەکانی شەڕی سارد هەر دەسەڵاتێك کە لەدەوڵەتێکی خاوەن سیادەدا پەیدا دەبوو مامەڵەی لەسێبەری یاسای نێودەوڵەتاندا مامەڵەی لەگەڵدەکرا، چونکە دەقێکی یاسایی نەبوو رێ لەوە بگرێ وە جیهانی دوو جەمسەریو دوو بەرژەوەندی جیاوازو دووجۆر سیستمی دنیا (سەرمایەداری ئەمریکاو سۆشیالیستی شورەوی) رێ خۆشکەر بوو بۆ ئەو بێ دەنگیە. مەگەر دەوڵەتێك تاك لایەنە لەکاتی گۆڕانی دەسەڵاتی دەوڵەتاندا بەتایبەت بەو جۆرانەی دور لەپرۆسەی دیموکراسیو هەڵبژاردن پەیدا دەبن، ئەو دەسەڵاتەی رەتکردبایەوە. بێ گومان هەر دەوڵەتێك سێ کۆڵەکەی بنچینەیی هەیە لەگەڵ دانپیانانی نێوەدەوڵەتیدا تا پێی بگوترێ دەوڵەت. کە بریتین لەهەرێمو خەڵكو دەسەڵاتو دانپیانان بەو دەوڵەتە لەلایەن رێکخراوی



نەتەوەکانەوە ئەوسا پێی دەوترێ دەوڵەتو سیادە پەیدا دەکات. بەپێی یاسای نێودەوڵەتانیش مامەڵە نێو دەوڵەتیەکانیش لەنێوان ئەویەکە سیاسیانەدا دەکرێ کە پێیان دەگوترێ دەوڵەتو خاوەن سیادەی خۆیانن یان لەسیادەدا نوقسانیان هەیە وەك ئەوانەی لەژێر حوکمی ئینتدابدا بوون یان رێکخراوی رزگاری خوازن کە UN دانی پیا نابێ وەك رێکخراوی رزگاری خوازی فەڵەستین.

کاتێ کوردستان هیچ کام لەمانەی نەبێو لەدەوڵەتێکدا بێ بەشیش بێ لەدەسەڵاتو دەسەڵاتیش سیاسەتی (متارکە)ی لەگەڵ پەیرەو کردبێو هەلومەرجیش دوای کۆڕەوی ملیونی بێ ئەوا باشترین هەلومەرج دێتە پێشێ کە کورد ئەسپی خۆی تاو بداتو ئەو هەلە بقۆزێتەوە کە بەهۆیەوە قورساییەکی سیاسیو یاسایی پێ پەیدا دەکاتو لەهاوکێشە سیاسیەکاندا مامەڵەی یاسایی لەگەڵدا بکرێت.

لەراستیدا ئەم تێ روانینە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە بەتەنها هەڵبژاردن ئەو پێگەیەی بۆ کورد خولقاند بێ بە ئەندازەی ئەوەی دوای شەڕی کەنداوی دووەم هەلومەرجێکی تازە لەپەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکاندا پەیدا بوو کە جیهانی نوێ لەسەر ریتمێکی تازە خۆی ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی هەم بنەمای تازە بخاتە ناو هاوکێشە نێودەوڵەتیەکانو خۆشی رادەساند لەوەی کە یاسا نێودەوڵەتیەکانیش بنەما تەقلیدیەکان وەلاوە بنێنو چوارچێوەی دیکە دابرێژن بۆ پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، ئەمەش مانای وایە، ئەو یەکە سیاسیانەی کە رەگەزی پەیوەندیە نێودەوڵەکانیان پێك دەهێنا لەگۆڕاندابوون بەمانای ئەوەی لەیەکەی دەوڵەتەوە دەبێ بگۆڕێن بۆ یەکەی شێوە نوێ. هۆی راستەقینەی پشت ئەم هەلومەرجەش ئەو گەوهەرە بوو کە مەسەلەی بەجیهانیبوون لەگەوهەری خۆیدا هەڵی گرتبوو ئەویش ئەو ئاوس بوونە بوو کە سەرجەم جیهانی گرتبۆوە بەهۆی کۆمپانیا فرە

ناسنامەکانو بلاوبوونەوەی بە پەلەی زانیاریەکانو کامڵ بوونو کارا بوونی سندوقی دراوی نێودەوڵەتیو هتد.. ئەمانە پێویستیان بەوە هەبوو کۆمەڵگاکان لەجیاتی دەوڵەتان ببنە یەکەی سیاسی بەهێز لەپەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا چونکە کۆمەڵگا مامەڵە لەگەڵ ئەو دەرکەوتانەدا دەکاتو تینوویێتیو برسێتی ئەم دیاردانە دەشکێنێ، نەك دەوڵەتان ئەمەش مانای وایە هەر نەتەوەیەك ئەگەر دەوڵەتیش نەبێ، مادام کۆمەڵگایەکی هەیە بەرژەوەندی هاوبەشو نەریتو زمانی هاوبەش کۆیان دەکاتەوەو لەسەر هەرێمێك نیشتەجێنو بۆ پایەکانی بەجیهانیبوون بوون کەڵکیان هەیە ئەوا ئەم پایانە سیادەی دەوڵەت دەبڕن (کاڵ دەکەنەوە)و، رووەو ئەو کۆمەڵگایانە دێنو مامەڵەشیان لەگەڵدا دەکەن. ئەمەش بۆ کورد بەتایبەت کە لەرێگەی هەڵبژاردنەوە دەسەڵاتی خولقاندوە بێ بەش نەبوو لەم مامەڵە نوێیەی بەجیهانی بوون، چونکە لەمەوە دەردەکەوێ کە سیادە رێگر نابێ لەناسینی ئەو رەوشە سیاسیانەی کە تا دوێنێ لەسێبەری سیادەدا خنکابوون. لێرەدا هەڵبژاردن گرنگی گەورە پەیدا دەکات لەجیهانێکدا کە بەجیهانی بوونی بەرهەم هێناوە. چونکە بەجیهانی بوون بەبێ مومارەسە کردنی دیموکراسی لەلایەن کۆمەڵگاکانەوە، مامەڵە لەگەڵ هیچ لایەنێك ناکات. لەراستیشدا پایە گرنگەکانی بەجیهانی بوون پێویستی ژیاری کۆمەڵگاکانەو دەبێ بەرەو پیری بێن، ئەم بەرەو پیرچوونەش قبوڵ کردنی ئەو مەرجانەیە کە ئەو پایە گرنگانە لەسەر دەوڵەتانی دادەنێن. کە لەپێشەوەیاندا حساب نەکردنە بۆ سیادەی دەوڵەتان. بەڵام دەوڵەتی عیراق پێش رووخانی سەدامو ساڵی ١٩٩٢ هەلومەرجێکی تایبەتی هەبوو، گەمارۆی ئابوری سەپابوو بە سەریداو کورد بە هەڵبژاردن سەلماندی کە دەیەوێ کۆمەڵگایەك پیشان بداتو بەرهەم بهێنێ کە پایە گرنگەکانی بەجیهانی بوون دەیخوازێ.. بێگومان مامەڵەی نوێی بەجیهانی



بوون لەجیاتی یان هاوشانی دەوڵەتان لەگەڵ کۆمەڵگاکاندا لەگەڵ ئەو پرنسیپانە یەکدەگرێتەوەکە هەردوو شۆڕشی ئەمریکاو فەرەنسا دایان هێنا کە بریتی بوون (مبدأسیادە الأمە ومبدأسیادە الشعب) چونکە دیموکراسیو لەرێگەی هەڵبژاردنەوە کە حەواڵەی ئیرادەی هاووڵاتیان دەکات بۆ ناو دەسەڵات ئەوا ئەو سیادەیەی دەسەڵات لەناو دەوڵەتدا پەیدای دەکات هی هاووڵاتیانە. بەم جۆرە کورد پشکی سیادەی بێ دەبڕێ.

## دەرەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢

هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ کۆمەڵێك دەرەنجامی سیاسیو یاسایی بەدەست هێنا سەرەڕای ئەوەی کە دەسەڵاتی بەعس لەناوەندا هەر مابوو.. کە دەکرێت لەمانەدا چڕ بکرێنەوە.

* رسکانی پەرلەمانی کوردستان کە وەك یەکەمین دەزگای تەشریعی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا لەدایك بوو، وە بەشێوەیەکی راستەقینە سیفەتی هاووڵاتی بوونی بۆ تاکی کوردی پەیدا کردەوە. لەو ماوەیەدا چەندان یاسای دارشتن کە گوزارشت لەئیرادەی هەموان دەکات لەکوردستاندا. بەدرێژایی مێژوو گەلی کوردستان خاوەنی پەرلەمان نەبووە، وێرای ئەوەش سەرەتایەکی باشی دارشت لەکلتوری هەڵبژاردنو پرۆسەی دەنگدانی راستەقینە لەعیراقدا.

* دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەمەش چەندان وەزارەتی لێ تەشکیل کرا، باشترین بناغەی دارشت بۆ ئەوەی کورد فێری خۆ بەرێوە بردن بێتو هاووڵاتیانی کورد مامەڵە لەسێبەری دەسەڵاتێکدا بکەن کە خۆیان بەرهەمیان هێناوەو زمانی رەسمی ئەو حکومەتەش زمانی خۆیانە. پێهەڵاچوونی بەرچاوی ئاستی دامەزراوەو مەدەنیو سیاسیەکانو بالاکردنی ئاستی کلتوریو زانستو ئابوریو کشتوکاڵیو کۆمەڵایەتیو سەربازیو هتد..

* دامەزراندنی دامەزراوەی قەزایی کە یەکەم جارە لەکوردستاندا یاسا عەدالەتی کۆمەڵایەتی لێ بکەوێتەوەو هاووڵاتیان وەك یەك ببنە خاوەنی یەك ناوەندی یاسایی (مرکز قانونی) واتە یەکسانبن لەبەردەم یاسادا.

* باڵاکردنی سومعەی سیاسیو یاسایی مەسەلەی کوردو پتر ئاشنا بوونی دەوڵەتان بەمەسەلەی کوردو تەنانەت لەوڵاتانی ئەوروپا بە دورگەی دیموکراسی ناوی دەبرا.

* کاتێ بڕیاری ٩٨٦ی نەوت بەرامبەر خۆراك جێ بەجێ کرا مامەڵە لەگەڵ دامو دەزگاکانی حکومەتی هەرێم کراو لە ١٣٪ی ئەو داهاتە بۆ کوردستان تەرخان کرا کە یارمەتیدەرێکی باشبوو لە بوژانەوەو پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵیو ئابوریو ماڵیو هتد.. لەکوردستاندا.

* لەهەموو ئەمانە گرنگتر ئەوەیە کە ئەو دەسەڵاتەی لەدوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ خولقا بە هەردوو ئیدارەکەیەوە توانرا بناغەیەکی بەهێز دابڕێژرێ لەرووی ئاسایشەوە بەتایبەتی ئەوکاتە وڵاتانی دراوسێ وەك ئێرانو تورکیەو دەسەڵاتی بەعس لەرووی ئەمنییەوە هەوڵیان دەدا ئاسایشی هەرێم بشێوێنن.

کە ئەمەش لەدواجاردا باشترین دەزگای ئاسایشو پۆلیسی لێکەوتەوە هەر بۆیە ئێستا کە زۆربەی عیراقو وڵاتانی دنیا بەدەست تیرۆرەوە دەناڵێنن. کەچی کەمترین زەفەر بە کوردستان دەگات بە مانای ئەوەی توانایەکی ئەمنی بەهێز پەیدا بووە لەرووبەرووبوونەوەی تیرۆریزمدا ئەمەش یەکێکە لەو هۆیانەی کە هاوپەیمانان بەتایبەت ئەمریکا کە ڕێبەرایەتی رووبە رووبوونەوەی تیرۆریزم دەکات لەدنیادا لەکورد رابیینێ کە بەهاوپەیمانێکی سەرکەوتوو لیبڕاو بهێڵێتەوە.

هەرەشەکان:



دوای دامەزراندنی پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستان، کۆمەڵێك هەرەشە هەبوون یان سەریان هەڵدا، کە هەندێکیان لەناو خۆی کوردستاندا سەرچاوەیان دەگرتو هەندێکی تریان لەدەرەوەی کوردستانەوە دەهاتن. بێگومان ئەو هەرەشانەی کە سەرچاوەکەی ناوخۆیین پتر کاریگەری جێ دێڵن لەهەرەشەکانی تر.

## دیاریکردنی هەرەشەکانیش ئەمانە بوون:-

* مانەوەی دەسەڵاتی ناوەند: لەراستیدا حکومەتی بەعس هەمیشە لەچاوەڕوانی هەلومەرجێکدا بوو کە بۆی بلوێ کوردستان داگیر بکاتەوە. بۆیە بەردەوام خەریکی دروست کردنی تۆڕی جاسوسیو کاری دوژمنکارانە بوو. وەهەرچی بۆی کرابا لەرووی دیبلوماسیەوە یان لەرووی سیاسیەوە کاری دەکرد دژی ئەزموونی نوێی کوردی.

* دوانەی گەمارۆ: هەر بەتەنها گەمارۆی ئابووری کە لەلایەن UNو ئەنجومەنی ئاسایشەوە سەپابوو بەسەر عیراقدا لەسەرکوردستان نەبوو، بەڵکو گەمارۆیەکی تری هەمە چەشنە هەبوو لەسەر کوردستان کە لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندەوە سەپا بوو بەسەریدا، کە پتر لەگەمارۆی ئابوری نێودەوڵەتی کاریگەری هەبوو ئەویش ئەوە بوو کە دەسەڵاتی ناوەند گەمارۆی سوتەمەنیو خۆراكو داوو دەرمانو کارەبای لەکوردستان بڕی. کە ئەمانەش لەهەر شتێکی دیکە گرنگترنو بێ ئەوان ژیان لەکار دەکەوێ.

* بەرپا بوونی شەڕی ناوخۆ لەکوردستاندا: ترسناکترین هەرەشە لەو دەسەڵاتو ئەزموونەی کە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ خولقاندی ئەو شەرە ناوخۆییە بوو کە لەکوردستان بەرپا بوو. دوژمنانی کورد لەسەر هیچ شتێکی کوردی کۆك نەبوون تەنها لەسەر بەردەوامی شەری ناوخۆی کوردی نەبێ، شەڕی ناوخۆ توانای

مرۆیی، ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و تەنانەت دبلۆماسیشی تا ئەو پەڕی لاواز کردبوو. وە هێزە بەشداربووەکان لەپێناو سەرکەوتنی خۆیاندا بەکاریان دەهێنا. گوتاری کوردی یەك خرا ئەگەر شەڕی ناوخۆ بەرپا نەکرابا کۆی هەموو تواناکان لەکوردستاندا هەم کۆمەڵگای کوردی تا ئەو پەڕی پێش دەخست‌و لەسەر ئاستی عیراق‌و ئیقلیمی‌و جیهانیش دەستکەوتی پتر دەخەملا.

* نارۆشنی لەسیاسەتی ئەمریکاو جیاوازی هێزە کوردیەکان بەتایبەت یەکێتی‌و پارتی لەخوێندنەوەیان بۆ رەهەندە سیاسیەکان‌و دوراییی سیاسەتی ئەمریکا لەناوچەکەدا. هەرەشەش بەتەنها ئەوە نییە لەناوت بەرێت بەڵکو تێنەگەیشتن لەدنیای سیاسەت‌و نەخوێندەوەی زانستی‌و بابەتیانەی دواریی‌و ستراتیژە سیاسیەکان نەخۆشی‌و هەرەشەیەکی خنکێنەرە. بەتایبەت کە دوو هێزە بەشەر هاتووەکەی کوردستان توانای فرە جۆرەکانی کۆمەڵی کوردستانیان دابەش کرد بوو بەسەر دوو بەرەدا.

لەراستیدا ئەم جیاوازییە لەتێگەیشتندا وای کرد بوو درِدۆنگی هەموو شتێ بگرێتەوەو خەریك بوو زۆر شتیش لەدەست بدات. بە نموونە لەسەر هەڵواسینی ئاڵای عیراق لەپەرلەماندا ساڵی ١٩٩٢کە لەلایەن ئەندامانی فراکسیۆنی سەوزەوە رەتکرایەوە لەکاتێکدا ئەندامانی فراکسیۆنی زەرد پێیان لەسەر دادەگرت کە ئاڵای عیراق لەناو پەرلەمان هەڵبواسرێ.

سەبارەت بە دروشمی سیستمی فیدراڵی بۆ کوردستان لەیەکەم بانگەشەی هەڵبژاردنەکانەوە بەدیارکەوت کاتێ دروشمی لیستی زەرد بانگەشەی بۆ حوکمی زاتی دەکردو لیستی سەوزیش بۆ سیستمی فیدراڵی، هێندەی تر هەرەشەی لەچارە نووسمان دەکرد بەڵام دواجار لەپەرلەماندا خۆشبەختانە بەرێزانی لیستی



زەردیش هاتنە سەر ئەو قەناعەتەی کە دروشمی فیدراڵی وەك لیستی سەوز بانگەشەی بۆ دەکرد قبوڵ بکەن‌و لەدوا جاردا پەرلەمان بڕیاری لێدا.

* هەرەشەی گروپە ئیسلامیەکان‌و پاڵپشتی کردنیان لەلایەن ئێران لەلایەك‌و رێکخراوی ئەلقاعیدە لەلایەکی ترەوە:-

لەراستیدا، بزوتنەوەی ئیسلامی کە لەدوای راپەرینەوە لەلایەن ئێران‌و رێکخراوە توندرەوەکانی چەشنی القاعیدە پشتگیری دەکران، کەمتر نەبوون لەهەرەشەکانی ترو خۆیان چەکدار دەکردو میلیشیایان پێك دەهێناو چەندان سەربازگەی نایاساییان دامەزراند بوو سەرەنجام شەڕی گەورەیان بەرپا کرد دژی (ی. ن. ك) کە ئەوسا سەرۆکی حکومەت لەلایەن (ی. ن. ك) دانرابوو. دواجار هەر باڵێك لەبزوتنەوە دەبوەوە، گرەوی مانەوەی خۆی لەدژایەتی کردنی ئەزموونی کوردستاندا دەبینییەوە تا کارگەییە ئەوەی جند الاسلام‌و پاشان (أنصار الاسلام) دامەزران‌و تا رووخانی دەسەڵاتی بەعس لەسنوری شارەزوور مابوونەوەو ئەو پەڕی هەرەشە بوون بۆ سەر ئەزموونی کوردی.

## هەڵبژاردنەکانی:٢٠٠٤

وەرچەرخانی گەورە لەراستیدا هەڵبژاردنەکانی کوردستان لەساڵی ١٩٩٢ جۆرێك لەوەرچەرخانی دروست کرد بوو لەکوردستاندا بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم وەرچەرخانە تایبەت بوو بە بەشێك لەکۆمەڵگای عیراقی، چارەنووسی هەموو کۆمەڵگای عیراقیش بە جیاوازی پێکهاتەکانیەوە پێکەوە گرێدا بوو، بەتایبەت لەسێبەری یاساو پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا بۆیە ئەو وەرچەرخانە نەیتوانی هەموو شتەکان پێکەوە بگۆرێت .کەچی کاتێ دەسەڵاتی ناوەند لەبەغدا کۆتایی هات هەڵبژاردن لەسەر تاسەری عیراقدا پشتگیری نێودەوڵەتی مسۆگەر کردو

بایەخێكی یاسایی نێودەوڵەتی ئەوتۆی پێ درا، كە هەموو شتەكان بەهای راستەقینەیان پەیداكردەوە..

هەلومەرجی كوردستان بەناچاری زۆرێك لەئاسەوارەكانی شەڕی ناوخۆی تێ پەڕاندو پێش وەختە پەرلەمانی دووكەرت بوو پێش وەرچەرخانیگەورە یەكی گرتەوە وەك خۆ ئامادە كردنێك بۆ ئەو وەرچەرخانە.

هەڵبژاردنی 2004 لەهەلومەرجێكدا ئەنجامدرا كە دەسەڵاتی ناوەند نەمابوو، وڵاتانی ئیقلیم كارتی گوشاری جارانیان بەدەستەوە نەما، گەمارۆی ئابوری نەما، جوگرافیای كوردستان وەك سەرانسەری عیراق بایەخی سیاسیو یاسایی لەمامەڵە نێودەوڵەتیەكاندا پەیدا كردەوە. مامەڵەی وڵاتان لەگەڵ كاربەدەستانی عیراقدا زیاتر نەبوو لەو مامەڵەی كە لەگەڵ سەرانی كورد دەكرێ. پەرلەمانی پێشووی كوردستان ئەرزشی سیاسیو یاسایی پتری پەیداكردەوە. ئەو دابڕانەی لەنێوان سێ پارێزگا ئازادەكەی ساڵی1991 و ئەوانی تر هەبوو كۆتایی هات .لەهەموو ئەمانە گرنگتر ئەوە بوو كە حكومەتی ئەمریكا بەرەسمیو راستەوخۆ هاتە عیراقو پتر پەیوەندی سیاسیو ستراتیژی خۆی لەعیراق بەگشتیو لەكوردستان بەتایبەتی كارا كرد .بەتایبەت ئەو كاتەی كە دەستەی انصار الاسلام پەیدا ببوون لەناوچەی شارەزور بە رەسمی هاوپەیمانی كوردو ئەمریكا لەرێگەی(ی. ن. ك) كۆڵەگەكانی داڕێژرانو كورد توانی پێگەیەكی باش لەو ریزبەندیەی دوای كارەساتی11 ی سیپتەمبەر پەیدا بوو لەهاوپەیمانێتیدا بۆ خۆی مسۆگەر بكاتو ئەمەش لەپرۆسەی رووخانو دوای رووخانی دەسەڵاتی بەعس بەكەڵكی بێ .

پێش هەڵبژاردنەكان:

چركە ساتی نەمانی دەسەڵاتی ناوەند رۆژێكی نوێی داهێنا لەعیراقدا ئەویش ئەوە بوو كە راستییەكی بۆ عیراقیەكانو وڵاتانی دەوروبەر خستە روو كە عیراقی



نوێ لەهەموو بوارە سیاسی، یاسایی، سەربازی، فەرهەنگی، مالیو ..هتد .لەسەر دەستی هەموو پێكهاتە جیاوازەكانەوە دادەڕێژرێتەوە .هەر بۆیە یەكەم رۆژی هاتنی ئەمریكا وەكو یەك كوردو عەرەبی دەدواند، پرنیسپی (توافق) كرایە بەردی بناغە لەپێكهێنانی(مجلس الحكم) ئەنجومەنی فەرمان رەوادا، كاتێ حكومەتی كاتی دروست كرا پۆستی وەزارەتی دەرەوە بە كورد سپێردرا .ئەمەش مەغزایەكی سیاسی گەورەی هەیە لەشوناسی دەوڵەتی عیراقیدا .چونكە لەسەردەمی دەسەڵاتی بەعسدا گوتاری سیاسی لەدژی كورد لەرێگای وەزارەتی دەرەوە دەگەیشتە ناوەندی بڕیار لەبەغدا، جیا لەوە وەزیری دەرەوە لەعیراقدا یەكەم جارە كوردێك جانتای ئەو پۆستەی پێیە كە خۆی هەڵگری مەسەلەیەكی سیاسیو ركابەری ناوەند بووەو زمانحاڵی نەتەوەكەی خۆیەتیو شوناسی ئەو پۆستە بە چەشنێك دادەڕێژرێتەوە كە نابێ تەنها زمانێك بۆ خۆی قۆرغی بكاتو لەبەرامبەر وڵاتانی دراوسێو عەرەبیشدا گوتارێكی تر بەگوێیاندا دەچرپێنێ كە جیاوازە لەوتاری جاران !

دەسەڵاتیبەعس لەبەغدا بەسێ ئامرازی سەرەكی كۆمەڵگای كوردی كۆت كرد بوو كە بریتی بوون لەسەپاندنی حاڵەتی نائاساییو سەرجەم هێزی سەربازی لەكوردستان مۆڵدا بووو بەهەموو شێوەیەك بەربوونە گیانی خەڵك. وە لەپاڵ ئەوەشدا دامو دەزگا ئەمنیو مخابەراتییەكانی لەكوردستان هێندە فراوان كردبوو كە چاودێری هەموو جموجۆڵێكی تاكی كوردی دەكراو لەخوێندنەوەی رۆژنامەو لەقسە كردنیشدایان لەپەیوەندییەكانی خێزانەكانیشماندا چاودێری دەكراین هاوشانی ئەوەش كۆمەڵگای كوردی كرابووە كۆمەڵگایەكی (مستهلك) نەك وە بەرهێن (مستپمر)و تەنانەت ئەو یاسایەی كە ناوی لێنرا بوو یاسای ئۆتۆنۆمی بە ئارەزووی بەعس دانرابوو بەهۆی ئەو سیاسەتانەی خرانە روو یاسای ئۆتۆنۆمی

وەك مەرەكەبی سەر كاغەزی لێ بەسەر هاتبوو. بەمانای ئەوەی هیچ قانونێك لەسێبەری سیاسەتی لەو چەشنە بوونی نابێ. بەڵام لەدوای رووخانو دامەزرانی مجلس الحكم هەموو شتێ گۆڕا، پێش ئەوەی قانونی ئیدارەی دەوڵەت دەربچێ‌كورد نەك هەرەشەی لەسەر نەمابوو بەڵكو ناوچەكانی تریش كەئێستا نەخراونە سەر حكومەتی هەرێم لەو سیاسەتانە داماڵران وە پێش ئەوەی قانونەكە دەربچێ كورد لەبەشەداهاتی عیراق‌و لەپۆستە سیادی‌و خزمەتگوزاریەكان بەپێی (مبد التوافق) لەبەغدا رەگی داكوتا..

دەرچوونی یاسای بەڕێوەبردنی كاتی:

یاسای بەڕێوەبردنی كاتی كە لەلایەن ئەنجومەنی حوكمەوە دانرا، پێچەوانەی دەستورو یاساكانی جاران كە لەبەغدا دەردەچوو. كورد رۆڵی بنچینەیی گێڕا لەدانانیدا خودی یاساكەو لەسێبەری هەلومەرجێكدا دانرا كە شەرعیەتێكی نێودەوڵەتی پەیدا كرد چونكە هاوپەیمانان پشتگیریان لێ كردو هاوپەیمانانیش شەرعیەتی یاساییان هەیە لەعیراقدا كەوابێ هەموو ئەو مافانەی لەیاساكەدا بەدەست هاتوون، شەرعیەتی نێودەوڵەتیان هەیە .ئەمەش بۆ خۆی تەكانێكی یاسایی‌و وەرچەرخانێكی گەورە بوو لەبە نێودەوڵەتی كردنی مافە سیاسیەكانی نەتەوەی كورددا سەرەڕای كەم‌وكورییەكانی ئەو یاسایە بەڵام كۆی یاساكە لەمێژووی سیاسی كوردا كەم وێنەیە بە تایبەت كە هەلومەرجی نووسینەوەی یاساكە زەمەنێكی تازەی نێودەوڵەتی پەیدا بووەو چانسی ئەوەی داوە تێ نەك هەر راستەوخۆ بچێتە چوار چێوەی جێ بەجێ كردنەوە بەڵكو لێشی پاشەكەز نابێتەوەو هاندەرێكی كاریگەریشە بۆ ئەوەی كۆمەڵگای كوردی پتر خۆی بۆ دەستكەوتی گەورە لەدەستوری هەمیشەیی تاوبدات. چونكە ئەگەرچی رێگەی دانانی دەستوری هەمیشەیی كە كورد لەچاوەڕوانی ئەوە دایە باشترو رونتر



مافەكانی یەكلایی بكاتەوەو دەق بگرن، سەخت‌و دژوارە. بەڵام لەیاسای كاتیدا ئەو كۆتانە دانراون كە بێ رەزامەندی كورد لەبڕگەكان‌و دەقەكانی دەستوری هەمیشەییدا، دەستور (تصدیق) ناكرێ‌و نابێتە دەستوری هەمیشەیی .بە دیوێكی دیكەدا كۆبەندی دەستور رەزامەندی كۆی گشتی كوردی دەوێ، ئەوەش بەگرنتیەكی یاسایی لەناو دەستوری كاتیدا پارێزراوە .

## هەڵبژاردن:

سەرەنجام لەسێبەری دەستوری كاتی عیراقدا هەڵبژاردن ئەنجام درا دەرەنجامی هەڵبژاردنەكان جگە لەوەی چەند راستیەكی دەرخست كە كورد چەند پەرۆشی مومارەسەكردنی دیموكراسییەو گەلێكی دیموكراتخوازە، ئەوا هەڵبژاردنەكان سەنگی سیاسی‌و جەماوەریی‌و یاسایی گەلی كوردیان بە دەرخست چ لەرووی ژمارەی دەنگدەرانەوە چ لەرووی بەشداری دەنگدەراندا كە كورد بە رێژەیەكی یەكجار زۆرتر لەنەتەوەو پێكهاتەكانی تر بەشداری تێداكرد .

ئەم هەڵبژاردنانە چەند دەرەنجامێكی سیاسی‌و یاسایی لێ كەوتەوە كە زۆرجیاواز بوو لەهەڵبژاردنەكانی ساڵی1992 و وەرچەرخانی گەورەش بەدوی خۆیدا دێنێ كە دەكرێت لەم خاڵانەدا چڕ بكرێنەوە .

١- بۆ هەمووان ئاشكرا بوو كە دەنگی كورد زۆر زیاترە لەو ئامارانەی كە ناحەزانی كورد باسیان دەكردو قورسایی‌و ژمارەی دانیشتوانی كوردی، بە قەوارەیەكی گەورە پیشانی دنیادا.

٢- پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكان ئەگەر لەناوخۆو دەرەوەی عیراقدا پۆستەكانی وەزارەتی دەرەوەو جێگری پۆستە سیادیەكانی تریان پێ رەوا

نەدیتبایین ئەوا ئەم جارە کورد پۆستێکی بۆ خۆی دەستەبەر کرد کە لەهەموو پۆستە سیادیەکانی تر پتر گوزارشت لەسیادەی دەوڵەتێك دەکات .

٣ـ شوناسی دەوڵەتی عیراقی لەشوناسی عەرەبییەوە گۆڕی بۆ شوناسی کوردی ـ عەرەبی .

٤ـ ئێستا لەناوەندی دەسەڵات لەبەغدا کورد سەرۆکی عیراق‌و هەشت وەزیرو (77)ئەندامی پەرلەمانی هەیە کە بەبێ ئەمانە چارەنووسی عیراقی نوێ نانووسرێتەوەو هیچ پرۆژەیەکی دژە کوردی ناتوانێ دزە بکاتە ناو مێزە سیاسیەکانی بەغدا. بەمانایەکی دیکە قورسایی کورد، رێ دەگرێ لەهەر فێڵێکی سیاسی کە بویسترێ لەبەغدا بەرامبەر کورد بکرێ .

٥ـ کلتورێکی سیاسی دادێنی کە دیموکراسی بکرێتە نەریت لەعیراقداو نەك هەر شوناسی دەوڵەتی عیراق دەبێتە شوناسێکی دوانە بەڵکو هیچ حکومەت‌و دەزگایەکی سیادیش بێ رەزامەندی کورد لەبەغدا لەدایك نابێ واتە نە حکومەت‌و نەئەنجومەنی نیشتمانی‌و نەدامەزراوە قەزائییەکان بەبێ کورد دانامەزرێن.

٦ـ زەقترین‌و بایەخدارترین دەستکەوت پێش نووسینەوەی دەستورو دوای ئەو دەستکەوتانەی کە لەیاسایی کاتی داهاتوون، ئەو رێککەوتنە سیاسیەیە کە نوێنەرانی کورد لەگەڵ نوێنەرانی لیستی ئیئتیلافدا کردویانە وەك راستی‌یەکی کرنگ کەهەڵبژرادنەکان بەدەستیان هێناوە کە تیایدا پتر لە قانوونی ئیدارەی کاتی دەوڵەت کۆمەڵێك مەرج و کۆتی داناوە بۆ هەر هەوڵێك کەلەدواجار بویسترێت کورد لەمافەکانی بێ بەش بکات.

لەراستی دا نوێنەرانی کورد کارێکیان کردووە لەو رێکەوتنەدا کە تارادەیکی باش لەمڵملانێی ئایندەدا کە لەنووسینەوەی دەستوری هەمیشەیدا پەیدا دەبێت،



خۆیان لەخەم رەخساندووە وەهەموو ئەوانەی کەبۆ کورد چارەنووس سازن و لای بەرامبەرو ناخەزانی کورد بەهەرەشەی دەزانن، بنەمای یەکلا کەرەوەی بۆ دانراوە بەتایبەت بۆ مەسەلەی کەرکوك و مەسەلەی فیدرالیزم و چارەنووسی هێزی پێشمەرگە.

٧ـ بەرەسمی کردنی زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبی وەك زمانی رەسمی دەوڵەت ئەگەر لەدوای یاسای بەرێوەبردنی کاتیدا دەرفەتی جێ بەجێ کردنی نەرەخسابێت ئەوا ئەو قورسایەی هەڵبژاردنەکە بۆ کورد پەیدایان کرد، دەرفەتی ئەوە دەرەخسێنێ‌و عێراق وەك چۆن دەبێتە عێراقی دوو نەتەوە ئەوهاش دوو زمان دەبێتە زمانی رەسمی وڵات‌و هەموو ئەوانەی گوزارشت دەبن لەسیادەی عیراق بۆ کورد و عەرەب دابەش دەبن بەبێ ماوە!

### هەڕەشەکان:-

لەراستی دا ئەو هەڕەشانەی ئێستا لەسەر کوردستان هەن جیاوازن لەو هەڕەشانەی لەدوای هەڵبژاردنەکانی 1992 لەسەر کوردستان هەبوون. هەرەشەکانی ئێستا بۆسەر هەموو عیراقن‌و کاریگەرییەکانیشیان پێش ئەوەی بۆ سەر کورد هەبێت بۆ سەر نەتەوەی عەرەب هەیەتی.

لەوانە:

* مەسەلەی تیرۆرو دەمار گیری ئیسلامی: مەسەلەی تیرۆر جگە لەوەی کاریگەری بۆ سەر دەسەلاتی ناوەند هەیە و زۆر کەمتر بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەوا وێنەی عەرەبی سونەشی لەدنیادا ناشیرین کردووەو چارەنووسی بەرەوخراپی دەبا.

* ئەگەر چی تیرۆر لەناوچەی سونەکاندا زۆرە بەڵام تیرۆرلەدژی شیعە پەرەی پێ دەدرێ هەر بەتەنها لەبەرئەوە نییە کە لەدەسەڵاتدان بەڵکو ئاراستەیەکی ئەو کارە تیرۆریستیانە بۆ ئەوەیە کە دژایەتی تایفەی شیعەی پێ دەکرێت لەبەر هەردوو هۆی سیاسیو مەزهەبی.

* هەرەشەیەکی دیار ئەوەیە کەووڵاتانی دەوروبەر بەتایبەتی تورکیا لەسەر خەتن کاتێك دەستور دەنوسرێتەوە لەدەستوریشدا چەند برگەیەك بۆ چارەسەری مەسەلەی کەرکوك تەرخان دەبێت .ئەمەش پێویستی بەووریاییەکی زۆر هەیە.

## سەرەنجام:

پێش ئەوەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی شەرمی سیاسییان بشکێ لەبەرامبەر دۆستە کۆنە پارێزو نادیموکراسیەکانیاندا، و پێش ئەوەی رابگەیەنرێ کە دیموکراسی کۆڵەکەی بنچینەیی پێك دێنێ لەستراتیژی نوێی ئەمریکادا. کورد لەیەکەم چرکەساتی حوکم رانی خۆیدا تاو دەداتە پرۆسەی هەڵبژاردنو سەرەتاکانی بە دیموکراتیزە کردنی کۆمەڵگاکەی خۆی دادەرێژێ.

کاتێکیش، نەبوونی دیموکراسیو پاشکەوتویی ولاتانی عەرەبیو ئیسلامی لەسێبەری سیستمی تۆتالیتارو کۆنە پارێزیدا تیرۆری ئیسلامی بەرهەم دەهێنرێ عیراق دەبێتە خالی تاودانو وەرچەرخان بۆ پیادەکردنی ستراتیژی بە دیموکراتیزەکردنی ناوچەکە. لێرەوە کورد وەك رەگەزێکی کاریگەر لەگۆڕەپانەکەدا تێکەلی رەوتو دوراییەکانی شەپۆلی دیموکراتیزەکردن دەبێ.

بەمەش ئەو دیوارانە دەشکێن کە چارەنووسی سیاسی کوردستانیان لەناو قەفەسی مێژوودا دیل کردبوو، بەدیوێکی دیکەدا، کورد دەبێتە خاوەنی ئەو رەگەزانەی کە نەتەوەیەك لەسایەی دەوڵەتی خۆیدا بۆی دروست دەبن چونکە



لەدواجاردا بلانسی هاوولاتیبوون لەتەك نەتەوەی تردا بەدەست دێنێو پێکەوەش لەعیراقدا دەبنە فاکتەری بەهێز لەئاوسکردنی ناوچەکە بۆ لەدایك بوونو نەشونماکردنی کۆرپەلەی دیموکراسیو کرانەوەی گرێ گەورەکان لەناوچەکەدا. ئەمەش سەودایەکی نوێیە کە ئەو دەوڵەتانەی لەرابوردوودا دوور لەدیموکراسی حوکم رانیان دەکرد بەناچاری رووەو دیموکراسی وەردەچەرخێنو مل بۆ گۆڕانی نوێ کەچ دەکەن سەرۆکەکانیشیان تۆقەی نوێی سیاسی لەگەڵ ئەو سەرکردانەدا دەکەن کە بەهۆی دیموکراسییەوە پێناسەی سیادەی دەوڵەتانیان بە جۆرێکی تر دارشتۆتەوە.

**ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێ وەرگیراوە:**

١- سەرهەنگ حمید بەرزنجی - إنتخابات إقلیم کردستان العراق بین النظریە والتگبیق - دراستە مقارنە.

٢- فرید أسسرد- المسألە الکوردیە بعد قانوون إدارە الدولە العراقیە.

٣- بەکر صدیق چەمك و پرنسیپەکانی دیموکراسی.

٤- دەقی ریکەوتنی نێوان نوێنەرانی هاوپەیمانی نیشتمانی کوردستان و ئیئتیلافی عێراقی یەکگرتوو.

٥- ئاوات جەناب، بکر صدیق - کاریگەری بەجیهانی بوون لەسەر سەرداریتی دەوڵەتان.

[1] ص٢٨-٣٠ درب السلام الصعب/ هنرى كسنجر- ترجمة- د. على مقلد -الطبعة الثانية ١٩٩٤م-بيروت-لبنان- منشورات الدار العالمية للطباعة والنشر والتوزيع

[2] ص٢٩-٣٠ هەمان سەرچاوە

[3] ص٢٩-٣٠ هەمان سەرچاوە

[4] ص١٩٨ هەمان سەرچاوە

[5] ص٢٤ هەمان سەرچاوە

[6] ص٧-٨ الدول الكبرى بين الحربين العالميتين ١٩١٤-١٩٤٥ تاليف/ د. محمد محمد صالح- د. ياسين عبد الكريم- د. نورى السامرائى

[7] ص٩-١٠ هەمان سەرچاوە

[8] ص١١-٢٧ هەمان سەرچاوە

[9] ص١٠-١١ هەمان سەرچاوە

[10] ص١١-٢٧ هەمان سەرچاوە

[11] ص١٢٩-١٣٠ العلاقات الدولية ما بين ١٩١٤-١٩٤٥ (تطور الاحداث ما بين ١٩١٤-١٩٤٥ ) تاليف: د. ريض الصمد

[12] ص١٢٩ هەمان سەرچاوە

[13] ص١٣٠-١٣١ هەمان سەرچاوە

[14] ص١٣٠-١٣١ هەمان سەرچاوە

[15] ص١٦٦ العلاقات الدولية مابين ١٩١٤-١٩٤٥ (تطور الاحداث ما بين ١٩١٤-١٩٤٥ ) تاليف: د. ريض الصمد

[16] ص١٦٦ هەمان سەرچاوە

[17] ص٢٩٦ الدول الكبرى بين الحربين العالميتين ١٩١٤-١٩٤٥ تاليف/ د. محمد محمد صالح- د. ياسين عبد الكريم- د. نورى‌السامرائى

[18] ص٢٩٦-٢٩٧ هەمان سەرچاوە

[19] ص٢٩٦-٢٩٧ هەمان سەرچاوە

[20] ص٦٢ شۆڕشی كوردستان‌و گۆڕانكاريەكانی سەردەم/ حيكمەت محمد كەريم- مەلا بەختيار

[21] ص٧٤ هەمان سەرچاوە



[22] ص٨٧-٩٠ هەمان سەرچاوە

[23] ص٥٨ هەمان سەرچاوە

[24] ص٣٢٦-٣٢٧ الدول الكبرى بين الحربين العالميتين ١٩١٤-١٩٤٥ تاليف/ د. محمد محمد صالح- د. ياسين عبد الكريم- د. نورى السامرائى

[25] ص٣٢٧ هەمان سەرچاوە

[26] ٣٢٨-٣٢٩ هەمان سەرچاوە

[27] ص٣٢٩ هەمان سەرچاوە

[28] ص نهاية التاريخ / افرانسيس فۆكوياما- ترجمة وتعيلق/ د.حسين الشيخ- دار العلوم العربية- لبنان- بيروت- الطبعة الاولى ١٩٩٣

[29] ص هەمان سەرچاوە

[30] ص٣٠-٣٩ هەمان سەرچاوە

[31] ص١٠٧ هەمان سەرچاوە

[32] ص١٨ العولمة ليست الخيار الوحيد/ تاليف- منير الحمش- الطبعة الاولى ١٩٩٨

[33] ص١٩ هەمان سەرچاوە

[34] ص٢٠ هەمان سەرچاوە

[36] ص٤١ هەمان سەرچاوە

[35] ص٢٠ هەمان سەرچاوە

[37] ص٢٠-٢١ هەمان سەرچاوە

[38] ص٢١ هەمان سەرچاوە

[39] ص٢١ هەمان سەرچاوە

[40] ص٢٦ هەمان سەرچاوە

[41] ص١٦ نهاية التاريخ / افرانسيس فۆكوياما- ترجمة وتعليق — د. حسين الشيخ — دار العلوم العربية- لبنان- بيروت- الطبعة الاولى ١٩٩٣

[42] ص٢٧ العولمة ليست الخيار الوحيد/ تاليف: منير الحمش — الطبعة الاولى ١٩٩٨

[43] ص٤٤ الحرب الكردية وانشقاق ١٩٦٤ / تاليف: ديڤيد ادامسن جرجيسن فتح الله- الطبعة الثانية- اربيل ١٩٩٩

[44] العولمة ليست الخيار الوحيد/ تاليف: منير الحمش- الطبعة الاولى ١٩٩٨